شانۆنامەکەی هەکاری (مەمێ ئالان) لەدوو پەردە پێکدێت، کە چوار کاراکتەر بەشدارن لە کۆی ڕووداوەکان، بریتین لە: (مەمێ ئالان، لەوەند_هەڤالێ مەمۆ_خولامێ میر، دایکا مەمۆ_چاڤرەش، ژنا مەمۆ_غەزال)، ئەوەی کامۆ لە پێنج کەسایەتی کە بریتین لە: (مارتا، ماریا، دایکەکە، یان، کارەکەرە پیرەکە) واتە لە ڕووی کەسایەتیەکانیشەوە لە یەکترییەوە نزیکن،ئەگەر ئەوەی کامۆ تراژیدیایەکی کلاسیکی بێت، ئەوا ئەوەی هەکاری تراژیدیایەکی گشتگیری گشت سەردەمەکانە، چونکە (هەندێ وشە هەن دەبێ بوترێن تا هەڵەتێگەیشتن ڕوونەدات) ئەمە کرۆکی شانۆنامەکەی (کامۆ)یەو بۆ بەرهەمەکەی (هەکاری)ش بەهەمان شێوە، هەرچەندە بەرهەمەکەی هەکاری پێش کامۆ نووسراوە، بەڵام ئەوەی کامۆ فەلسەفە و کرۆکی ژیانی لەسەر بنیادنرا و بووە بابەتێکی جیهانی، کەچی ئەوەی هەکاری لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا مایەوە.

لە وەسفی ژوورەکەدا کە ژوورێکی کوردەوارییە و بە مافور و دۆشەک و سەرین ڕازاوەتەوە و چەکی مەمۆ بە دیوارەوە هەڵواسراوە، مەمۆ دوای ئەوەی میر ئەمری غەزای کردووە، دبێژە:

(ئەز مەمێ ئالانم، میرێ هەکاری ئەمر کریە،.....، قودسا شەریف موحافەزە دکەت) واتە ڕووداوی سەرەکی دەستپێکردنی شەڕە بۆ پاراستنی قودس، دەڵێ: (دایێ شیرێ خوە ل من حەلال بکە،دژمنان سەر ل مە راکری یە،هاتنە قودسێ ژ ئیسلامێ بستینن،ئو میر ئەمر کریە

غەزایە،دێ بچنە غەزایێ،مادەم ئەز ژی کوردم ئۆ ئەز ژ ئالانم،باب و باپیرێت من دڤێ رێ دا چونە،ئەز ژی د ڤێ رێ دا بچم)مەمۆ بە پێویستی دەزانێت بەشداری غەزاکە بکات،ژنەکەی پێی دەڵێ: هەموو کات خزمەتی دایکت دەکەم،بە فرمێسک ڕشتنەوە پێی دەڵێ:

(ئەز دێ چاوا تە بدەم دەستێ فەلەکێ،دێ چاوا ژ تە دوور بم)،ئینجا بە شیعر گفتوگۆیەک لە نێوان مەمۆ و غەزال دروست دەبێت،بەمشێوەیە:

**مەمۆ:**

**ئیرۆ هەفتە داوەت کری**
**غەزایێ ئەز ژ تە کری**
**ئەز دچمە بەر کافری**
**غەزالا من، دەلالا من،بەس بگری**

**غەزال:**

**مەمۆ ئیرۆ بوو عەسکەرە**
**ئەڤینیا مە بوو کەسەرە**
**تو من ببە دگەل خوە،هەرە**
**یان بکوژە،یان بکوژ پاشێ هەرە**

**مەمۆ:**

**تو بەس ڕوهنکان ببارینە**
**ئیرۆ دژمن مە کینە**
**وەستانا من لائق نینە**
**غەزالا من، دەلالا من، بەس بگری**......(شانۆنامەی مەمێ ئالان)

دوای ئەوەی هەڵەتێگەیشتنەکە دروست دەبێت، دایکی مەمۆ ی هەر بە چەکەکەی مەمۆی ،مەمۆی دەکوژی،غەزال و چاقڕەشی دایکی مەمۆی بەیەکەوە دبێژن:

**هەرێ مەمۆ،مەمێ ئەباسی،ئەباسی**
**بریندارۆ مەمۆ ،دایێ کۆر بت، نەناسی** (کۆتایی شانۆنامەکەی هەکاری)

پیربال پێیوایە (عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری شانۆنامە نووسەکە دیارە تێکستەکەی ئەلبێرت کامۆی نەدیوە،چونکە پێش ئەلبێرت کامۆ بە نزیکەی بیست و پێنج ساڵ بەرهەمەکەی خۆی نووسیوە،بە هەمان شێوەش ئەلبێرت کامۆ شانۆنامە کوردییەکەی ئەوی نەخوێندۆتەوە،چونکە دیارە کە کوردیی نەزانیوە، ئەی بۆچی لەیەکدەچن) (فەرهاد پیربال،٢٠٠٢: ١٥١_١٥٢)، بێگومان پرسیارێکی ڕەوا و بە جێیە،دەشێ بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە (ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە ڕیشەیەکی

هەوراتماوەی کتێب

فۆلکلۆریی هەبێت و لە ناو زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەبێت) (مستەفا نەریمان،١٩٨٥: ٢٠٦_٢٠٧)، کە د.فەرهاد پیربباڵ بەراووردێکی وردی لە نێوان ئەم دوو دەقە کردووە و لەو کتێبەی کە تایبەتی کردووە بە (عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری_ تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردی دا)لە ٢٠٠٢ دا بڵاویکردۆتەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەلێکجار ڕێکەوت و نزیکی بیرکردنەوەی نەتەوە جیاوازەکان و دروستبونی کێشە و بەسەرهاتە کاریگەرەکان گێڕانەوەی هاوشێوە دروست دەکەن،بە بێ ئەوەی ئاگاداری مەینەتەکانی یەکتری بن، شاکارەکان و بەراووردکردنیان بە مەبەستی دۆزینەوەی هێڵە سەرەکیەکانی ڕوداوەکان و چۆنیەتی خستنەڕوویان سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە هەڵەتێگەیشتن پەیوەستە بە مرۆڤەوە لە هەرکوێ و لە هەر کات و سەردەمێکدا بێت،هەندێکجار هاوشێوە دەبن و هەندێکجاری دیکەش جیاواز،بەڵام ئەوەی کۆیاندەکاتەوە خودی بیرۆکەی (هەڵەتێگەیشتن) ەکەیە، ئەمە و لە کاتێکدا ڕەگ و ڕیشەی ئەم بابەتە لە نێو فۆلکلۆریشدا بەدیدەکرێت.

### ئەنجامەکان

لە ئاکامی پشکنینی وردەکارییەکانی گێڕانەوەی (مەمێ ئالان)لە نێو فۆلکلۆر و شانۆنامەکەی هەکاری و کارکردن لەسەر شانۆنامەی (هەڵەتێگەیشتن) ی (کامۆ)،گەیشتینە چەندین ئەنجامی هەمەجۆر،وەک:

- فۆلکلۆری کوردی بەشدارییەکی چالاکی پاراستنی گێڕانەوە هەمەجۆرەکانی بیرکردنەوەی میللی کردووە، کە (مەمێ ئالان) یەکێکە لە گێڕانەوە کاریگەرەکان لە ڕێگەی گۆرانی فۆلکلۆری خاوەن ڕیتمی غەمگین شوێنەوارێکی فراوانی جێهێشتووە و جۆرێکیش لە زیندووێتی بە بابەتەکە بەخشیوە،بە تایبەتی کە هەڵەتێگەیشتن بابەتێکە نە بە کات و نە بە شوێنێکی دیاریکراو نەبەستراوەتەوە،دەشێ لە هەموو زەمان و شوێنێکی ئەو ڕووبەرانەی مرۆڤی تێدا دەژیێت،هەبن و بەردەوام

بـن.

هـەکاری بـە هـۆی نووسـینی شـانۆنامەی (مەمـێ ئـالان) تۆمارێکـی زینـدووی هـەم بـۆ بابەتـی شـانۆنامەکە و هـەم بـۆ خـودی شـانۆنامە لەچوارچێـوەی ئەدەبیاتـی کوردیـدا لـە نێـو ڕووپـەڕی مێـژووی ئەدەبیاتـی کوردیـدا نووسـیوەتەوە.

- ئەگـەر ئـەم شـانۆنامەیە ببێتـە جێگـەی گومـان و بـەراورد بکرێـت بـە بەرهەمـی بێگانـە ،ئـەوا هیـچ بەڵگەیـەک بـۆ ئـەم کارە بەراوردییـە و وردەکارییەکانـی لـە ئـارادا نییـە کـە هەکاری سـوودی لێوەرگرتبێت و بووبێتە مایـەی نووسـینی ئـەم شانۆنامەیە،جگە لـە بوونـی بیرکردنـەوەی هاوشـێوە لـە ئاکامـی ڕووداو و کارەسـاتی هاوشـێوە لـە نێـو کۆمەڵـگا مرۆییەکاندا،کـە لـە ئاکامـدا بەرهەمـی نزیـک لەیـەک دێنێتـە بەرهـەم و شـاکار و داهێنـان سـەرهەڵدەدەن.

- هـەکاری هەمـوو بنەمـا و ڕێسـا تایبەتەکانـی هونـەری شـانۆنامەی لـە (مەمـێ ئـالان)دا جێبەجێکردووە،هەر لە هێنانـەوەی کەسـایەتییەکان و گفتوگۆ و گرنگیـدان بـە کات و شـوێن و زمـان و هەمـوو وردەکارییەکانـی شـانۆنامەکە، ئەمـەو لـە کاتێکـدا بەرهەمەکـەی بـە زمانـی شـیعر و پەخشـان نووسـیوەتەوە و بەمـەش گوڕوتینێکـی زیاتـری بـە بەرهەمەکـەی بەخشـیوە.

- بـەراووردی شـانۆنامەکەی هـەکاری و کامـۆ لـە زۆر ڕووەوە پەیوەسـتن بـە یەکەوە،بـە تایبەتـی کەسـایەتی دایکەکـە کـە هێنـدە لـە نێـو تاریکایـی خـودی خۆیـدا ژیاوە،تـا لـە نێـو ڕق و کینەیەکـی زۆرەوە خنـکاوە و دووچاری ئـەم چارەنووسـەیان دەکەن،هێنانـەوەی دایـک و خسـتنەپاڵی هەڵەتێگەیشـتنەکە خـۆی لـە خۆیـدا بابەتەکـە چـڕ و سەرسـوڕهێنەرتر دەکات.

**سەرچاوەکان**

- البیـر کامو (٢٠٢٢)،سـوء تفاهـم، ترجمـة: مصطفی جمـال، مصـر.
- البیـر کامي (١٩٦٦)،سـوء التفاهم،ترجمـة و تقدیم:د.سـامیة احمـد اسـعد،الدار القومیـة للطباعـة و النشـر،وزارة الثقافة،مصـر.
- تاهیر ئەحمەد حەوێزی (١٩٩٩)،شانۆگەری لە کوردسـتاندا،گ ڕامان،ژ٢٧،هەولێر.
- جەوهـەر کرمانج (١٩٧٩)،یـادی وڵاتـی بەفـر و ئاگـر ،گ نووسـەری نـوێ،ژ٤

هەواڵنامەی کتێب

،چاپخانــەی الحوادث،بەغـدا.

- فەرهــاد پیربــاڵ (١٩٩٣)، پێشــەکیەک بــۆ ســەرهەڵدانی شــانۆنامە لــە ئەدەبیاتــی کوردیدا،گۆڤــاری هیوا،ژمــارە ٨،پاریــس.

- فەرهــاد پیربــاڵ (١٩٩٨)،ع. ڕەحمــی هــەکاری، ئــەو نوســەرە نوێخــوازەی کــە بــۆ یەکەمینجــار شــانۆنامەی هێنایــە نــاو ئەدەبیاتــی کوردییــەوە، لاپــەڕەی ئــەدەب و هونــەری برایەتــی، ژمارە٧١،هەولێــر.

- فەرهــاد پیربــاڵ (٢٠٠٢)، عەبدولڕەحیــم ڕەحمــی هــەکاری- تازەکردنــەوەی شــیعری کــوردی و داهێنانــی شــانۆنامە لــە ئەدەبیاتــی کــوردی دا،دەزگای ســپیرێز، چاپخانــەی وەزارەتــی پەروەردە،هەولێــر.

- محمد بکر تیمور (١٩٨٦)،دراما و ڕەخنە، گۆڤاری کاروان،ژمارە ٤١،س٤،هەولێر.

- مســتەفا نەریمــان (١٩٨٥)، لەبــارەی مێــژوی شــانۆی کــوردی، گۆڤــاری بەیــان، ژمارە ١٠٨،هەولێــر.

- مەحمــود زامــدار (١٩٨٣)، کۆنتریــن پیەســێکی کوردی_مەمــێ ئــالان، ڕۆژنامــەی العراق،ژمارە ٢١٧٣،بەغـدا.

- هیمداد حوسێن بکر (١٩٩٧)، بە کورتی مێــژوی شــانۆی کوردی_قۆناغــی یەکــەم (١٩١٩_١٩٣٩)، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی، ژ٢،بەرگــی یەکەم،هەولێــر.

-ئیبراهیــم فەرشــی (٢٠٠٠)، کورتەباســێکی ڕێوشــوێنی شــانۆ لــە کۆنــداو شــانۆ لــە کوردســتاندا،گ ڕامــان، ژ٤٤،هەولێــر.

jin, W.:(١٩٨٥) M.E.BOZARSLAN_
. Deng.upsala
Adgar_
Epistemologie de la, (٢٠٠٥) Moran
complexite in introduction a la
.pense complexe.educdu.seuil
lort, (١٩٩١) Michel Onfray_
de jouir, pour un materialism
.hedoniste, Grasset

# هێرمینۆتیکا (Hermeneutics)
# لە ئایین و فەلسەفەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی

(١ - ٢)



هەواڵنامەی کتێب

پ. ی. د. ڕێبین خەلیل قادر

*** زاراوە و چەمک و پێناسەی هێرمینۆتیکا:**

بنچینە و ئەسڵی زاراوەی هێرمینۆتیکا بۆ زمانی کۆنی یۆنانی دەگەرێتەوە ((بنچینەی وشەکە بۆ وشەی یۆنانی Hermeneuein دەگەڕێتەوە کە کارە و بەواتای (ڕاڤەی دەکات) دێت، ئەگەرچی هەروەک پسپۆڕەکان دەڵێن بەکارهێنانەکانی ئاماژە بە سێ ئاراستە دەکەن بۆ ئەو واتایە: یەکەمیان ڕاڤەکردنی شیعر بەشێوەی زارەکی (پاشان واتاکەی نزیک دەبێتەوە لە دەربڕینto express)، دووەمیان بریتییە لە شەرحکردن (شرۆڤەکردن) یان ڕوونکردنەوە to explain، و سێیەمیش بریتییە لە وەرگێڕان to translate؛

هەتــا ئێستاشــی لەگەڵــدا بێــت واتــای وەرگێڕان لــە وشــەی interpret دایــە، ئەگەرچیــش بەواتــای وەرگێڕانــی خێــرا دێــت، واتــا وەرگێڕانــی قســە لەوکاتــەوەی کــە دەوترێــت)) (محمــد عنانــی، ، ١١٢). یەکــەم کتێــب کــە ئــەو زاراوەیــەی تێــدا بەکارهاتبێــت، بریتییــە لــە (گفتوگۆکانــی ئەفلاتــون)، لــەو گفتوگۆیانــەدا (ئەفلاتــون) نــاوی لــە شــاعیران نــاوە (Hermeneston theon) واتــە ڕاڤەکــەر یــان وەرگێــڕی خواوەنــد، دواتــر زاراوەکــە لەلایــەن (زینۆفــۆن Xenophon) و (ئەرســتۆ Aristotle)ەوە بەکارهاتــووە. بــەڵام ئــەوەی گرنــگ بێــت، بریتییــە لــە بەکارهێنانــی لــە ئینجیــل یــان قســەکردن لەســەری، زۆرجــار لەســەر بەرگــی ئــەم جــۆرە کتێبانــە نووســراوە Hermeneia. وشــەکە پێوەنــدی بــە Hermes ەوە هەیــە، کــە لــە ئەدەبــی ئەوروپیــدا بــە پەیامهێنــی خواوەنــد ناســراوە، بــەڵام دەوترێت کــە خواوەنــدی پەراوێــز بــووە (عنانــی، ؟ ، ١١٣). ئاشــکرایە کــە لــە ئەفسانەکانی یۆنانــی کۆنــدا هاتــووە کــە (هێرمــس) پەیامهێــن یــان ڕاڤەکــەر یان لێکدەرەوە بــووە و گوایــە پەیامــی خواوەندەکانــی بــۆ مــرۆڤ لێکداوەتــەوە و ڕاڤــەی کــردووە.

بنچینــە و چەمکــی هێرمینۆتیــکاش کە وەک هونــەر و زانســتێکی لێکدانــەوە و ڕاڤەکــردن بــۆ دەقێــک کــە تەمومــژی و ناڕوونــی تێــدا بێــت بەکارهاتــووە، هــەر لــەو ئەرکــەوە هاتــووە، کــە گوایــە (هێرمــس) پێــی هەســتاوە کــە بریتییــە لــە ڕاڤەکــردن و لێکدانــەوە و شــرۆڤەکردنی پەیامــەکان (کــە زۆرجــار تەمومــژ و لێــڵ و نــاڕوون بــوون)، بۆئــەوەی تێگەیشــتن لای مــرۆڤ بێتــە دێ. چەمکــی هێرمینۆتیــکا چەندیــن چەمکــی تــری فەرعــی یــان لاوەکــی دەگرێتــەوە کە ( (ئامــاژەن بــۆ چەشــنە جیــاوازەکان لــە پرۆســە هێرمینۆتیکییــە پراکتیککــراوەکان لەســەر دەقــدا؛ وەک تێگەیشــتن (الفهــم) و ڕاڤەکــردن (التفســیر) و شــرۆڤەکردن (الشــرح) و لێکدانــەوە (التاویــل) و وەرگێــران (الترجمــە) و پراکتیــک (التطبیق) و ... هتــد. ئــەم پرۆســە هێرمینۆتیکییانــەش هەندێــک جــار لــە یەکتــر جیــاواز و جــودان و هەندێــک جاریــش وەک یــەک و هاوشــێوەن و هەندێــک

جاریش بەناویەکداچوو و تەوەکەری یەکترن)) (شرفي، ٢٠٠٧، ١٨).

هێرمینۆتیکا لە سەرەتای پەرەسەندنیەوە ژینگەیەکی دیار و لەباری نەبووە و وەکو میتۆدەکانی تر نیە کە ژینگە و دەوروبەرێکی تایبەت بەخۆی هەبێت هێرمینۆتیکا بە درێژایی مێژووەکەی ژینگەیەکی تایبەت بەخۆی نییە بەڵکو بەدوای واتا و تێگەیشتن لە واتاوە بووە. لە سەرەتادا بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی کتێبە ئایینیەکان بەکارهاتووە، جگە لەمەش بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی خەون و دەربڕینەکان بەکارهاتووە. هێرمینۆتیکا جگە لەوە واتای تریشی هەیە، بۆ نموونە ((دەرخستن و ئاشکراکردنی تەم و مژی یان شاراوە یان دوارۆژ یان هەواڵدان /oracle prophecy لە واتا ڕەسەنەکانی ئەم وشەیەن، کۆنەکان هانایان بۆ ڕاڤەکردن بردووە بۆ زانینی واتای خەونەکان (لێکدانەوەی فەرموودەکان) واتا گوزارشتکردن لە خەون)) (). بەگشتی چەمکی ئەم زاراوەیە بریتییە لە زانست یان هونەرەکانی تەئویل و لێکدانەوە، بۆ دۆزینەوەی واتا نادیار و شاراوەکان و ڕوونکردنەوەی تەم و مژییەکان، کە دواتر ئەم پرۆسەی تێپەڕاند و لە لایەن هەریەکە لە (شلایرماخەر و دێلتای)یەوە پەیوەستکرا بە مەسەلەی (پرۆسەی تێگەیشتن) وە لە میانی ئەو یاسا و ڕێسا و پێوەرانەی کە تێگەیشتن لە دەق دەستەبەر دەکەن ((واتای وردی ئەم وشەیە بریتییە لە هونەری ڕاڤەکردنی دەقەکان Interpretation (واتە دیاریکردنی واتاکانی) بەتایبەت لەمیانی کۆمەڵێک یاسا rules و هونەرە تەکنیکییەکان techniques، وەکو یاسا سینتاکسییەکان و بنەما بونیادییە ڕەوانبێژییەکانی تایبەت بە هەر زمانێک، لە پاڵ بوونی تیۆری ئەدەبی یان یاسایی یان ئایینی کە تەحەککوم بە ڕێڕەوی ڕاڤەکردنەکە دەکات)) (عناني، ٢٠٠٣، ١١٢)، کەوایە لێکدانەوەی واتاکانیش کردەیەکی هەرەمەکی و بێ پلان نییە، بگرە ئەمە لەژێر باری دەستور و یاسا و تەکنیکە ئەدەبی و زمانییەکان ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی کردەی تێگەیشتن بێتە دی. لە

چوارچێـوەی توێژینـەوە لاهوتییەکانـدا، (هێرمینۆتیـکا) ((ئامازەیـە بـۆ کۆمەڵێـک یاسـا و پێـوەر کـە پێویسـتە ڕاڤـەکار بـۆ تێگەیشـتنی دەقـی ئایینـی (کتێبـی پیـرۆز) پێڕەویـان بـکات)) (ابو زیـد، ٢٠٠٥، ١٣). کـردەی لێکدانەوەکـە لەسـەر بنەمـای کۆمەڵێـک یاسـا و ڕێسـا و پێـوەر و بنەمـادا ئەنجـام دەدرا، بەمـەش لێکـدەرەوە وەک وەرگـر و خوێنەرێکـی ئـەم کتێبانـە لەڕێـی ئـەم یاسـا و میکانیـزم و پێوەرانـەوە واتـای کتێبـە ئاینییەکانـی لێکدەدایـەوە و ڕاڤـەی دەکـرد. دواتـر چەمکـی زاراوەکـە فراوانتـر بـوو و لـە چوارچێـوەی لاهوتـدا نەمایـەوە و پەڕییـەوە بـۆ نێـو زانسـتەکانی تـر، کـە یەکێـک لەوانـەش ڕەخنـەی ئەدەبـی بـوو. کـە ئێسـتا هێرمینۆتیـکا وەکـو میتۆدێـک یـان وەکـو سـتراتیژییەتێکی لێکدانـەوە و دۆزینـەوەی واتـای شـاراوەی دەقـی ئەدەبـی مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکرێـت و بـە میتۆدێکـی پـاش بونیادگـەری هەژمـار دەکرێـت، کـە یەکێـک لـە ئەرکـە سـەرەکییەکانی بریتییـە لـە گـەڕان بـەدوای واتـای دەق. بەتایبەتیـش واتـای شـاراوە و نەگوتـراوی دەق و لابردنـی تەمومـژی و لێڵییـەکان لـە زمانـی دەقـدا، بـۆ ئـەوەی خوێنـەر بـە ئاسـانی لێـی تێبـگات.

هێرمینۆتیـکا بریتییـە لـە هونـەری توێژینـەوە و لێکدانـەوە و ڕاڤـەکـردن و تێگەیشـتنی دەق، جـا ئـەو دەقـە لـە هـەر گوتارێکـی جیـاوازدا بێـت. ئامانجی سـەرەکی وەرگـر بریتییـە لـە تێگەیشـتن لـە دەق، هێرمینۆتیـکاش بایـەخ بـە تێگەیشـتن لای وەرگـر دەدات و چەقـی کارەکانـی لەسـەر تیـۆری تێگەیشـتندا چـڕ دەکاتـەوە، بۆئـەوەی خوێنـەر لـە تێگەیشـتنی لـە دەقـدا ئاسـتەنگی بـۆ درووسـت نەبێـت و لـە هـەر کوێیەکـی دەقـدا تەگـەرە لەبـەردەم تێگەیشـتندا بێتـە پێششـەوە، هێرمینۆتیـکا لەوێـوە پرۆسـەی لێکدانەوەکانـی خـۆی دەسـت پێـدەکات.

*** جیـاوازی نێـوان (ڕاڤـەکـردن و لێکدانـەوە) (التفسـیر والتاویـل):**

لێـرەدا تێبینـی دوو زاراوە دەکەیـن کـە لەنێـو تەئویلـی ئیسـلامی و هێرمینۆتیـکای ڕۆژئاوایـی و ڕەخنـەی پـاش بونیادگەریـدا زۆر دووبـارە دەبنـەوە و دەکرێـت بڵێیـن بـە دوو سـیما و ئـەدگاری ناسـراوی ڕەخنـەی

پاش بونیادگەری دادەنرێن، کە لەنێو ڕەخنەی نوێدا بوار بۆ هەردوو زاراوەکە زۆر کەمە و دەکرێت بڵێین ڕەخنەی نوێ و ڕەخنەی فۆرمالیزمی (ڕەخنەی نوێ، فۆرمالیزمی ڕووسی و بونیادگەری فۆرمالیزمی و شێوازگەری زمانەوانی) کە ڕەخنەیەکی وەسفین و زیاتر لە هەوڵی ئەوەدان کە چەمکی (چۆن وتن) لە دەقدا ڕوون بکەنەوە، لەسەر بنەمای ئەدەبییەت و لادانی ڕێزمانی و لادانی واتایی و هەڵبژاردن و پارادۆکس و گرژی و ئایرۆنی و لێکچواندن و خواستن و هاوسەنگی و دژیەکی و هاوسێیەتی و هاوبەرامبەری و پێچەوانەیی و ڕیتم و ... هتد، هەوڵی دوورەپەرێزی لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوە دەدەن.

زاراوەکان بریتین لە (ڕاڤەکردن – التفسیر – Interpretation) و (لێکدانەوە – التاویل – Hermeneutics)، ئەگەرچی لای هەندێک ئەم دوو زاراوەیە بە هاوواتای یەکتر دانراون، لەبەرئەوەی هەردوو زاراوەکە لە ئەرکی دۆزینەوە و خستنەڕوو و ڕوونکردنەوە و پیشاندان و گوزارشتکردن و دەربڕین و شرۆڤەکردنی واتادا هاوبەشن و لە یەکترییەوە نزیکن، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕووی چەمک و ئەرک و ئامانج و میکانیزم و ڕێکاری و تەکنیکەکانی پیشاندان و ڕوونکردنەوەی واتا جیاوازن، بۆیە پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەم دوو زاراوەیەدا. (الشریف الجرجاني) لە کتێبی (التعریفات)دا جیاوازی لەنێوان ئەو زاراوەیەدا کردووە و دەڵێت: لێکدانەوە (التاویل) بریتییە لە لادانی ئایەتەکە لە واتا ڕووکەش و دەرەکییەکەی بۆ واتایەکی شیمانەکراو، ئەگەر ئەو واتا شیمانەکراوە لەگەڵ قورئان و فەرموودەدا یەک بگرێتەوە و لەگەڵیاندا بگونجێت (الجرجاني، ١٩٨٥، ٥٢). ڕاڤەکردن (التفسیر)یش لە بنچینەدا لە بریتییە لە دۆزینەوە و دەرخستن، و لە شەرعیشدا بریتییە لە ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەست و چیرۆکی ئایەتەکە و هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە، بە گوتەیەک کە ئاماژەی بۆ بکات بە دەلالەتێکی ئاشکرا (الجرجاني، ١٩٨٥، ٦٥). بۆ نموونە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ((يُخْرِجُ الْحَيَّ


مِـنَ الْمَيِّـتِ وَيُخْـرِجُ الْمَيِّـتَ مِـنَ الْحَـيِّ (یونـس:٣١)))، ئەگـەر مەبەسـت لێـی دەرهێنانـی باڵنـدە بێـت، کـە زینـدووە لـە هێلکـە کـە مـردووە، ئەمەیـان (ڕاڤەکـردن — التفسـیر)ە، بـەڵام ئەگـەر مەبەسـتی دەرهێنانـی بـڕوادار بێـت لەنێـو کافـردا، یـان دەرهێنانـی زانـا بێـت لەنێـو نەزانـدا، ئەمەیـان (لێکدانـەوە — التاویـل)ە (الجرجانـي، التعریفـات، ١٩٨٥، ٥٢)، واتـە هـەر پڕۆسـەیەکی گـەڕان بـەدوای واتـا لـە دەقـدا ئەگـەر گەڕانەکـە تەنیـا هەوڵـدان بـوو بـۆ گەیشـتن بـە واتـای دیـار و ڕووکـەش بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ واتـا شـاراوەکەی دەقەکـە، ئـەوا پڕۆسـەیەکی ڕاڤەکارییـە. ئەگـەر مەبەسـت لـە گەڕانەکـە هەوڵـدان بـوو بـۆ دۆزینـەوەی واتـای شـاراوە و نەگوتـراو، ئـەوا پڕۆسـەیەکی لێکدانەوەییـە. (نصـر حامـد ابـو زیـد) لەبـارەی (ڕاڤەکـردن و لێکدانـەوە یـان هێرمینۆتیـک) دەڵێـت: هێرمینۆتیـکا جیـاوازی لەگـەڵ ڕاڤەکردنـدا هەیـە کـە زاراوەی Exegesis ئامـاژەی بـۆ دەکات، لەبەرئـەوەی ڕاڤەکـردن ئاماژەیـە بـۆ خـودی ڕاڤەکردنەکـە لـە وردەکارییـە پراکتیکییەکەیـدا، کەچـی زاراوەی هێرمینۆتیـکا ئاماژەیـە بـۆ (تیـۆری ڕاڤەکـردن) (ابـو زیـد، ٢٠٠٥، ١٣).

زاراوەی (ڕاڤەکـردن — التفسـیر) لـە زمانـی عەرەبیـدا لـەڕووی زمانییـەوە، بەمانـای (ئاشـکراکردن و ڕوونکردنەوەی شـتێک، دەرخسـتنی واتـای گونجـاو، ئاشـکراکردنی مەبەسـت لـە واژەکانـەوە) دێـت، تەفسـیرکردنی قسـە بریتییـە لـە: ڕوونکردنـەوەی واتاکـەی، و دەرخسـتن و ڕوونکردنـەوەی، و لابردنـی ئاریشـەکانی، و ئاشـکراکردن و دۆزینـەوەی مەبەسـتەکەی. یـان بریتییـە لـە پرۆسـەی پرسـیارکردن و ئاشکراکردن و ڕوونکردنـەوە و دەربڕینی شـتێک بـە واژە و دەربڕینـی ئاسـان و سـاکار وەک لـە واژە و دەربڕینـە بنەڕەتییەکانـی نێـو دەقەکـە. یـان (تەفسـیر) ئەوەیـە کـە لـە گوتنـدا پۆشـین و شـاراوەیەک هەیـە و لەڕێـی ڕاڤەکردنەوە ئەو پۆشـین و شـاراوەییەی نامێنێـت. کەواتـە واتـا بنەڕەتییەکانـی (تەفسـیر) بریتیـن لـە: (ڕوونکردنـەوە، دۆزینـەوە، ئاشـکراکردن، دەرخسـتن). لـەڕووی زاراوەوە و ناسـاندنەوە تەفسـیر

بە واتای جۆراوجۆر پێناسە کراوە، لەلایەکەوە وەک ڕاڤەکردنی قورئان و زانستی دابەزینی ئایەتەکان و چیرۆک و هۆکاری هاتنەخوارەوەیان و دیاریکردنی ئایەتە مەککی و مەدەنییەکان و ئایەتە موحکەم و موتەشابیهەکان و ئایەتە گشتی و تایبەتییەکان و حەڵاڵ و حەرامەکانی و ... هتد هاتووە. یان زانستێکە چۆنێتی خوێندنەوەی وشەکانی قورئان و ڕوونکردنەوەی مەدلولی واژە قورئانییەکان و ئەحکامەکانی و ... هتد ڕوون دەکاتەوە، بەومانایەی زانستێکە لە ئاستی توانای مرۆڤدا مەبەستەکانی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ڕوون دەکاتەوە.

هەرچی زاراوەی لێکدانەوە (التاويل)ە لە زمانی عەرەبیدا بەمانای (گەڕایەوە، گەڕاندییەوە، دەگەڕێنێتەوە، گەڕانەوە بۆ بنچینە، گەڕانەوەی شتێک بۆ ئەو ئامانجەی مەبەستیەتی جا (زانین بێت یان کردار بێت)، کۆتایی، ئەنجام یان ئاکام، چاکسازی و ... هتد) دێت (ابن منظور، د.س.ط.، ٣٢٠). لەڕووی زاراوەییەوە بە چەندین شێوە پێناسە کراوە، بۆ نموونە ئیمامی (ئیبنو تەیمیە) لە پێناسەی تەئویلدا دەڵێت: تەئویل لە لای پێشینەکان دوو واتای هەیە: یەکێکیان بریتییە لە ڕاڤەکردنی ئاخاوتن و ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی واتاکەی یان مەبەستەکەی، جا ئەو واتایەش لەگەڵ واتا ڕووکەش و دیارەکەی گونجاو بێت یان دژی بێت. لێرەدا تەفسیر و تەئویل لای ئەمانە هاوواتای یەکترین. دووەم واتای تەئویل لای پێشینەکان بریتییە لە هەمان مەبەست بە ئاخاوتن، بۆ نموونە ئەگەر گوتنەکە داوایەک بوو، ئەوا تەئویلەکەی بریتییە لە هەمان کرداری داواکراو، ئەگەر گوتنەکە هەواڵ بوو، ئەوا تەئویلەکەی بریتییە لە هەمان شتی هەواڵ پێدراو. ئەم دوو واتایە بەوە لێک دەدرێتەوە، کە ئەگەر مەبەست واتای ڕووکەش یان دیاری گوتنەکە بێت ئەوا لێرەدا مەبەست لە تەئویلەکە تەفسیرە، بەڵام ئەگەر مەبەست پێی بەدیهێنانی بێت لە جیهانی واقیعدا وەک هەواڵ، یان بەدیهێنانی بێت وەک داوا، ئەوکات

ئـەوە مەبەسـتەکەیەتی و ئەمـەش تەفسـیر نییـە. بەومانایـەی ئەگـەر واتـای ڕووکـەش و دیـار تێپەڕێنیـن و بـەرەو واتـای نادیـار هەنـگاو بنێیـن، ئـەوا مەبەسـت لـە گوتنەکـە واتـا نادیارەکەیـە، ئەمەیـان تەئویلـە نـەک تەفسیر بـە ڕای پاشینەکان (الخالدي، ١٩٩٦، ٢٣-٢٤).




لـە کولتـور و ڕۆشـنبیری کۆنـی عەرەبـی و ئیسـلامیدا زاراوەی (تەئویـل _ التاویـل) بوونـی هەبـووە و بەکارهاتـووە، بەتایبـەت لەسـەر ئاسـتی ڕاڤەکردنـی قورئانـی پیـرۆزدا. لـە قورئانـی پیـرۆزدا لـە (١٧) شـوێندا زاراوەی (تەئویـل) بەکارهاتـووە، وەک لـە سـورەتەکانی (النسـاء و یونـس و الإسـراء و ال عمـران و الکهـف و الأعـراف و یوسـف)دا. لـە قورئانـی پیـرۆزدا مەبەسـت لـە (تاویـل) بریتـی بـووە لـە دۆزینـەوەی واتـا، بـەڵام واتایەکـی ڕووکـەش و دیـار و ئاشـکرا نـا، بەڵکـو واتایـەک کـە شـاراوە و نادیـار بێـت و وەرگـر بـە ئاسـانی لێـی تێنـەگات، ئەمـە بەتایبەتـی لـەو ئایەتانـەی کـە لێکدانـەوەی جۆراوجـۆر هەڵدەگـرن، ئەوەتـا خـوای گـەورە لـە سـورەتی (ال عمـران) لـە ئایەتـی (٧)دا باسـی دوو جـۆرە ئایـەت لـە قورئانـدا دەکات و دەفەرموێـت: ((هُـوَ الَّـذِي أَنْـزَلَ عَلَيْـكَ الْكِتَـابَ مِنْـهُ آيَـاتٌ مُحْكَمَـاتٌ هُـنَّ أُمُّ الْكِتَـابِ وَأُخَـرُ مُتَشَـابِهَاتٌ فَأَمَّـا الَّذِيـنَ فِـي قُلُوبِهِـمْ زَيْـغٌ فَيَتَّبِعُـونَ مَـا تَشَـابَهَ مِنْـهُ ابْتِغَـاءَ الْفِتْنَـةِ وَابْتِغَـاءَ تَأْوِيلِـهِ وَمَـا يَعْلَـمُ تَأْوِيلَـهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِـخُونَ فِـي الْعِلْـمِ يَقُولُـونَ آمَنَّـا بِـهِ كُلٌّ مِـنْ عِنْـدِ رَبِّنَـا وَمَـا يَذَّكَّـرُ إِلَّا أُولُـو الْأَلْبَـابِ)) (آل عمـران: ٧).




لێـرەدا ئـەو ئایەتانـەی (موحکـەم)ن، واتاکەیان ڕوون و ئاشکرایە و پێویستیان بـە لێکدانـەوە نییـە، چونکـە خوێنـەر ڕاسـتەوخۆ دەزانێـت خـوای گـەورە لـەم ئایەتانـەدا مەبەسـتی چییـە،

کە ئەمەیان (تەفسیرە) و تەنیا واتاکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە لەمیانی هەندێک وشە و زاراوە و دەربڕین و هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە و ئەو مەبەستەی کە ئایەتەکەی بۆ هاتووە و ئەو شوێنەی ئایەتەکەی تێدا دابەزیووە. کەچی ئەو ئایەتانەی کە (موتەشابیهـ)ن کێشەیان تێدایە و ئەو ئایەتانە واتاکانیان ڕوون و ئاشکرا نین و خوێنەر بە ئاسانی بە واتاکانیان ناگات، ئەمە پێویستی بە لێکدانەوە هەیە، بۆیە لێرەدا (تەئویل) بەکاردێت، چونکە تەئویل هەمیشە ((لە ئاخاوتنی وێکچوو دایە، لەوێوە تەئویل بریتییە لە بیرکردنەوە و لێوردبوونەوە لەوەی کە مامەڵەکردن لەگەڵیدا قورسە)) (عومەر، ٢٠١٨، ٤). بە گشتی لە زمانی عەرەبیدا (تەفسیر – ڕاڤە) گشتی ترە و (تەئویل – لێکدانەوە) تایبەتی ترە، تەفسیر بریتییە لە بەیانکردنی واتای ڕووکەش و دیاری واژە و دەربڕینەکان، کەچی تەئویل بریتییە لە هەڵێنجانی واتای قوڵتر و دوورتر لەوەی کە واژە و دەربڕینەکە ڕووکەشانە دەیدەن (الفیا، ٢٠١٧، ١٤٥).

*** قۆناغەکانی پەرەسەندنی هێرمینۆتیکا :**

(ڤنسنت لیچ)ی توێژەر و بیرمەندی ئەمریکی لە کتێبی (ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی)دا کە لە ساڵی (١٩٨٣)دا دەرچووە، پێشبینی ئەوەی کردبوو کە لە ماوەی تەنیا یەک دەیەدا دووبارە زانستی هێرمینۆتیکا زیندوو دەکرێتەوە و گەشەکردنێکی فراوان بەخۆیەوە دەبینێت و هەڵوەشاندنەوەگەرایی کە لە حاڵەتی گیاندانە ڕادەماڵێت و دووبارە دامەزراندنەوەی واتا و سیستەم بۆ تیۆری ڕەخنەیی دەگەڕێنێتەوە دوای ئەو پشێوی و ئاژاوەیەی (دریدا) لە گۆڕەپانی بیر و فەلسەفە و ڕەخنەدا دروستی کرد. پێشبینییەکەی (لیچ) ڕاست دەرچوو و هێشتا دەیەی هەشتاکان تەواو نەبووبوو، وردە وردە کاریگەری و شوێنەوارەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ڕۆژئاوادا بەرەو کاڵبوونەوە چوون و تیۆری ڕەخنەیی بە هەموو سەنگ و قورساییەکەیەوە هەنگاوی بەرەو هێرمینۆتیکا هاویشت. لە دەسپێکی

نەوەدەکانـدا (ئومبێرتـۆ ئێکـۆ)ی بیرمەنـد و فەیلەسـوفی ئیتاڵـی وەکـو گرنگتریـن تیۆرداڕێـژ لـە بوارەکانـی هێرمینۆتیـکا و سـیمیۆلۆژیادا دەرکـەوت و دووبـارە ڕۆشـنایی خسـتە سـەر بەشـداری و چالاکییەکانـی (هایدیگـەر و گادامێـر) لـە بـواری هێرمینۆتیـکادا و هـەر لـەو ماوەیەشـدا کارەکانـی (هیـرش) و (پـۆڵ ریکـۆر)ی فرەنسـی دەرکەوتـن (الفیـا، ٢٠١٧، ١٤٣). ئەمـەش دوای ئـەوەی کـە هێرمینۆتیـکای کـۆن لـە سـەدەی نۆزدەهەمـدا زیاتـر جەختکردنـەوە بـوو لەسـەر مەبەسـتی دەقنـووس، بەمانایەکـی تـر کـردەی لێکدانـەوەی مەبەسـتی دەق پەیوەسـت بـوو بـە مەبەسـتی دەقنووسـەوە، بـەڵام هێرمینۆتیـکای نـوێ بـە تێڕوانیـن و میکانیزمـی نوێـوە هاتـەوە گۆڕەپانەکـە و چەنـدان فەیلەسـوف و بیرمەنـدی وەک (هوسـرەل و مارتـن هایدیگـەر و هانـز جـۆرج گادامێـر و ڕۆمـان ئینـگاردن و پـۆڵ ریکـۆر و ئومبێرتـۆ ئێکـۆ و ... هتـد) بەشـدارییەکی کاریـان لـە بونیادنانـی هێرمینۆتیکای نوێدا هەبـوو و توانیـان هەوڵەکانـی هێرمینۆتیـکا لـە مەبەسـت و دەسـەڵاتی ڕەهایانـەی دەقنـووس ڕزگار بکـەن و هێرمینۆتیـکا بـەرەو دەسـەڵاتێکی تـری فەرامۆشـکراو ببـەن کـە دەسـەڵات و مەبەسـتی وەرگـر یـان خوێنـەرە.

هێرمینۆتیـکا لـە مـاوەی پەرەسـەندنیدا بـە چەنـد قۆناغێکـی جیـاوازدا تێپـەر بـووە. لـە سـەرەتا پێوەنـدی بـە ئاییـن و کتێـب و دەقـە ئایینییەکانـەوە هەبـووە و لـە بـواری زانسـتەکانی لاهـوت و ناسـوت و هونەرەکانـی لێکدانـەوە و ڕاڤەکردنـی دەقـە کـۆن و ئایینییـەکان و هەڵگرتـن و لابردنـی تەمومـژی و لێڵییەکانیـان بەکارهاتـووە. دواتـر لەسـەر دەسـتی (شـلایرماخەر)ی ئەڵمانییـەوە ڕەهەندێکـی تـری وەرگرتـووە و هەنـگاوی بـەرەو ئاراسـتەیەکی جیاوازتـر نـاوە، ئەمـەش بەهـۆی ئـەوەی (شـلایرماخەر) زۆربـەی توێژینـەوە و بۆچوونەکانـی لەبـارەی هێرمینۆتیـکاوە بـە دەوری (تێگەیشـتن)دا دەخولێتـەوە. لەمەشـەوەوە ئاقارەکانـی هێرمینۆتیـکا فراوانتـر بـوون و سـنوورەکانی پەڕیوەتـەوە بـۆ نێـو زانسـتەکانی تـر و دواتریـش بـۆ نێـو ئـەدەب و

ڕەخنەی ئەدەبییەوە، تا دواجار بۆتە میتۆدێک لە میتۆدەکانی پاش بونیادگەری. بۆیە دەشێت قۆناغەکانی پەرەسەندنی هێرمینۆتیکا بۆ سێ قۆناغی سەرەکی دابەش بکەین:

**قۆناغی یەکەم: قۆناغی میتۆدبەندی (المنهجية – Methodology) یان قۆناغی هێرمینۆتیکای کلاسیکی:**

سەرەتاکانی ئەم قۆناغە هەر لە سەدەی چواردەهەمەوە دەست پێدەکات، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی سەدەی شانزەهەمدا شێوەیەکی دیاریکراوی وەرگرت، هێرمینۆتیکییەکان لەو سەردەمدا بایەخیان بە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقە پیرۆزە ئاسمانییەکان دەدا؛ وەک ئینجیل و تەورات. شوێنکەوتووانی ئەم هێرمینۆتیکایە باوەڕیان وابوو کاتێک وەرگر ڕووبەڕووی دەقێکی دیاریکراو دەبێتەوە ئەوا ڕووبەڕووی قورسی لە تێگەیشتن دەبێتەوە؛ ئەمەش لە ئەنجامی ئەو تەمومژییەی لەنێو دەقەکەدا هەیە. بۆیە، بە پلە یەک پێویستە ئەو تەمومژییەی نێو دەقەکە نەهێڵرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی خوێنەر و وەرگر واتای ڕاستەقینەی دەقەکەی بۆ دەرکەوێت. ئامانج لە هێرمینۆتیکا بریتییە لە هەڵگرتنی تەمومژی لەسەر دەق. ئەرکی هێرمینۆتیکی یان ڕاڤەکەر لادانی ئەو تەمومژییەیە؛ بەومانایەی ئەگەر تۆ لە هەوڵی دۆزینەوەی واتای ڕاستەقینەی دەقێک یان مەغزا و پەیامی ئاراستەکراو لەلایەن دەقێکەوە بیت، ئەوا تووشی ڕێگری دەبیت کە بە پلە یەک پێویستە ئەو هۆکارانەی ڕێگرن لەبەردەم تێگەیشتنی دەقەکە لابەریت؛ بۆئەوەی واتای دروست و ڕاستەقینەی دەقەکەت بۆ دەرکەوێت. ڕابەرانی ئەم جۆرەی هێرمینۆتیکا پێیان وایە کە دەق دەرکەوتەی مەبەست و نیەتی دەقنووسە. بەواتایەکی تر، واژە و زاراوەکانی نێو دەقەکە کە ڕێکخراون و ئاوێتەی یەکترین، دەرخەری مەبەستی دانەرن.

هەواڵنامەی کتێب

# بەلاغەی (کورتبڕیی)
# لە هەندێ لە شیعرەکانی (کەریم دەشتی)دا



پ.د. ئیدریس عەبدوڵلا

**چوونە نێو باس**

کەریم دەشتی وەکو ناوێکی دیار لە گۆڕەپانی شیعری هەولێر و لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیشدا بە گشتیی، شێواز و جۆری نووسینی خۆی تایبەتەو شیعر لەلای ئەو، کایەیەکی جیایە،وەکو زۆربەی شاعیرانی تر نانووسێ و وەکو خۆی دەنووسێ، واتە: خۆی ڕێباز و شێواز و تیۆری خۆی هەیە بۆ داهێنانی شیعریی، ئەوەش خاڵێکی جیاکەرەوەی کەریم دەشتییە، لە شاعیرانی دی.

دیارە مەبەستم لەو قسەیەم ئەوە نییە، کە بە هیچ شێوەیەک لە

هیچ شاعیرێکی دیکە نەچێ، بەڵام مەبەستم ئەوەیە، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئەزموونی شیعریی، ئیدی بۆ خۆی بۆتە ئەزموون و بۆ خۆی شێواز و تەرزی داهێنانی خۆی دیاریکردووەو ئیدی بەو شێوەیە شیعری نووسیوە، کە لە شاعیرانی دیکە جیابێتەوە، ئەوەش خاڵێکی گرنگە بۆ ئەو شاعیرەی بیەوێ دەربکەوێ، چونکە شاعیر یان لاساییکەرەوەیە، یان داهێنەرە، ئەگەر داهێنەر بوو، بێگومان دەبێتە رێباز بۆ ئەوانی پاشە خۆی، لەو کاتەیدا کە شێوازەکەی پەسندی بۆ خۆی زامن بکات، ئەگەریش لاساییکەرەوە بوو، ئەوا لە نێو شەپۆلێک لە شاعیرانی تر ون دەبێ و هەر بۆنی ئەوانی پێشە خۆی لێدێ و لەبەر ئەوەی لەو شەپۆل و ئاراستەیەی شیعریی وەکو ئەوان دەنووسن، گەلێ شاعیری پێشڕەو و گەورە هەیە، ئیدی شاعیرانی لاساییکەرەوە هیچیان بۆ نامێنێتەوە، ئەوە نەبێ، دان بە هەژاریی خۆیان و ساغنەبوونەوەی بەرهەمەکانیان بنێن، مەسەلەش ئەوە نییە، کە لەو شەپۆل و رێبازەی، ئەو وەکو ئەوان دەنووسێ، خەڵک سۆزی داوەتە یەک دوو شاعیر و هەر ئەوانی پێ شاعیرە، مەسەلە ئەوەیە، شاعیرە تازەکە کە لاساییدەکاتەوە، شتێک ناڵێ و شێوازێک نانووسێ، نەک بە هۆیانەوە لە پێش شاعیرە گەورەکان بداتەوە، بەڵکو هەر شت و شێوازێ داناهێنێ، بگاتە نیوەی ئاستی شاعیرە گەورەکانی پێشە خۆشی، بۆیە گەلێ شاعیر ون دەبن و بەرهەمەکانیان پەسندییان بۆ نانووسرێ. ئەوەی تەماشای بەرهەمەکانی شیعری کوردی بکات، چ لە کۆنەوەو بە تایبەتیش لە قۆناغی ئەمڕۆیدا، ئەم راستەقینەیە بە چاوی خۆی و زۆر بە ئاشکرا دەبینێ.

کەریم دەشتی لاساییکەرەوەی شاعیرانی تر نییە، بۆ خۆی شێواز دادێنێ و بۆ خۆی وەها دەنووسێ، کە بیری داهێنەرانەی خۆی پێی گەییوە!! لەوەدا چەند سەرکەوتووە، ئەوە بۆ رەخنەی ئەدەبی و کارلێکی جەماوەری لەگەڵ شیعرەکانیدا بەجێدەمێنێ. لەم وتارەمدا، من گەشتێکی خێرا بە یەکێ لە

هەواڵنامەی کتێب

شێوازە بەلاغییەکانی ئەم شاعیرەدا دەکەم، لەگەڵ هەر پارچەیەک لە شیعرەکانی، بیری ڕەخنەیی خۆم لەوێ پیشان دەدەم.. بەو هیوایەی سوودێک بگەیەنم و خزمەتێک بە ڕەوتی ڕەخنەو داهێنانی شیعری کوردیدا بکەم.

**لە بارەی بەلاغەوە**

لەوەتەی بەلاغە هەیە، بریتییە لە کورتبڕیی بێ کەمی و درێژبڕی بێ زیادی.

واتە: ئەگەر شیعر بە کورتبڕیی نووسرا، ئەوە واتای تەواو بێ و با وشەکانیشی بە قەد پێویستی واتا فەرهەنگییەکەی نەبن، بەڵام ئەو چەند وشە کەمانەی یەکە یەکەی ڕستەکانی شیعرەکەیان پێکهێناوە، واتای تەواو بەدەستەوە بدەن و لابردنی هەر وشەیەک لە سیاقی ئاخاوتنە گشتییەکە، کە کراوەتە شیعر، نەبووبێتە هۆی ئەوەی، ڕستەکانی شیعرەکە سەقەت بن و واتای کەم بدەن، نەخێر بە کەمکردنەوەی وشەکان، شیعرەکە چڕتر ببتەوەو واتای تەواو و زۆرتریش بگەیەنن، ئەگەر شیعریش وەها بوو، ئیدی ئەوە سەرکەوتن بۆ خۆی تۆمار دەکات و جوان و کاریگەر دەبێت و خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێ.

**کەریم دەشتی و کورتبڕیی**

لە لای کەریم دەشتی شاعیر، کورتبڕیی حاڵەتی هەمیشەییەو بە وشەی کەم واتای زۆر دەخاتە نێو شیعرەکانی، ئەوەش سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێ و ئەم وتارەش بۆ ئەوەیە، لایەنە گرنگ و پڕ بایەخەکانی ئەم کورتبڕییە، وەکو بەشێکی سەرەکی بەلاغەت، لە دوو توێی چەند کۆپلەیەک لە شیعرەکانی ئەو شاعیرە بخاتە ڕوو.

**لە شەقامی چوارچرادا**
**چوار لالەی بچووکم کڕی**
**کە هاتمەوە دامگیرساندن**
**بۆن بخوری کراسە سپییەکەی (قازی)یان**

**لێ هەڵدەستا**... کۆبەرهەم، بەرگی سێیەم، ٢٠١٠، تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ، ل: ٩

کە ئەم کۆپلەیە دەخوێنینەوە، دەبینین وشەکانی هەمووی: (١٨) وشەن، بەڵام لە ڕووی بنیاتی واتاییەوە زۆر قووڵن و واتای زۆر

پێشکەش دەکەن:

چوارچرا، بە مەجاز هاتووە لە جیاتی شاری مهاباد، شەقام هی شاری مهابادە، بۆچی کرایە شاری چوارچرا؟ چونکە لە مەیدانی چوار چرای ئەو شارە، پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی لە دار دران؟! ئیدی ئەو شارە هەمووی بووە چوار چرا؟! ئیدی ئەو شارە زەقترین شتێک کە پێی بناسرێتەوە: چوار چرایە!!

بۆچی چوار (لالە)ی کڕی و بۆچی شەشی نەکڕی؟! بۆچی حەوت و هەشت و پێنجی نەکڕی؟! خۆ ئەوان ڕووناکی زیاتریان دەبەخشی؟!

چونکە شەش و ئەو ژمارانەی دی، ئەو جوانییەی بۆ بنیاتی مۆسیقی شیعرەکە درسووتنەدەکرد، وەکو چوارەکە درووستی کردووە، چونکە لەگەڵ چوار چرادا ڕێکە و هەمان شەپۆلی مۆسیقی بەرهەمیهێناون!! ئەوەش ئاواز خۆش دەکات.

**کە هاتمەوە دامگیرساندن**

ڕستەیەکی ئاساییە، لالەی کڕیوەو بێگومان بۆ ئەوەیە لە کاتی پێویستدا، دایانگیرسێنێ!! بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە، هەواڵەکەی پاش ئەم ڕستەیەیە:

**بۆن بخوری کراسە سپییەکەی (قازی)یان**

**لێ هەڵدەستا...**

- کراسی سپی قازی، بۆنی بخوری لە کوێوە لێوە دێ؟! خۆ جەنابی پێشەوا قازی، لە ساڵی ١٩٤٦ شەهیدکراوە؟! ئەم شیعرە لە ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە، واتە: پاش ٦٤ ساڵ لە شەهیدکردنی قازی؟!

باشە هیچ بۆنێک ٦٤ ساڵ درێژەی دەبێ؟! بێگومان نەخێر!! کەواشبێ ئەو بۆنە، بۆنە ئاساییەکە نییە، کە هەموومان دەیزانین، ئەو بۆنە، بۆنی خۆشی پاکیی و بێتاوانی پێشەوایە، چیرۆکی مەزڵومیەتی پێشەواو هاوڕێکانیەتی، بۆنی دڵسۆزیی و خۆبەختکردنی پێشەواو هاوڕێکانیەتی، کە پێشەوا وەکو ڕەمز لە جیاتی هەموویان هاتووە، ئەو بۆنە، بۆنی مەجازییە، واتە: هەرچی شتێکی ئەو شارەی چوارچرایە، هەر دەتباتەوە سەر چیرۆکی دڵسۆزیی و پاکی پێشەواو مەزڵومیەتی و تراژیدیای شەهیدکردنی؟! کە ئەم

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆکانە، وەکو بۆنێکی کاریگەر لە خەڵکی ون نابن و هەر دەمێننەوە!!

بۆ پشتگیریی ئەم ڕایە، چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، من و کاک جەمال گردەسۆری برای ئازیز و هەمیشەییم، لە شاری مهاباد بووین، لەوێ چووینە مزگەوتی قازی، پیاوێکی باڵابەرزی چاکەت و شەرواڵ و هەورییەکی لەسەر لە مزگەوت هاتە دەر، سەلامی لێکردین و گوتی: هی عێراقێنە؟! گوتمان: بەڵێ.

گوتی: بەخێربێن.

بە گەرمییەوە بەخێرهاتنی کردین و گوتی: کە پێشەوا لە دار درا، لە پۆلی یەک، یان دووی سەرەتایی بووم، شتێکی وایگوت: لە پۆلەکەی تەواو لەبیرم نەماوە چەندی گوت، بەس گوتی زۆر بچووک بووم، ئەو ڕۆژە زۆر زۆر سەرما بوو، کە هاتین بچینە قوتابخانەی، ئەو مەیدانی چوارچرایە، بە سوپا ئەڵقەیەکی ئەستووری تێدا درووستکرابوو، خەڵک ئەوەی گەورە بوو، تەماشای سێدارەکانی ناوی دەکرد و جەنازەی پێشەواو دوو قازیەکانیان دەبینی، منیش باڵام زۆر کورت بوو، چونکە تەمەنم زۆر بچووک بوو، بۆیە هاتم لە نێو دوو ئارتەشان سەرم بردە ژوور و بینیم سێ سێدارەی لە نێوڕا ڕاگیرابوو، پێشەواو دوو قازییەکانیان پێوە کرابوو، یەک لە ئەرتەشەکان بە دەستەکانی دەم و چاومی بۆ دواوە کشاندەوەو گوتی: تۆ بڕۆ تەماشا مەکە، تۆ بچووکی!!

ماوەیەک لەوێ وەستاین، دواتر چووینە قوتابخانە، مامۆستاو قوتابی هەموو هەر دەگریاین!! ڕۆژێکی یەکجار ناخۆش بوو، کەس تاقەتی قسەیەکی نەبوو؟!

سەید موحەممەد کولیجەیی، کە ئەم قسانەی بۆ دەکردین، دڵی پڕ خەم و حەسرەت بوو!! ئێمەش لەو زیاتر غەمبار بووین و لە دڵدا فرمێسکی غەممان دەڕشت، بۆ ئەو مێژووەی خۆمان، کە چەندین جار گەورەکانمان وەها کراون بە داردا؟!

- بۆچی کراسەکە سپییە؟!

سپییەکە هی دڵ و هی باوەڕو هی ئینسانیەت و هی موسڵمانێتی ڕاستەقینەو هی کوردایەتی پاکی پێشەوایە، واتە: لە هەموو ڕووێکەوە پێشەوا پاک و سپی سپی بوو!!

کەواتە: سپییەکە کینایەتە لە پاکیی پێشەوا.

هەموو ئەو واتا زۆرانەو زیاتریش هەر لەو کۆپلە (١٨) وشەییە بەرهەمهاتووە!! ئەوەش ئەو بەلاغەتە پێکدێنێ، کە وا دەکات شیعرەکە کەڵکی لەسەر وەستان و شیکردنەوەی هەبێ و چێژ بە خوێنەر ببەخشێ، ئەو خوێنەرەی گەنجیشەو زانیاری کەمە، بەم کۆپلەیە وای لێ دێ، بچێ بگەڕێ و بپرسێ، کە ئایا قازی کێیە؟!

هەر لە ڕووی بنیاتی بیرییەوە، ئەم کۆپلە شیعرە پێمان دەڵێ: پێشەوا قازی سەر کۆماری کوردستان لە مەهاباد. زۆر پاک بوو، یەک لە سەرکردە زۆر دیارەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی کوردان بوو، دەبێ ئەو سەرۆک و ئەو مێژووەو ئەو سلوک و ئەو پاکییە هەمیشە لەبەرچاو بگیرێ و خەڵکی لەسەر پەروەردە بکرێ و بخرێتە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.

سەرەڕای ئەمانەی گوتمان: شیعرەکە لەسەر ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو (موفاجەئە)ش ڕاوەستاوە، ئەوەتا شاعیر لالەی داگیرساند، بەڵام لالەی داگیرساو لە جیاتی ئەوەی ڕووناکی ببەخشێ، بۆنی لێ هەستا؟!

بۆن لێ هەستان، زۆربەی جارەکان بۆ ئاگرێکە، کە بۆنی ناخۆشی لێ هەڵدەستێ، بەڵام لێرەدا شاعیر وای بۆ پێشکەشکردووین، کە بۆنی خۆشی لێ هەستا؟! بۆنی خۆشی پێشەوا، بۆنی پاکی پێشەوا...

ئەوەش هەمووی لادان لە باوی فەرهەنگی و مەجاز و کینایەی زۆر جوانە، کۆپلەییەکە بۆ خۆی یەک قە×یدەیە!! ئەوەش توانای داهێنانی شاعیر پیشان دەدات. وا لەو کۆپلەیە دەکات، ئەگەرچی لە دارشتن نوێ و هاوچەرخ بێ، بەڵام لە مانادا قووڵ و کلاسی بێ، بەو واتایەی شیاوی ئەوەبێ لە کلاس و هۆبەکانی زانکۆ بخوێنرێ.

**بەسەر پشتی ئەسپی خەیاڵ**
**بە دەوری گۆڕی شیرازی سوڕامەوە**
**جگە لە شیعر، هیچ شتێکی شارم**
**نەدی...** کۆبەرهەم، بەرگی سێیەم، ٢٠١٠، تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ، ل: ١٠

**بەسەر پشتی ئەسپی خەیاڵ**

واتـە: بـە لاشـە نەبـوو سـەفەرەکەم، بـە خەیـاڵ بـوو، لێـرەوە خەیاڵـم بـۆ ئەوێـی دەبـردم و لـەوێ دەخولاندمەوە!!

بە دەوری گۆڕی شیرازی سوڕامەوە

کینایەتـە لـە شـاری شـیراز، چونکـە ئـەو شـارە دوو کەڵـە شـاعیری زۆر گـەورەی موسـڵمان و حەکیمـی زانـا ئیسـلامییەکانی پێشـکەش بـە جیهانـی ئیسـلامی و بـە مرۆڤایەتـی کـردووە، ئەوانیـش حافـزی شـیرازی و سـەعدی شـیرازینە!!

بنیاتـی بیـری ئـەم شـیعرە ئەوەیـە: لـە هەمـوو شـیراز بسـووڕێیەوە، جگـە لـە شـیعرەکانی حافـزی شـیرازی و سـەعدی شـیرازی شـاعیرانی گـەورەی فـارس، ئـەو شارە هیـچ شـتێکی دیکەی نییـە، ئەوەنـدە نـاودار بـێ و وەکـو ئـەو شـیعرانە ناوبانگـی گەورەیـان بـۆ درووسـت بووبـێ!!

بـەڵام بـە شـێوازی ئاخاوتنـی گشـتی، شـاعیر ئـەم قسـەیەی نەکـردووە، بەڵکـو وەکـو خوێندمانـەوە بـەو هەمـوو کورتبـڕی و کینایـەت و شـێوازە جوانـەوە، قسـەی دڵـی خـۆی کـردووە!!

هـەر لـە پەنـای ئـەم کۆپلەیەشـی، دەیـەوێ پێمـان بڵـێ:

شـیعر زۆر گرنگـە، ئەگـەر بێـت و پـڕ لـە بەهـای جوانـی ژیـاری و ئینسانـدۆسـتی و پاکـی و ڕەوایەتـی بـێ.

ئـەو شـاعیرەی وەکـو حافـزی شـیرازی و سـەعدی شـیرازی و یـان لـە ئـەوان باشـتر بنووسـێ، بـە خێـر دەشـکێتەوە بـۆ وڵاتەکـەی و ناوبانگـی گـەورەی بـۆ درووسـت دەکات!!

لـە دوورەوە خەڵـکان بـۆ شـارەکەی ڕادەکێشـێ، بـە هۆیـەوەی گەشـتیاری و بـازاڕ و بژێـوی خەڵکـی شـار بـەرەو پێـش دەچـێ!!

کەریـم دەشـتی لێـرەدا دەیـەوێ پێمـان بڵـێ:

شیعر ئەگەر شیعر بێ، زۆر گرنگە!!

چونکە شـیعر بینـای بیرە بە وشـەو بینـای بیریـش لـە بینـای بـەرد کەمتـر نییـە، چونکـە ئەوانـەی لـە نێـو بینـای بـەردن، هەموویـان پێویسـتییان بـە بینـای بیـرەو ئینسـان بـە بـێ بیـری درووسـت بەختـەوەر نابـێ!!!

**هەمەدان شارێکی چەند دوورە**
**دەڵێی پایتەختی دونیایە**
**سەدەی یەکەمی لێ دیارە**
**کەچی پڕاوپڕ ئێستایە!!..** کۆبەرهەم،

بەرگـی سـێیەم، ٢٠١٠، تـۆ لـە هەمـوو شـوێنێکی تـۆ، ل: ١١
هەمـەدان، شـاری ئەکتابانـی کۆنـە، کـە شـارێکە دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و پایتەختـی کۆنـی میدیـەکان بـووە.
دەڵێی پایتەختی دونیایە!!
بـە بیرهێنانـەوەی شـکۆی سـەردەمی میدییەکانـە!! ئەوسـا پایتەختـی ئـەوان بـووەو گۆڕەپانـی سـوپاو پاشـاو دەسـەڵات و شارسـتانیەت بـووە!!
سەدەی یەکەمی لێ دیارە..
وێنـەی کینایەتـە، واتـە: زۆر کۆنـە!! شـارێکی هـی ئەمـڕۆ نییـە!! لـە مێژەوەیـە هەیـە!!
کەچی پڕاوپڕ ئێستایە!!
وێنـەی کینایەتـە، واتـە: لـە ئێسـتادا شـارێکی مۆدێرنیشـەو لەگـەڵ پێشـکەوتنەکانی دونیـا ئەویـش چۆتـە پێـش و خـۆی نـوێ کردۆتـەوە!!
بـە گشـتی هەمـوو کۆپلەکـە، چەنـد شـتێکمان بـۆ زەقدەکاتـەوە، لەوانـە گرنگترینیـان:
- هەمـەدان شـارێکی کۆنـەو پایتەختـی کۆنـی میدییـەکان بـووە.
- شـارێکی مۆدێرنیشـەو لەگـەڵ پێشـکەوتنەکانی دونیـا چۆتـە پێـش.
- ئێسـتاکە دەڵێـی پایتەختـی هەمـوو جیهانـە، ئەوەنـدە ڕەنگاوڕەنـگ و جێـی گەشـتیاری خەڵکییـە.
لە بەیروت
ئـەوەی حەکایەتـت بـۆ دەگێڕێتـەوە، شـەپۆلە!! ... کۆبەرهـەم، بەرگـی سـێیەم، ٢٠١٠، تـۆ لـە هەموو شـوێنێکی تـۆ، ل: ١٧
وێنـەی کینایەتـە.. واتـە: بەیـروت هیچـی نییـە!! هـەر دەریـاو کەنـاری دەریـای هەیـە!! واتـە هەمـوو هێـزی بەیـروت لـە کەناراوەکانـی چڕبۆتـەوە!! واتـە: دەریا جـوان و دڵگیـرە!! واتـە: بەیـروت نـە ئابـوری و نـە سـوپاو نـە تەکنەلۆجیـاو نـە مێـژوو و نـە ئـەدەب و عیرفـان و نـە هیچێکـی دیکـەی بـە قـەد کەناراوەکانـی ناوبانگـی بـۆ درووسـتنەکردووە!!
شالیر کەوت
شکسـپیر هەڵیگرتەوە..(کۆبەرهـەم، بەرگـی سـێیەم، ٢٠١٠، تـۆ لـە هەمـوو شـوێنێکی تـۆ، ل: ٢٣)
وێنـەی کینایەتـە.. واتـە: شـیعر دەتوانـێ خەڵکـی کەوتـو بەرزکاتـەوەو خەڵکـی سـەرکەوتوو بێنێتـە خـوار،

هەولێرنامەی کتێب

واتـە: وەکـو عەرەبـی جاهیلـی لـە بـارەی شـیعری عەرەبـی خۆیانـەوە: گوتویانـە: ((الشـعر سـجل العـرب)).. شـیعر تۆمـاری عەرەبانـە!! شـکۆ و سـەرکەوتنی هۆزەکانیـان تیـا تۆمـار دەکـرد، بۆیـە هەمـوو هۆزێـک دەبـوو شـاعیرێکی گـەورەی هەبـێ، دەنـا نـاوو ناوبانـگ و سـەنگ و قیمەتـی نەدەبـوو!!

ئـەم کۆپلەیـە دەقئاوێزانـی ئـەو گوتەیـەی عەرەبانـە لـە بـارەی شـیعرەوە، چونکـە گوتەکـە: نـرخ و بەهـای تۆمارکردنمـان بـۆ دیـاری دەکات.

**حاجی قادری کۆییش گوتی:**

**کتێـب و دەفتـەر و کاغـەز بـە کوردی**
**گـەر بنووسـرایە زوبانی**
**مـەلا و شـێخ و پیـرو پادشـامان،**
**هەتـا مەحشـەر دەمـا نـاوو نیشـانی!!**

بەڵـێ: ئێمـەش (نالی)مـان نەبووایـە، گەورەیـی سـلێمان پاشـاو ئەحمـەد پاشـای میرانـی دیـاری بابانمـان لـێ وندەبـوو!! کـەس وەکـو نالـی ئـەم پاشـا کوردانـەی پـێ نەدەناسـاندین، نالـی بـوو گوتـی:

**تا فەلەک دەورەی نەدا سەد کەوکەبی**
**ئاوا نەبوو**
**کەوکەبی میهری موبارەک تەلعەتی**
**پەیدا نەبوو..**
**تا سلێمانان نەبوونە سەدری تەختی**
**ئاخیرەت**
**ئەحمەدی موختاری ئێمە شاهی تەخت**
**ئارا نەبوو**
**ئینجا لە دوا جاردا گوتی:**
**وەک قیاسێکی کە موسبەت بێ**
**نەتیجەی بێتە جێ**
**حەمدو لیللا شاهـ کە عالی جا بوو،**
**خاڵی جا نەبوو**

واتـە: سـلێمان پاشـای بابـان چەندەی گـەورە بـوو، ئەحمـەد پاشـای کـوڕی بـە قـەد ئـەو گەورەیـەو لـەو بچووکتـر نییـە!!

هـەر ئـەو کۆپلەیـەی کەریـم دەشـتی، دەمانباتـەوە سـەر ئـەو هەقیقەتـەش، کـە پێغەمبـەری خـوا (صلـی اللـە علیـە وسـلم) فەرمـووی: ((إنَّ مـن البیـانِ سـحرًا ، و إنَّ مـن الشِّـعرِ حِکمـةً)).. الراوي: عبداللە بـن عبـاس، خلاصـة حکـم المحـدث : صحیـح، اخرجـە ابـو داود (٥٠١١) باختـلاف یسـیر، والترمـذي (٢٨٤٥)، وابـن ماجـە (٣٧٥٦) مختصـرا. واتـە: بێگومـان: لـە

ڕوونبێژیدا سیحر و لە شیعردا دانایی هەیە .

ئاخر شیعر جۆرێک لە ئاخاوانی ئاوازدار و خاوەن بیری بەهێزەو کار لە خوێنەر دەکات، دەشێ ناوەڕۆکی باش بێ بۆ تۆ و خراپ بێ بۆ دوژمنەکەت، یان لە ڕووانگەی دوژمنەکەت ناوەڕۆکەکەی زۆر باش بێ بۆ ئەو و خراپ بێ بۆ تۆ، بەڵام لە هەموو بارەکاندا سواری سەر شەپۆلی هەستەکانی هەندێ کەس دەبێت و بەجۆشی دێنێ، دەیگریێنێ، دەیسووتێنێ، ئومێدی بۆ درووستدەکات، دەیباتە پێش، هەندێکی دیش دەڕووخێنێ و بەم شێوەیە!!

**دڵنیام هەموو دەکەوین**
**هێندێ بەرەو لوتکە دەچێ**
**هێندێ لە بنار ون دەبێ**
**هێندێ دەبن بە فریشتە**
**هێندێ شەیتان...** (کۆبەرهەم، بەرگی سێیەم، ٢٠١٠، تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ، ل: ٢٣و٢٤)

هەموو دەکەوین، بە دڵنیاییەوە، ئەمەیان هیچ گومانی تێدا نییە، شاعیر ژیان دەنووسێتەوە، سەرەنجام هەموومان ئەم هەسارەیە جێدێڵین و دەمرین و بەرەو دونیاکەی تر دەچین، هەندێ لە پێش چاوی خەڵک ئەوەندە ناشرینن، وەکو شەیتانێک تەماشا دەکرێن و خەڵک دەڵێن: باش بوو ڕۆیی، لێیگەڕێن: ناوی مەبەن، با مەجلیسەکەمان لێ بۆگەن نەکات، بەوە وردە وردە ئەو کەسانە ون دەبن و لەبیردەچنەوە!!

هەندێکیش بە هۆی بیر و باوەڕ و کردەوەی جوانیان، بەردەوام لەسەر زاران دەمێننەوە، ئەوانە هەمیشە باسی چاکەو هەڵوێستەکانیان بیر خەڵکی دێنەوە، هەمیشە بۆ جوانی و بۆ پاکی نمونەیان پێدەهێنرێتەوەو نەوەی نوێیان پێ پەروەردە دەکرێت، کەوا وەکو ئەمانە خۆیان پەروەردە بکەن و وەکو ئەمانە بکەن، با هەمیشە لە نێو دڵەکان بە جوانی بمێننەوە!! ئەمانە وەکو فریشتە باس دەکرێن و دەمێننەوە!! فریشتە کینایەتە لە پاکی و لە بێ تاوانی و لە جوانی و لە خێر و لە هەرچی شتی باشە!!

دەشێ مەبەست لە کەوتن شکست و دۆڕانی کاتیش بێ، کە بێگومان

کەس نییە لەو شکست و دۆڕانانە بە دوور و پارێزراو بێ!!

**نالی کە لە غوربەتی باباندا کۆستی کەوت**
**بەڵام ئێستاش لەسەر پێی خۆیدا وەستاوە**
**دەستێکی لە نێو جوانیدا مەلە دەکات**
**دەستێکیشی لە تای بەلاغەت**

**چەماوە...** (کۆبەرهەم، بەرگی سێیەم، ٢٠١٠، تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ، ل: ٢٤)

لە نێوان دوو کاسەی شکاودا وەستاوم
کاسەیێ ئاوێنەی دڵمە شکاوە
ئەوی تر فرمێسکی چاومە ڕژاوە

کینایەتی نوێیە، بەرهەمی کورتبڕییە، لە جیاتی بڵێ: دڵم شکاوەو چاوم پڕی فرمێسکە، بەو جوانییە ئەم دوو قسەیە دەکات، کە هەردووکیشیان هەر بە یەک هۆوە درووستبوونە، یەکێک بێدڵی ئەوی کردووە، نەیهێشتووە بگاتە مورادە، لەوەی دوورخستۆتەوە، کە خەوی شەو و ڕۆژی بووە، بەوەش کەوابێ: دڵی شکاندووە، ئیدی بەزەیی بەخۆیدا هاتۆتەوەو فرمێسکی گەرمی بە گوڕ بارانددووە.

واتە: خەڵکینە ئاگاداری دڵەکان بن، چاوە بە فرمێسکەکان چیدیکە درووست مەکەن، ئەوەی دڵێکی شکاند، ئینسانێکی لە ڕیشەوە برد، خەونێکی لە بن هێنا، گەشبینیەکی گۆڕی بە ڕەشبینی، جوانیەکی کردە کرێت!! ژیانێکی کردە مەرگ!!

واتە: بێشعور ئەوەیە، دڵان دەشکێنێ و چاوان بە فرمێسک دەخات!!

واتە: ستەمکار ئەوەیە، ئاواتەکان دەمرێنێ و ناهێڵێ مورادەکان وەدی بێن!!

**لە میانی دوو کتێب داماوم**
**کتێبێ بە خوێنم نووسراوە**
**ئەوی تر کتێبی ئەوینمە**

کینایەتی نوێیە، بەرهەمی کورتبڕییە، ئەو کتێبەی بە خوێنی نووسراوەتەوە، ئەوە کینایەتە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی، یان ژیانی نەتەوەکەی، یان ژیانی مرۆڤایەتی، کە هەمووی قوڕبەسەری و ماڵوێرانی و کاوڵکاری و کوشت و بڕی زۆری تێدا بینراوە، بە تایبەت لەو شەست حەفتا ساڵەو تەنانەت لەو سەدەی

ڕابردوو و تا ئێستاش، ئەمە کتێب نییە، ئەمە تراژیدینامەی ژیانی مەخلوقێکە لەسەر پشتی زەوی، کە پێی دەگوترێ: ئینسان!! ئەو ئینسانەی لەوەتەی تەماح و لوتبەرزی و حەسوودی و حەزی دەرکەوتن و داگیرکاری لە دەروونیدا درووستبووە، ئیدی نەیهێشتووە نە خۆی و نە هاو ڕەگەزەکانیشی ئیسرحات بکەن، تەنانەت زیانیان بە سروشت و بە مەڕ و مانگاو بزن و هێستر و تەنانەت بە گیاندارە زۆر جوانەکان و بە هەنگ و بولبول و پەپولەش گەیاندووە!!

کتێبی ئەوینیش کتێبی ژیانسازی و عیشقی ژیان و شادومانییە، خەڵکی شارستان و تێگەییوو و بە ئیمان، ئەو دڵە پاکە پڕ لە ئەوینەی هەیەو ئەوانی دیش لێی تێکدەدەن و دەیشکێنن و خەونەکانی لە بار دەبەن!!

ئەوەی لە نێوان ئەو دوو گروپە ڕاماوە؟! واقی وڕماوە؟! تێماوە؟! باشە ئەم ژیانە بۆچی لە لایەن هەندێ کەسەوە بەو ئاقارە دەبرێ، کە چی جوانییە تیای دەکوژرێ و چی ئومێد و خەونی جوانە تیای دەکوژێنرێتەوە؟!

واتە: خەڵکینە با بەس بێ شەڕ و ئازاردانی ئەوانی تر، با هەموو لایەک بەرەو بنیاتنانی دڵ و و کەسایەتی و ژیان هەنگاو بنێین!! با دڵە جوانەکان گەشە بکەن و چیدیکە لە بار نەبرێن!!

لە میانی دوو خەونی ڕماودا
وەستاوم
**خەونێکیان شکستی ڕۆحمە**
**خەونێکی بەسەرچووی تەمەن...**
(کۆبەرهەم، بەرگی سێیەم، ٢٠١٠، تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ، ل: ٣٣)

کینایەتی نوێیە، بەرهەمی کورتبڕییە، چیرۆکی دوا ساڵەکانی تەمەنی زۆرینەی خەڵکییە، ئەگەر هی هەر هەموویان نەبێ!!

زۆر کورت و جوانە و بەجێیە، ئینسان هەمووی خەونی ئەوەیە تەمەنی درێژی هەبێ، زانایان دەڵێن: ئەمە لەبەر ئەوەیە، ئینسان لە کۆتاییدا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوەو کە چووە بەهەشت، یان (پەنا بە خوا) ئەگەر بێئیمان بوو و خراپەکار بوو و چووە دۆزەخ، ئیدی کەس لە

بەهەشت و دۆزەخ نامرێ و بۆ هەتا هەتایە دەژی!!

لەبەرئەوەشە ئینسان هەمووی حەز دەکات، تەمەنی هەمیشە درێژبێ و ژیانی هەمیشە بەردەوام بێ!! بەڵام ئەمەیان لە دونیا بۆ کەس وەدی نایێ و ئینسان هەمووی گیای مردنییە، وەکو پێشینان گوتویانە، بۆیە حەزی تەمەندرێژی خەونی زۆرینەیە.

وەدینەهاتنی خەونی ئەو ئاوات و خۆزگانەش کە ئینسان هەیەتی، ئەمە زۆر ئاسابییەو زۆربەی خەون و مورادەکان هەر وەدی نایێن، زۆربەی خەڵکی و زۆربەی جارەکان لە گەیشتن بە ئاوات و خەونەکانیان دەشکێن، جا ئەگەر ئەمە لە سەرەتای تەمەنیان بێ، ئاسابییە دەستپێدەکەنەوەو دەشێ پاش ماوەیەکی کەم سەرکەوتنی باش وەدەستبێنن و ئەوەی مەبەستیان بوو، باشتر لە جاران بۆیان وەدی بێ!! بەڵام ئەگەر کاتی شکانیان، تەمەنیان لە کۆتایی بوو، ئەوە ئیدی چ ئومێدێکی دیسانەوە تێهەڵچوونەوەیان نامێنێ و ئیدی تەواو بێئومێد دەبن، لەوەی مەبەستیان بوو لەو ئاخیری عومرە وەدی بێنن و وەدی نەهات!!

**تۆ وەک ئاگر وای**
**تا تەواو دامنەگیرسێنی**
**بڵێسەت کڵپە ناسەنێ...**
(کۆبەرهەم، بەرگی سێیەم، ٢٠١٠، تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ،ل:٤٠)

کینایەتی نوێیە، بەرهەمی کورتبڕییە، واتە: تۆ ئاگرێکی بە قووتی ئەوانی تر دادەگیرسێی!! واتە: تۆ ئاگرێکی لەسەر حیسابی ئەوانی تر هەڵدەبی و بڵێسە بەرزدەکەیەوە!! واتە: تۆ ئاگرێکی، تا بە جوانی خۆت دڵی من پڕ لە شەوق نەکەی، بۆ گەیشتن بە خۆت، تۆ جوانتر و بە شەوقتر نابی!!

دەشێ هەر یەکێ لەو مانایانەی هەبێ، دەشێ بۆ واتای دیکەش هاتبێ.

لە هەموو بارەکاندا، (ئەو)ی قسە بۆ کراو، (ئەو)ی شیعر بۆ نووسراو، بە هۆی خەڵکی دیکەوەیە جوان و درەوشاوەو بڵێسەدارە، دەنا خۆی لە ئەسڵدا وا نییە.

دەشێ دەقئاوێزانی ئەو بەیتەی

(مەجنون)یش بێ، کە دەڵێ:

**یقولون لیلی سودة حبشیة**

**فلولا سواد المسک ما کان غالیا**

ئەوانەی باسی چیرۆکی عەشقی لەیل و مەجنونیان کردووە، زۆربەیان گوتوویانە: لەیلا کچێکی خێڵ و خیچی ڕەشکۆکەی ناشرین بووە، هەمیشە بە (مەجنون)یان گوتووە: ئاخەر تۆ حەزت لە کوێی لەیلا کردووە؟!

ئەویش گوتویەتی: پێم دەڵێن لەیلا ڕەشکۆکەیەکی بچووکی حەبەشییە، بەڵام ئەوان نازانن ئەگەر بێت و (میسک)یش زۆر زۆر ڕەش نەبووایە، ئەو بۆنە خۆشەی نەدەبوو!! ئەو نرخ و قیمەتەی بۆ دروست نەدەبوو!!

خۆ (نالی)ش گوتویەتی:

**پێم دەڵێن مەحبوبە خێڵ و خیچە**

**مەیلی شەڕ دەکا**

**خێڵ و خیچە یا تەرازووی نازی**

**نەختێ سەر ئەکا؟!**

(نالی)ش دانی نەنا بەوەی مەحبوبە خێڵ و خیچ و ناشرینەو بەرچاو نییە، بەڵکو هات پاساوی بەهێز و جوانکاریی بۆ دۆزیەوەو گوتی: ئەم خێڵ و خیچیەی بە هۆی نازکردنیەوەیەتی، دەنا خێڵ و خیچ نییە، مادام بە هۆی نازی زۆریشیەوە ئەو خێڵ و خیچیەی بۆ دروستبووە، کەوابێ ئەو خێڵ و خیچایەتەشی هەر جوانی دەکات؟! هەر لەبەر چاوم ناخات!!

بۆیە لە کوردەواریش گوتوویانە: عاشق کۆرەیەو چاوی نابینێ، چونکە چاوی دڵ و ئارەزووی بە پێش چاوی سەری کەوتووە!!

ئەگەر مەبەستی (کەریم دەشتی) لەم (ئەو)ە، دولبەر بێ، ئەوا کەواتە (کەریم دەشتی) جیا لە مەجنون و نالی ڕاستەقینەی گوتووەو گوتوویەتی: دوڵبەر زۆر جوان نییە، بەڵام کاتێ بە ناز و هەڵسوکەوتەکانی جۆرە سیحرێ لە دەروونی من، یان لە دەروونی دڵدارەکەی دەکات، ئەوەیە جوان و درەوشاوەی دەکات؟!

**من تاقە دڵێکم هەیە**

**تۆ هەزاران هەزار وێنەی**

**وێنەیەکت لە ئاودایە مەحاڵە ڕۆحم تێر بکا**

**وێنەیەکت لە با دایە، کە باش**

**هەمیشە ڕادەکا**
**وێنەیەکت لە ناو بروسکەو ئاگرە**
**لێی نزیکببمەوە دەسووتێم**
**وێنەیەکت لە قوڵایی دەریا دایە**
**خۆمی لێبدەم دەخنکێم... کۆبەرهەم،** بەرگی سێیەم، ٢٠١٠، تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ، ل: ٤٩

چیرۆکی گوزارشتکەرە لە (ئەو) ێک، کە دەشێ بە هەر هۆیەکەوە بێ، ئەم (ئەو)ە، هەزار ڕەنگ و ڕووی بۆ درووست بووبێ، ئینسان نەزانێ بە چ زمانێک بۆی بدوێ، تا دڵی ڕازی بکات و پێی بگات!!

ئینسان هێزێکی هەیە، بە سەرێک دەچێتە پێش، کە بەرانبەر هەزار سەری هەبێ و بە هەزار سەرەوە لێی ڕابکات، کەس باری نابات و کەس ناتوانێ پێی بگات!!

ئەگەر وامان دانا، ئەم (ئەو)ە هەزار وێنەیە، کەسێکی لوتبەرز بێ، ئەوا کەسی لوتبەرز. خۆی لەسەرووی خەڵکی دی دەبینێ و قەت بووار ناداتە خۆی کەس ببینێ!!

ئەگەر واشمان دانا، ئەم (ئەو)ە کەسێکی سپڵەو بێوەفا بێ، کە لە ڕۆژی ئەمڕۆ هەر سپڵەو بێ وەفا زۆرن، ئەوا کەوابێ بێسوودە، ئینسانی باش لەگەڵ سپڵەو بێوەفایان دەرناچێ و بە هیچ قسەو هەڵوێستێ، ناتوانێ بیگرێ!! چونکە سپڵە خایەنێکی هەمیشە هەستیارەو دەزانێ چەندە دڵڕەشی بەرانبەر بەوانەکردووە، کە دەستی چاکەیان بۆ درێژکردووەو ئەویش دوای ئەوەی سوودی لێبینیون، هەموو ئەو دەستانەی گەستووە، هەموو ئەو دەستانەی لە بن بڕیون، ئیدی ناتوانێ جارێکی دی بێتەوە پێش هیچ یەکە لەو کەسە چاکەکارانە، کە چاکەیان بەسەریەوەیە، بۆیە دەبێ هەزار ڕەنگو ڕووی هەبێ، بەڵام هەمووی هەر ڕەنگی ساختەیی و هەر ڕەنگی فریودان و هەر ڕەنگی ستەم و هەر ڕەنگی ناپیاوی بێ!!

بێگومان خەڵکی باش ناتوانێ جارێکی دی سۆزی خەڵکی سپڵەو بێوەفا بۆ خۆی بەدەست بێنێ!!

جاران سپڵە پێڵاوی بۆ دەسڕیەوە!! سەیارەکەی بۆ دەشووشت؟! پیای هەڵدەداو دەیگوت لە تۆ زیاتر زانایەک لەو شارە نییە، لە تۆ زیاتر پیاوێک لەو جیهانە نییە، لە تۆ زیاتر

چاکەکارێک لەو ناوچەیە نییە!!

پێشتر پیاوە باشەکە بە شەقامدا بڕۆیشتایە، ئەو سپڵەیە وێنەی دەگرت و بۆی دەناردەوە،

بەم شێوەیە سپڵە خۆی لە پیاوباشان نزیکدەکاتەوە، بەڵام کە کاتی ئەوە هات گەیشتە ئاواتی خۆی و ئیشی بە پیاوە باشەکە نەما، ئیدی دەبێتە کڵک و کۆیلەی ئەم و ئەو و دژایەتی ئەو هەناسە جوانەیە دەکات، کە شنەبای ڕەحمەتی بۆ دێنا، دژایەتی ئەو دڵە پاکە دەکات، کە بەرەو کامەرانی دەبرد!! بێئەدەبی بەرانبەر ئەو جوامێرە دەکات، کە هەرچی چاکەیە تا دوێنێ لێی بەدەست دێنا؟!

خۆ ئەگەر مەبەست لە (ئەو)یش، دوڵبەرێکی باڵا بێ، کە بە بێ هیچ لوتبەرزی و سپڵەییەکەوە، هەر واقیع وای کردبێ، بە ئاسان بەدەستەوە نێ، ئەمەش دەبێتە غەمی سەر دڵی عاشقانی ڕووتەو واقیعی وەهاش زۆر جار بیسراوەو دەبیسرێ!!

خۆ ئەگەر ئەم (ئەو)ە هەر کێیەکی دیکەش بێ، هەر پارچەکە گوزارشت لە دوو کەسایەتی دەکات، یەکیان یەکڕەنگ و سادەو بێغەل و غەش و ئەوی تریش هەزار ڕوو و هەزار ئەتەکێت و هەزار شێوە، (کە مەبەست لە هەزار، لێرەدا مەجازە بۆ واتای زۆر هاتووە، نەک هەزاری ڕاستەقینە بێ).

- ئاخ چەند دووری وێنەیەکت لە مانگ دایە

تا دەیگەمێ، ئاوا دەبێ!! کۆبەرهەم، بەرگی سێیەم، ٢٠١٠، تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ، ل: ٥٠

دەقئاوێزانی هەقایەتە فۆلکلۆریەکانە، بە کورتی حەکایەتی ئەوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کەوایاندەزانی: مانگ زۆر نزیکەو ئەوەتا بستێک لەسەر شاخەکە بڵندە، شەوێکیان بە بێ چرپە و بە بێ خشپە خشپ و بە ئاسپایی بەسەر شاخێ بکەون و لێی بچنە پێش، ئیدی دەکەوێتە بن دەستیان و ئەوسا هەموو ئەو ڕووناکی و چرایە گەورەیە بۆ خۆیان داگیر دەکەن و وەدەکەن ساڵ دوازدەی مانگێ بە هەموو کاتەکی، مانگ هەر لە چواردەی بێ و گوندەکەیان هەر ڕووناک و ئاوەدان بێ، ئەوجا ئەگەر خەڵکی دیش ڕوناکیەکەیان ویست،

بە میزاجی خۆیان پێی بفرۆشن!!
بۆیە شەوێکیان ڕۆشتن و ڕۆشتن، گەیشتنە نزیکی لوتکەی شاخێ، کەس تەماشای مانگی نەدەکرد، نەوەک مانگ هەستیان پێ بکا؟! کەس قسەیەکی نەدەکرد، نەوەکو مانگ وشیاربېتەوە؟! بەڵام لە نزیک لوتکەی شاخەکە، یەک لە پیاوەکان قاچی خزی و شڵپەی لێوەهات بەربۆوەو بە شاخەکەدا غلۆربۆوە، هەتا گەیشتە بنی شاخێ، ئەو گوتی: ئای فڵان کەوت و ئەو هاواریکرد بیگەنێ، با فڵان شتەکی لێ نێ، لەو سەین و بەینەیدا، یەکیان سەری بڵند کرد، بینی مانگ زۆر لە سەر لوتکەی شاخەکە دوورکەوتۆتەوە، بۆیە ئەویش هاواری کرد: تازە هەموو شتەک تەواو، مانگەکەشمان لە دەستچوو و دوورکەوتەوە، ئیدی وردە وردە بەرەو ئاوابوون دەچێ و تازە جارەکی دی، بەو ساویلکەییە لەسەر سەری گوندی مە ڕاناوەستێ، تازە جارەکی دی، ناتوانین بەرەو لوتکە بچین و بمانەوێ مانگەکە بۆ خۆمان بگرین!!
واتە: تۆ بە هەستی خۆت، خۆت نادەی بە دەستمەوەو ئەگەریش وەکو مانگ لێت نزیکببمەوە، یەکسەر دووردەکەویتەوەو ئاوا دەبی!!
ئەم پارچەیە نامەی گلەییە، لە ئەو!! چونکە خۆی نادا بەدەستەوەو ناگیرێ!! ئەم (ئەو)ە دەشێ هەر یەکێک بێ، کە شاعیر، یان ئەوەی شاعیر گوزارشتی بۆ دەکات، مەبەستیەتی پێی بگات، بەڵام (ئەو) هیچ حیسابێک بۆ هیچ شتێک ناکات و ناهێڵێ، ئەوەی مەبەستیەتی پێی بگات!!
دوو ڕستەی زۆر کورتن، بەڵام مانای زۆر و گەورە بەدەستەوە دەدەن!!

**بە کورتی**

١ـ شیعرەکانی (کەریم دەشتی) پڕی کینایەتی نوێن، ئەوەش بەرهەمی کورتبڕییەو داهێنانی بە لا غییە .
٢ـ ئەو شیعرانەی (کەریم دەشتی). کە بە کورتی نووسراون و واتای زۆر پێشکەش دەکەن.
٣ـ ڕەخنەگر تا بە هێز تر بێ، دەشێ واتای شیعرەکان فراوانتر و بەهێزتر بکات.

بەشی یەکەم لە چامەی:

# خوێندنەوەی سپێتی کاغەز و
# ڕاوکردنی تابلۆ ونەکان بە وشە



هەواڵنامەی کتێب

لەتیف هەڵمەت

**(١)**

من بوار نادەم سپێتی لە قەرەباڵغی وشەکاندا بکەوێتە گیانەڵا
چاودێری خودی خۆم دەکەم و
یاخییەکی دێوانەی ڕاوکردنی سپێتیم
خوێندنەوەی وشە بەگەڵحۆکان دەسپێرم
تەنانەت زارۆڵەی بلووری دەتوانێ نهێنی وشەکان بخوێنێتەوە
بەڵام کێ یارای ئەوەی هەیە سپێتی شیکاری بکات

سپێتی کاغەزی بەکارهێنراوو بەکارنەهێنراو
سپێتی کاغەزی تایبەتی ناو جانتای خانمان
سپێتی جەستەی ئەو کچانەی کەپڕن لەهاروهاجێتی دڵداری
سپێتی کفنی دکتاتۆرە لە سەهۆڵ درووستکراوەکان
سپێتی نامە دڵداری یە گەچڵاوەکانی خانمە شەرمنەکانی سەدەی بیست
سپێتی ستیان و مایۆی هەڵواسراوی ناو جامخانەی کۆگاکان
سپێتی فرمێسکی چاوی داکێکی ڕەشپۆش
کە کوڕەکەیان برد بۆ نوگرەسەلمان و ئیتر نەگەڕایەوە
سپێتی کاغەزی بەندکراوێکی ساڵی ١٩٦٣ کە بەرلەوەی بینێرێ
بۆ هاوسەرەکەی لەسێدارە درا
سپێتی نامەی خوێناوی گیرفانی شەهیدێک لە کۆبانێ
سپێتی نامەیف ئازادیخوازانی ناو زیندانەکانی ئەستەمبووڵ و تاران و شام و بەغدا
سپێتی شەڕ .. لەشەڕی چاڵدێرانەوە
تا ئەو شەڕەی کە گیڤارا گۆرانی ئازادی بەخوێنی خۆی نووسی
سپێتی لوولەی تفەنگەکانی دوای جەنگ
لە جەنگی ئاوباریکەوە تائەو جەنگەی خوێنی حەمەڕەش ئاوی ئاوەسپی سوور کرد
سپێتی بڕیارەکان لەبڕیاری سیڤەرەوە تا بڕیاری لۆزان
لەبیرمە داپیرەم دەیگوت :
باوەڕ بە درۆودەلەسەی ناو کتێبی قوتابخانەکان نەکەی
درۆیە درۆ زرێبار ئاو نیە
فرمێسکی ئەو کچ و دایکانەیە
کە دەزگیران و ڕۆڵەکانیان لە ژێر سمی ئەسپی سوارەکانی شائیسماعیلی

سەفەویدا ونجڕ ونجڕ بوون
درۆیە درۆ دەریای ئیجە ئاو نیە
خوێنی ئەو هەزاران هەزار لاوو کیژە کوردانەیە
کەهەموو ڕۆژێک سوڵتانێک
دەستەیەکی لێ گوللەباران دەکردن
درۆیە درۆ ئەوە هەور نیە کە لەسەر لووتکەکانی چیای ئارارات دەگرمێنێ
ناڵە و زیڕە و زریکە و فیزاح و قریشکە و هاواری ئەو دایک و کچۆڵە و منالآنەیە
کە جەندورمەکانی ئەنقەرە لە دۆڵی زیلاندا ئاگربارانیان کردن
درۆیە درۆ باران هەڵمی دەریا نیە
فرمێسکی ئەو دایکانەیە
کەرۆڵەکانیان لەشەڕی بەرژەوەندی لایەنەکاندا سەرنگوون بوون ....
لە قۆناخەکانی خوێندنی قوتابخانەدا
فێری ناوی دەریاو ڕووبارە گەورەکانیان کردم
هیچ مامۆستایەک نەیوێرا بڵێ دەریای سوور خوێنی شەهیدانی ئازادیخوازی کوردستانە
هیچ مامۆستایەک نەیوێرا لەسەر تەختەڕەشەکەی ناو پۆلەکەمان بنووسێ
دەریای ڕەش ئاو نیە شەپۆلی ئاپۆرای دایکانی ڕەشپۆشی جگەرگۆشە کوژراوی وڵاتەکەی منە
هەموو شاعیرەکان هەر باسی جوانی مانگ و پرچە درێژە زەردەکەیان بۆ کردم
هیچ شاعیرێک نەیوێرا بلێ مانگ خاک و خۆڵ و گردۆڵکە و ڕووناکایی نیە
کچە کوردێکە لەترسی شالآوەکانی ئەنفال
هەزاران شاباڵی لێ ڕوواوە و هەڵفڕیوە بۆ بەرزایی ئاسمان ....

هەواڵنامەی کتێب

زۆر بەسانایی پێتان دەڵێم کەمن
گاڵتەم دێ بەهەرگەڕانێک لەناو ئەم تابلۆ تاریکانەدا
بۆ دۆزینەوەی خودی ونبووی خۆمان
لەبەر ئەوە من لەسووچێکی ئەم مۆزەخانەیەدا
بایەخ بە ڕووداوە کوتوپڕەکان دەدەم
هەر بۆ نموونە چاوەڕوانی نامەیەکی دڵداری لەڕابیعەی عەدەوییەوە دەکەم
یا بەرماڵێکی لە ئاورێشم چنراو لە مارگرێت دۆراسەوە
یاخود لە بلیتێکی یانسیبدا
کچێکم بۆ دەربچێ شارەزای ڕاوکردنی کۆلارە و موتورفەی ناو ئاو بێ و
فێری ڕاوکردنی بەچکەکۆتری مەمکم بکات
هەندێ جاریش چاوەڕوانی هاتنی ئەو کچە جنۆکەیە دەکەم کە لە تەمەنی هەرزەکاریمدا
لە توێی کتێبێکی کۆنی باوکمدا دۆزیمەوە و
فێری ماچ درووستکردن و وانەی ماتماتیکی دڵداری کردم...

***

لە کۆڕی ڕێزلێنانەکەمدا کە کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی بەریتانیا و گرووپی قەلەندەرخانە لەڕۆژی ٢٢ / ٦ / ٢٠٢٤ دا لەهۆڵی تەوار سازیان کرد
سەرجەمی ئەم چامەیەم خوێندەوە ...
بە پشتیوانی خوا چاوەڕوانی بەشی دوو بن

# تەواو بۆ دواجار لێرەوە دەڕۆین



هەواڵنامەی کتێب

سەباح ڕەنجدەر

**ڕوخسار و شوێن**

پەنجەرە ئەڵقە لە گوێیە
هەتاو بەکرێ دەهێنێتە ژوورەوە
هەتاوی نیوەئاوابووم دەڕژێنمە ڕستەی یەکەمی هەواڵێک
دیکتاتۆر بەسەر خوانمان پژمی
هیچ نیشانەیەکی خواردن نەما

گەڕاینەوە بەر سێبەری درەختی
گۆڕستانی قوربانییەکان
تەم هات و هەنگاو گران بوو
لە ئاهەنگی یادەوەریمان دەرکراین
لە شوێنی جیا جیا زەوی دەستی لە
ڕێبوار بەرز کردووەتەوە
مرۆڤ یەکەم جار پەنجەی بە پێڵووی
خۆی داهێنا
نەرمی کرد بۆ بینین و جیاکردنەوە
نەرمایی پەنجەی دڕ بوو
نەیتوانی خەڵکی تر بکاتە تاسە و
سیمای بڕسکێ
دەنگی دوور بناسێتەوە و بە ڕووناکی
گەرم دادێت
مرۆڤ شاراوە و نهێنیی درۆی ژێرە
نانی کردە تاشەبەرد
گۆڕیان بەتاڵ کردین و ئێسکیان
کردینە قۆپچەی جلوبەرگی سەربازی
کۆشکێک سەیری چواردەوری خۆی
دەکا
هەتا بڵێی چاوی پڕ لکوپۆپە
نەخرۆشا و بازی نەدایە سەر ڕێگای
سۆراخی بەئاکام
کەڵەبابی شەڕ هاتە سەر زەنگی
دەرگا
وزە ئەفسانەییەکە مەشقی بە تفەنگ
و ئەسپەکەی کرد
نەچووە ڕاو
نەچووە جەنگ
ڕەگی مەچەکی خۆشی نەبڕی
لە تەنیایی نەترسا و نەچووە ناو
ڕووناکییەکی نائاشنا
بە ناوچەوانی لاشەڕ و ئاسوودەی چیا
و چۆمێکی
ئەوبەر و ئەم بەری بە درەختی بە
بەر پڕ
بەدەم هەوای خۆشەوە سەرکەوت
توانی گوێ لە خۆی بگرێ و دەنگی
دووری ناسییەوە
خۆر لە سەری بەرز بووەوە و
گومبەت دەرکەوت
قۆزاخە خەملی و باڵی تێدا نواند
تێکەڵ بە تەم نابێ و ئارەزووی بەدی
دێنێ
باڵندەیەک بۆ ئەم شارە بە
ئاسمانەوەیە
هەر ئەمرۆ دەگا و سەیری دواچڵ
دەکات

ئێستا بیر لە باڵندەیەک دەکەمەوە
لە خوێن و گۆشتی پیاوێکی هەتاو
نیوەئاوابوو

**جێناوەکان**

زەوی منەی خودی دەکا و خۆی بە
بەرزبوونەوەی باڵی باڵندە شووشت
چاویشی کورتبین نییە
ئا بەم شێوەیە من شتەکان ڕوون
دەکاتەوە
خۆمم بۆ تۆ گوتەوە
با بگەڕێینەوە دواوە تیر وژەی دێ
خۆمم بۆ ئەو گوتەوە
با بگەڕێینەوە دواوە هێز تووڕەیە لە
سێوی کەوتوو
خۆمم بۆ ئەوان گێڕایەوە
با بگەڕێینەوە دواوە ڕێگای
بەپەلەبەرد ڕێژکراو ئەسپ
پشووسوار دەکات
خۆمم بۆ ئێمە گوتەوە
با بگەڕێینەوە دواوە باران خوێناوی
لێ دەچۆڕێ و دەیکاتە هەڵم و
دەبێتە تانەی چاو
خۆمم بۆ ئێوە گوتەوە

با بگەڕێینەوە دواوە دەمامک بە
دەورمان دەخولێتەوە و چیاش بێ
شوورەیە
سەیری خاڵی پێوەری ناوچەوانی
مێژوو بکەن
پرسیاری سۆراخێکی بێئاکاممان لێ
دەکات
ڕەشیش لێمان دەڕوانێ و ناگەین بە
دووریی و ئومێدێکی بێ ڕێگاین
هەتاوی کەمقسەکەر بە ترسەوە
نەنووست
چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد و بە
هێزێکی زۆرەوە خۆی سڕییەوە
تۆوی ئەستێرەی لە کێڵگەی
جێناوەکان وەشاند
جۆگە بە نەرمایی زەوی پیاسە
دەکات
پێغەمبەرانی چاوەڕوانی ڕازی ڕووناک
دێنە سەری و دەیخۆنەوە
پاشان زمانیان دەبێتە فانۆس
دەنگخۆشی لە ڕوخساریان بووەتە
چەندین ڕەنگ
لە بۆنە لەشکاننەهاتووەکان دەیانبینین
نەرم نەرم هەنگاو دەنێن و چرا بە

هەواڵنامەی کتێب

دەستی ڕاستیانەوەیە ڕووناکی دەگاتە
زەوی

**ڕێگای دەوروبەر**

ئاسمان بە چ ئەستێرەیەک جوان
بووە
وا دڵم لە سینگمدا پێ ناشاردرێتەوە
مردن لەبەر چاکەکەت ڕێزت لێ
دەگرم
دارەبازەیەک لەسەر پشتی ئەسپێک
ببەستن
ڕابەری ڕەندان لەژێر تەمومژێکی
قاوەییدا کۆچ دەکات
ئەڵماس دەمامک نادا
لەناو ڕۆشنایی و پێشبینی و بێدەنگیدا
دەستم لە ملی سەنگەری دڵنیایی
کرد و گەرم بووە لوولەی تفەنگم
بە ڕێگای دەوروبەرم ڕۆیشتم و لەرز
بەری دام
گوارەم لە گوێی درەختێک کرد
هێلانەی تاریکی بەسەرەوە نەبوو
گەیشتم بە لاپەڕە بێکۆتاییەکان
لاپەڕەکان شاعیری بێهەوێنیان تێدا
نییە

پەپوولە ڕازی پاراوە و لە مۆم لادەدا
بەرەو مرۆڤی ناو لاپەڕە دەچێ
هیوای زیاد دەبێ و لە کەناری ئەو
ئاوانە دەنوێ خۆر ماسی تێدا بەهێز
دەکا
ئۆخەی هەموو شتەکان نزیکن
ئەسپ سەیری زەنگوڵە و گوڵینگی
ناکات
لە شەقام دەپەڕێتەوە و سێبەری
سواران وەک درەختی نزیک
پێشوازی لێ دەکەن
دەستی دەشوا و ئاوێنەی هۆڵی
وانەوتنەوەی جەنگی بەختەوەریی
دەسڕێتەوە

**گەشەی ڕەنگ لە شاری یەکەم و دوایی**

ڕەنگ لە دابڕاویی نادیار لەدایک
دەبێت
ڕەنگی دڵ گۆزەی پڕ ئاوی لەسەر
پلیکانەی ڕاڕەو دانا
شەوی بوو
پەپوولە شیلەی مژی و بە هێڵی خێرا
بردییە کێڵگە

دەستی لەسەر شانی ڕەگ دانا و
پەیمانی بەست
لە گەشەت ورد دەبمەوە و لەناوی
جێ دەمێنم
سەیرکەن تەواو سەیرکەن
سەیرکردن چاو نامۆ دەکا
لەسەر ناوچەوانی کێڵگە
بەروبووم دەمێنێتەوە و جیهان
دەگۆڕێ
لەسەر ناوچەوانی گۆزە
مێژوو لە بێدەنگییەکی درێژخایەن
دەشکێ و پارچەی یەک ناگرنەوە
چاوی مێژوو
کتێبخانەی منداڵی و شاری
بۆردوومانکراو ناترووسکێنێتەوە
جەستەی ڕووباری هاندان لە خۆی
ڕەت ناکات
بە دەوری خۆی دەیسووڕێنێتەوە
شۆڕش شەپرە لێی داوە
ناتوانێ مەلە بکات
دیکتاتۆر ڕۆنی لە بن پێی شۆڕشگێڕدا
هەڵیخلیسکاند بەرەو ڕووناکییەکی
چرووک
بەڕێوەم بەرەو تابلۆی هەمیشە
شتێک لە حاڵەتی ڕوودان هەیە وا چاو
دەسووتێنێ
مۆسیقایە هاوڕێم
بە نهێنیی گەشەی ڕووەک تابلۆ
دروست بوو
تینێکین لە هەنگاوی ڕەنگ
ناوی ئێمە لە دەم و لێوی گەورە و
پاراو دەبێ
شێوەکارانیش لەناو هێڵی خۆیاندا
جێ دەهێڵێ و مۆم بە دەوریان
دادەگیرسێ

**ئاوازی چاوپێکەوتن**

بای ساردی ساڵان لە نیوەشەوێک
نیگای تروو کاندم
لە ماڵی خۆم لەسەر دۆشەکێکی لە
پەڕی پەلەوەر دانیشتووم
پەنجەرەی شکاوم بە گۆرانی دەڵێم
گۆرانیم داواتان لێ دەکەن
دەست لەسەر گوێتان لادەن پڕ
ئاوازن
دەسرازەی پساوی منداڵێک کەوتە
سەر دەموچاوم
بۆئەوەی ماسیگرە تار نەبێ و دەریا

بناسم
لای دەدەم
لانکێکم لە کەناری ئاوێکی سروشت
هێمن دانا
ماسیگرە هێلکەی خۆی لەناو پاراست
ڕاوچییەکی تۆڕدڕاو هێلکەکانی لە بن
کڵاوی نا
بردییە بازاڕی چەنەبازان
لەپێناوی سڵاوی ماسیگرەیەک
ستایشی ژیان دەکەم بەفیڕۆ ناچێ
ژیان نزیکی بۆ لای من بگەڕێوە
کازیوان بە ئاگری باڵی ماسیگرە
چاوانم کەوی دەکەم و وێنەی شاری
سەرئاوکەوتوو دەگرم
سەرزەمین تەواو ماندووە و
پەنجەرەی ژووری خەوتووم
پێویستی بە ئاوازی چاوپێکەوتنی
دەنووک و باڵە
دەنووک و باڵ لە جوانی بەدی
هاتوون
بە ڕێز و شکۆوە دەدوێن
چیم بوێ بێ داوا پێم دەبەخشن
هەقیقەت ڕووی بازنەییە
قەل زماندرێژی کرد
خۆر بە پڕی سەرنجی دا و دەنووکی
خستە ناو جەنگەکانەوە

**بلیتێکی بێهێز**

بلیتی ژمارە بیست و هەشتی دکتۆرم
وەرگرت
دوای پشکنین و کۆمەڵێک
خۆشدوویی بۆ گەرمکردنەوەی
دەماری ساردم
دەمی تاریک و خامۆشی بە
ناوچەوانیەوە دیاربوو
لەگەڵ مەرگ قسەی کرد
بێژینگێک ئاوی هەڵگرت و سووڕاندی
شەکرەت بەرزە
پەستانی خوێنت زۆرە
هەناسەسوارییت باڵندەیەکی
هێلکەشکاوی هەڵکوڕماوە
لەرزەی دڵت چوار ناڵەیەتی
باداریبت بە ئازای گیانت
سەرەوژووریەتی و گەمارۆی داوی
مەرگ ئەوەی کەسوکارە نییەتی
بۆ مەتەڵێک پرسی چەند زمان ئازار
و سەروا و کێشت سەنگ دەکات
گوتم زمانی ڕووتم کوردییە و ئەم

زمانە مووچڕکی ڕۆحمە و بێژینگم
دەسوورێنێت
بە ئینگلیزییەکی خاو
لەژێر لێوەوە کوڕەکەمی فریو دا
هەوڵدە باوکت لە شارێکی ئاسمان
شیندا دڵنیا بهەژێ و دەست و پێی لە
جۆگەلان بشوا
مات ڕاما و گەشانەوە لە ڕوخساری
کوژایەوە
چاوی زیندووی ئەستێرەیەکی قاوەیی
گەمارۆی شکاند و ڕێگای ماڵی نزیک
کردەوە
بە دەموچاوی پڕ ئومێدەوە چوومە
بەر پەنجەرە و چاوم هەڵدایە هەر
حەوت ئاسمان
گوتم لە شاری ئەستێران دەژیم و
هەناسەم نەرم و خۆشە
ئەها شیعر ناز دەکا وەک کاتژمێری
چوونەژوان ڕێکی خستووم
شەکرە
پەستان
هەناسەسواری
لەرزەی دڵ
باداری

بە ئارەزووی خۆم لە شاری هاوار لە
ئاوێنە نوستوو ناچمە دەرەوە
هاودەمتم سڵاوم لێ بکە دەی سڵاوم
لێ بکە
بۆ هەمووان گریاوی
لە سێبەر و هەتاوی دەستت
نیازمەندیی هەموو شتێکم
لە نزیکەوە گەرماییت فریام کەوت و
ئاگری ناو فانۆس دۆزیمییەوە
خۆشی زمانی گرتووم و ڕووناکی وا
بە دەورمدا
لەنێوان لوولەی سووربووەوەی
تفەنگ و نیشانەدا
کەروێشک لەسەر پاشووی بێدەنگ و
مات وەستاوە
گۆرانی منی بەبیر هاتووەتەوە کە
بۆم وتبوو
ڕێبواری ماندوو و خۆبینیو
میهرەبانانە ئارەقە ناوچەوانی گەرم
دەکات
پێشی وایە پەڕاگەندەکراو بە دەست
بانگمان دەکا و ناوی خۆی دەڵێ
دابەزیومەتە قووڵایی بەشەکان و
یادەوەریی ئێشک دەگرێ

هەواڵنامەی کتێب

هیچ شتێکیشم لێ ون نابێ و ناو لە
هەموو جەستە و ڕۆحێک دەنێین

**ئەمڕۆ گۆرانییەک دەگوترێت**

شتێک نەماوە بیەوێ بگری
لە ئاسمانیش زەوی ڕوون دیار نییە
گڕوگاڵ و
حیکمەتی شادان و
قولاب هەڵدان بۆ مانگ و
هێنانی بۆ ناو تەشتی پارێزراو
لەسەر سندانیان دانام
کردمیانە پڵینگی فریا و چنگ
بەرزکردوو
مارم لە گەردەنی باڵندەی سەر
هێلکە کردەوە
ئەو شاعیرەی ئەفسانەی لەبارەوە
دەگێڕنەوە و ڕێگای درێژبووەتەوە
ئەمیش کات بە جریوە و جووکە و
ئەندێشە دەپێوێ
بەناو کڵپەی ناکاو دەخولێتەوە
لە وەنەوز و تەونی جاڵجاڵۆکە و
مێشی سەر لووتی ئەسپ تێدەپەڕێ
جیهان لەژێر پێیدا نەرمونیان و
گەورە دەبێ

زەوی دەڵێت تەنیا سەیرکەری مانگ
با بفەرمووێ
ڕوخسارم ماچ بکات و دنیا لە کڵپەی
ناکاودا بەدی بکا
لە بەدیکردندا جەنگاوەرێکی دێرین
گۆرانی کرانەوەی قۆزاخەی پەمۆی
گوت و پرچی خاو بووەوە

**ڕەنگی خودا ڕەنگی ئاو ڕەنگی شیعر**

پەنجەرە چاوی ترووکا
بێڕەنگ ڕوومەتی خۆی بە پڕی
پیشان دام و کوارگی کێوی ڕوومەتی
بەرزکردەوە و پەڕی کردەوە
پەنجەرە خانەی جەستەی خۆری
تازەگەیشتووی چیایانە
بە ئارامییەکی زۆرەوە بێڕەنگ چنی
ئەو ڕۆژەی مرۆڤ دروست بوو
بێڕەنگ هەموو ڕەنگی دابووە دنیا
هێواش بە ڕێیان دەڕۆم و فوویەک
لە ئاگری ڕاوچییان دەکەم
سوپاس بۆ بەختی باشم
بێڕەنگم لە پێوانی قووڵاییەک ناسی
دیارییەکی کۆن بوو بۆم گەڕایەوە و
نازی ڕادەگرم

ڕەنگی ڕژاندمە ناولەپ و
چۆلەکەیەک بژاری کرد
ئاوا
بەڵێ ئاوا
نهێنی بژار کرد
هەر گیانلەبەرێک نهێنی بناسێت
ناوچەوانی لەسەر عەرد دادەنێ و
نوێژی هەردوو دنیای بۆ دەکات
ناسین هێزە سەر بۆ هیچ نانەوێنێ
لاولاوی بە دیوار هەڵگەڕاو لادەدا
برینی دیوار دەسڕێتەوە و خۆشحاڵ
دادەنیشێ
شەرابی بە دەمودووی پێغەمبەران
گەییوە
ناو و وێنەی ڕایەڵە و زایەڵەی
بەرەبەیانی لاوین

**کاتی تایبەتی ڕووبار**

ڕووبار نەخشەی شەڕەپشیلە نییە
هێڵێکی خرۆشاوی درێژە لە پەرۆشیی
زەوی
ڕووگەنما کانەگەنجینەی لەسەر لێو
دەڕوێ
زمان دەیزرینگێنێتەوە
لەنێوان چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێدا
هەنگاوی ناوەند دەهێڵێتەوە
شاری پڕ لە شەقام بانگمان بکە
کلیل لە دەستی دیکتاتۆر بڕفێنین
بیخەینە گەنجینەی منداڵێک
پدووی گەرمە بە هاتنی ددانی
شیری
هەم وەک مەشقی کردنەوەی دەرگا
هەمیش وەک حیکمەتی شەقشەقە
پەرە دەستێنێ
هاوڕێی گیانی دەبینێ و پشوو دەدا
نهێنییەکی زۆر لە ڕووگەنما جێ
دەهێڵێ
لە مەودایەک زمان بیزرینگێنێتەوە
ڕووبار کاتی تایبەتی هەیە بۆ خەوتن
و خەڵک بانگکردن لە کەناری دانیشن
بۆنی زیندەوەرانی ناوی دەکات
لێشیان دەپرسێ
هیچ بێزاریتان لە پەروەردەکاریم
هەیە
زرینگانەوەی زمان
چلباز لە کونی ورد دادەبەزێنێ و
دەیکاتە کەتانی شۆردراو

**بەردی گرانبەهای جوودی**

هەموو بەردی گرانبەها کوڕی
نۆبەرەی نیشتمانی منن
لە سۆراخیان ڕێگا چوونەوە ناویەک
بێ هیچ سەرسامییەک بەناو خۆمدا
سووڕاندمیانەوە
ئەسپی سمکولم لەگەڵدا نەبوو
مەست و شادمان گەیشتم بە شاری
بێ ناونیشان
ڕێ لێ ونبووان بێپەروا مۆمیان بە
دەور داگیرساندم
گوند ناترسێت لە بوون بە شار
سیمرخ باڵی بچووک بوو
لەسەری جێم نەبووەوە
لە تەنیشت تەندوورێک باڵی لار
کردەوە و دانیام
کوا ئەو ئاگرەی قوڕی دروستبوونمی
کردە پەیکەر
گورگ کەڵبەی کلۆر نییە
لە لەنگەری کەشتیی هاتونەهاتدا
شایەدی دەدەم
دوای نیشتنەوەی هەڕەشەی ئاو
چیای جوودی خۆی پیشان دا

لەناو دەستی بەڕەنگوبۆنی پیرێک
پشووی دەدا و دەیناسینەوە
تای بەهاری لێ بوو
پێی گوتم بە ئاوازی چ کۆڕاڵێک و
چۆن پرسیاری لێ بکەم
شوێنی لەدایکبوون بۆنی چی دەدا
گوند بۆ ناترسێت لە بوون بە شار
ئەوەی لە ناوچەوان نووسرابێت چاو
دەیبینێت
گەر ڕوخساری ئەوانە ببینم کە
دەمنێژن
ڕووناکییان لێ کۆبووەتەوە و بەدوای
هەواڵی ئەمڕۆ لە سنوور ڕووداوێک
هەیە دەچن
لە خۆمدا جێم دەبێتەوە
باڵندەی باڵ لە باران خووساو
دێتە ژێر کەپری دەستی خاڵیی لە
گومانم
ژمارەی ئەو خانووانە دەڵێت
خۆشەویستانی تێدا دەژین

ئابی ٢٠٢٠ هەولێر

# مرۆڤی بێ سێبەر



هەواڵنامەی کتێب

**شوان تۆفیق**

منم پیاوێکی غەمگین
لە بەر پەنجەرەی ژنگێکی تەنیادا دانیشتووم و
چاوەڕێی تێپەڕینی وەرزی پاییز دەکەم
منم پیاوێک لە ڕەگەزی بیابان، سەرەتای هاوین هەموو ڕووبارەکانم بە
یادەوەری تۆ بەخشی و
بۆ خۆم بە چۆڵیی مامەوە ..
منم پیاوێک بە بێ ئاسمان
چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەستێرەیەک دەکەم

کەچی هەورەکان تێپەڕین و من
بەدوای چەترێکی سپییدا
تا سەر لوتکەی چیاکان ڕامان کرد و
ئەشکەوتێک دڵی خۆی بۆ نەکردینەوە
،هەتا بیکەین بە ماڵی ئەبەدییمان
لە ئادەم و حەوا ڕووتر بووین و
درەختێک هەندێک گەڵای پێ نەداین
بیکەین بەکراسی بەرمان
زەنگی کڵێساکان لێیاندا و
کۆتری سەر منارەی مزگەوتەکان
فڕیین و
ئێمە لەبەردەمی ئازارەکانمان، دوو
مشت نزامان پێ نەمابوو
دوێنێ سێیەمین ڕۆژی گەڵا ڕێزان بوو
من ئیتر بەبێ تۆ دۆستی هیچ
باخچەیەکی ئەم شارە نییم
تۆ نەبیت کێ حەوسەڵەی ئەوەی هەیە
دڵی برینداری ئێوارەیەک تیمار بکات
کاتژمێرێک لەم ماڵەیە، سەری
گێژدەخوات، هێندە بەدەوری تەنیایی
ئێمەدا خولاوەتەوە
لە کۆڵان بادێت، لە پەنجەرەوە
ڕووناکی،
لە درزی ئەلبوومێکەوە نیگایەکی تۆ ..
کە وێنەکانت هەڵدەگرم
شار پڕدەبێت لە بێدەنگیی
من گەڵایەکی وشکم بەسەر کۆتا
درەختی
ئەم شارەوە
پاییز هەڵوەرینم دەبینێت، تۆ
نایبینییت
شەو وەک مرۆڤێکی دەردەدار
بەدیار جوانیتەوە دەکۆکێت
ئەم گوڵە وشکانەی باوەشم دواجار
لەبەر دەرگای ماڵی کێدا جێ بهێڵم؟
فاڵگرەوەکان دەڵێن:
بەیانی هیچ کەشتییەک بەدەریادا تێ
ناپەڕێت
دوو بەیانی ئەم بەندەرانە بەسەر
پیاوێکید تەنیادا وێران دەبن
دوێنێ لە پرسەی شکانی ئاوێنەیەکدا
بەکوڵ گریام
لە بەرانبەر دیوارە کۆنەکاندا
وەستام و درزەکانی سەر دڵی خۆم
بیرهاتەوە
لەسەر ڕێگەی وەرزێکی غەمگین
چاوەڕێم کردی
گەڵا بەدرەختەکانی ئەم شارەوە
نەمابوو
کەچی هێشتا تۆ بەدڵی منەوە مابووی

لەبەر تۆ دەرگای ئەم ماڵەم
سالآنێک بەکراوەیی هێشتەوە
کۆڵان پڕ بوو لە سەربازی هەڵهاتوو
چرایەک لەم ماڵەدا نەبوو،
بریندارەکانی
لەبەر تیمار بکەین
بیرکردنی تۆ لەو نزایە دەچێت کە تا
قیامەت گیرا نابێت
بۆیە دواهەمین ترپەی دڵم بە تۆ
دەسپێرم
کە تۆ فرێم بدەیت لەناو دەستی
کام ژنی ئەم شارەدا بۆ بوونی خۆم
بگەڕێم؟
دەستم لەسەر کام ئاگر ڕابگرم، تا
ڕەنگی کراسەکانتم بیرچێتەوە
لە پەنجەرەکاندا ڕووناکییەک دەبینم و
وا دەزانم تۆییت
لێم گەڕێ با بەناو باوەشتا تێپەڕم و
وەک پیاوێکی قاچاغ لەسەر
سنوورەکانی تۆدا بمێنمەوە
لە خەونەکانمدا تۆ دەبینم؛
هەموو شەوێک لە کۆڵان دەوەستیت و
لە دەرگە نادەیت
کاتێک بیرت دەکەم، دڵم لەناو
پاسێکی شیندا لێ جێ دەمێنێ و
قەرەجێک دەیدۆزێتەوە
لە ئاسمان دەکەومە خوارەوە و
جارێکی تر دەشکێم
تۆ هەموو ڕۆژێک بەسەر پارچە
شکاوەکانما تێدەپەڕی و
گوڵێک لە حەوشەی ماڵتان وشک
دەبێت
کاتێک بیرت دەکەم، دونیا لە گڵۆپێکی
کوژاوە دەچێت
بەکەڵکی ئەوە نایەت لە نزیکییەوە
دابنیشی و سیگارێک بکێشیت
بەدوای سێبەرێکدا ڕادەکەم، ناویان
لێ ناوە عیشق
لە شارێکدا ون دەبم، پڕە لە لافیتەی
ڕەش
هێشتا پرسەی یەکەمین ئەوینی
دۆستەکانم تەواو نەبوون
من بەدیار سەیرکردنی چاوەکانتەوە
نەزیف دەبم
لە پەپولەیەکی مردوو دەپاڕێمەوە
بمباتەوە نزیکی گوڵی دارپرتەقاڵەکەی
حەوشەتان
بەپەیژەکاندا سەردەکەوم و جارێکی
تر ناتوانم دەست
لە ڕووخسارت بدەم ..



هەواڵنامەی کتێب

لە بەرزایی شووراکانەوە بەردەمەوە
سەرجێگاکەم
دیوار بەساویلکەییم پێدەکەنێت
سەرم دەخەمە ژێر سەرینەکەم، لەو
دیوو لێواری خەونەکانمەوە، هێشتا
بۆنی تۆ دێت
تیشکی خۆری بایانییش ناتوانێت
جارێکی تر ئەم ژیانە ساردوسڕە
گەرم بکاتەوە
دوێنێ بۆ مەرگی ئەو سێوانە گریام،
کە بەدرەختی ڕابردوومانەوە کرم
لێیدابوون
لە دڵی خۆمدا دەم ووت:
جگە لە تۆ کێ دەتوانێت نەختێک
ڕەونەق
بەم دونیایە ببەخشێت!
ئەم باڵندانە لە قەفەسدا بیر لەڕەنگی
ئاسمان دەکەنەوە
منیش بیر لە چاوەکانی تۆ ..
پەنجەرەکانم بە ڕووی خەیاڵدا
دادەخەم و
بەتەنیشتی هەناسە قوڵەکانی خۆمەوە
دەمێنمەوە
ئەم چرا بچووکانەی ناخم شەڕی
تاریکیان پێ ناکرێت
لە باخچەکاندا با دێت
ئەمە کۆتایی وەرزی ئاسوودەییە
بەیانی لەدوای زەنگی تەلەفۆنێکی
تۆوە،
دیسان بادێت
تەنافێک بەناو جلەکانی تۆدا
دەپسێتەوە
من بە قەمیسێکی شینەوە بیرت
دەکەم
لە گۆڕستانێکدا چاوەڕێتم، بەشایەدی
پۆلێک ئەستێرە، ئێسکی چەناگەی
خۆتم پێبدەی
لەسەر پەراسووەکانم دوانامەی
ئەمساڵت بۆ جێ دەهێڵم ..
بەفرێکی تر بەسەر درەختە
ڕووتەکانی ئەم شارەدا دەبارێ و
تۆ نایخوێنیتەوە
نامەکانم دەبن بە شەرابێکی کۆن و
هەموو شەوێک خەون بە تریفەی
مانگەوە دەبینن
تریفەی مانگ تۆییت و
قەرار نییە وا بەئاسانی جارێکی تر
بێیتە خەونم.
کە بێدەنگ دەبیت، جێ سمی
ئەسپەکانت پڕ دەکەم لە فرمێسک و

بەدیار وشکبوونی چەپکێک گوڵی
بەیبوونەوە ڕیشی سپی دەهۆنمەوە
ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان من سەدەفی
سپی ناو ڕووبارەکانی تۆ بووم
بۆ نەتدۆزیمەوە؟
ئەگەر شەوێک من ئەستێرەی
سوەیلی تۆ بووم، بۆ ونت کردم؟
ئەگەر من هێلانەی بۆنخۆشی شیعر
بووم
بۆچی باڵندەکانت نەیان ناسیمەوە؟
سڵاو ئەی دارستانی تەزیوو
ئەی بێ ئاگا لە تیشکی خۆر
ترسناکتر لە بێ دەنگیی، دەنگی با_یە،
کە بەناو دەستی بەتاڵی مندا
تێدەپەڕێ و
دەگات بەناو پرچی سەوزی تۆ
بۆیە ئەمڕۆ لەودیووی سنوورەکانی
دووریتەوە، وەک بەردی بەر باران
ڕووت دەبمەوە
یادەوەریت ددانی ئەوەندە تیژە
لەناو ئەم قەسیدەیەدا جلی بەبەرەوە
نەهێشتووم
ئەو ڕۆژانەم بیردێتەوە کە ماچت
دەکردم و بیرت لە خنکانم
دەکردەوە
لەبەردەمی شمشێرەکانتا،
من جاران چەند پیاوێکی تاقانە بووم
خوێنم لەڕەنگی ئەو گێلاسانە دەچوو،
کە بەدزی ئاسمانەوە خواردمان
لەنێوان گۆرانی و مردندا مەودایەک
هەیە دەتوانین بە هەناسەی سارد
پڕی بکەینەوە
لەنێوان باران و
تەنیاییدا بۆ شاییەک هەیە بە هیچ
شتێک پڕ نابێتەوە
لە کۆتایی شەودا دەگەڕێمەوە
بۆ ماڵ و شەقامێکی خووساو بە
یادەوەریی تۆ، نامناوەسێتەوە
لە پەنای دڵی تۆوە خولیای کەمێک
شکۆمەندی بووم
کەچی عیشق پێی نەبەخشییم ..
دووشەمەیەک سێبەرەکەت ڕووخا و
من لەبەر تیشکی خۆرهەتاودا تەنیا
مامەوە
مرۆڤ کە سێبەری نەبوو ناسوتێت،
تا دوورترین جێگەی ڕۆحی، دەبێت
بەکێڵگەی برین.
مرۆڤ کە سێبەری نەبوو، پشتی
دەشکێت، نەک دڵی.

کتێبی هەواڵنامەی

# پۆل پۆل دەڕۆن



بەکر ئاڵەیی

کەس نییە دەست بەباخچەوە بگرێ
کەس ئاوڕ لە پشکوتنی گوڵ نادایەوە
ئاوی سەربانەکان پڕن لە ڕۆحی مەزن
چۆڕ چۆڕ دەڕژێنە ناو زێرابەکان
گەڵای درەختەکان
بەرگی ژنە ڕەشپۆشەکانی نیشتیمانن
بە ئاگری بێ ئامانی دڵبەردەکان دەسووتێن



پۆل پۆل خەون ژێر گڵ دەبن
لەنێو ڕەوەزی تابووتەکان دەخەون
بە دیار هاتنی ئەوانیدیکەدا ڕاماون
کەس نیە دوعا بۆ مانەوەی ئاسمان بکا
کەس نیە لە توڕەیی ئاسمان ڕانەکا

***

چاوم لێیە وردبوونی خۆم دابەشدەکرێ
و چی ڕەنگی ڕەش هەیە دێتە ناو بوونم
وەک خۆم یادگارییەکانیشم پەرتۆ دەبن
وەک خەیاڵە کوژراوەکانی دایکم ڕۆیشتم
ژنێک دڵی خۆی بۆ کردمەوە هیچ
بەهانەیەکی بۆ ژیان تێدا نەبوو کوشتیان
چنارێک بە دیار خوێنی کاروانچییەکەوە
شەقشەقەی منداڵێکی ڕادەوەشاند
پۆل پۆل گۆرانییەکانی ماڵاوایی ڕۆیشتن
شەڕی نیگاو دەست بڵندکردنی خۆر
ئاوابوون ڕۆیشتن
دەتوانم چی بنووسمەوە بۆخۆم
تا دڵم بەرگەی ئەو هەموو ڕۆیشتنانە
بگرێ !

***

# جۆرێن بازرگانییێ



بەیار باڤی

بازرگانێت
تلیاک و تۆز و تویتنێ
هەکەر نەهێن گرتنێ
دشێن د ساڵەکێ دا
سێ ڤیلەیان
بدن چێکرنێ ..
بازرگانێت

ماکیاج و گۆل و گۆلاڤا
دشێن د وەرزەکی دا
ببن خودانێت
جهێت جوانکاریێ
و سالۆنێت
خەملاندنا بویک و زاڤا ..
بازرگانێت
چێل و تەرش و تەوالی
دشێن د هەیڤەکێ دا
ببن خودان ترۆمپێل
و تەقم و ناڤمالی ..
و بازرگانێت کوردینیێ
دشێن د رۆژەکێ دا
ببن خۆدانێت ڤی باژێری
هەمیێ !!



هەواڵنامەی کتێب

# سێبەرت لە ڕوانینم دەڕوێ



جێگر بەختیار

ماوەیەکی زۆرە نەم بینیوە، خۆم لێ حەشار دەدا. ئێستە دوای ئەو هەموو ساڵە لەناو ژوورەکەم سێبەری کەوتەوەتە سەر لا دیوارێک.
دڵنیام خۆیەتی، بەڵام نامەوێت سەرم هەڵبڕم، و ئەم ڕاستییەم بۆ ڕەوان بێت.
لە ژوورەکەمم سێبەرم کەوتووەتە سەر زەوی، پیرە پیاوێکی پەکەوتە و لەڕ و لاواز. یاری لەگەڵ سێبەرەکەم دەکەم، ئەوە کۆترە هەڵدەفڕێت، ئەوە مارە لەو لاوە دێت قووتی دەدات. ئەوە هیچە، هیچە و لەناو سێبەرەکەی مندا دێنە بوون و هیچ نین. تەنیا دەستەکانمن دەمێک دەیان کەم بە دڕندە و

دەمێکیش بە ئاژەڵێکی میهرەبان.

دوای ئەم هەموو ساڵە هاتووە دووبارە خۆیم نیشان بدات.

یەکەم دیدارمان بەر لە چەندین ساڵ پێش ئێستە بوو.. ئەو کاتە، کە دەمویست پەردەی ژوورەکەم دابدەمەوە، کەوتە بەر دیدەم. خۆی نا بەڵکوو سێبەرەکەی بوو کە کەوتبوە سەر لا دیوارێک، سەرەتا وام دەزانی تەنیا جلەکانی دەگۆڕێت و لە چاوانم ون دەبێت. بێ ئەوەی هەست بەوە بکات، کە ڕەنگە کەسێک ببینێت، خۆی ڕووت کردەوە. هێشتا لەبەر پەنجەرەکە وەستا بووم، پێم وابوو کە گوێم لە گۆرانییەکی حەسەن زیرەک دەبێت. تەنیا بوو یان کەسێکی تری لا بوو؟ تا ئەو کاتەی گوێم لە گۆرانییەکە بوو ئەو لە شوێنی خۆی نەجووڵا و دەستی لە هیچ شتێک نەدا.

تەنیا سێبەرەکەی لە من دیار بوو، سێبەری کچێکی ڕووت، دواتر لەگەڵ گۆرانییەکە دەستی کرد بە سەما. «ئەی بە لار و بە لار و بە لارت بم، فیدای مەمکۆڵەی جووت هەنارت بم» سەرنجی ڕاکێشام و وای کرد بەدیارییەوە بمێنمەوە. سەرەتا بەس دواوەی لە من دیار بوو، لەشێکی باریکەڵە. کەمەری کەوانەیی دەکرد و پرچی بە لادا دەهات. قژی بە حاڵ دەکەوتە سەر شانی. بە ڕاست و چەپ خۆی کەوانە دەکردەوە. دەستەکانی واڵا دەکرد و چەقەنەی لێ دەدا.

خۆم لە پشتی پەردەی پەنجەرەکە حەشار دابوو، ناوە ناوە سەیری هاوسەرەکەمم دەکرد، کە لەسەر تەختەخەوەکە نووستبوو. دەستێکم لەسەر پەردەکەوە بوو، وەهام دانابوو هەر کاتێک هاوسەرەکەم بێدار بووە ئەوە خۆم خەریک کەم بە دادانەوەی پەردەکە.

خۆی خستە سەر لا تەنیشت، لەشی زیاتر بەدیار کەوت. هەنارم دەدیت کە گوڵناری پێوەیە. مات و حەیران بە دیارییەوە مابوومەوە، ئەمجارەیان بە پشت دا خۆی خستە سەر قەرەوێڵەی ژوورەکەی و دەستەکانی بەرز کردەوە و لە هەوادا یاری پێ دەکردن. لەگەڵ تەواو بوونی گۆرانییەکە یارییەکەی ئەویش تەواو بوو. چاوەڕێ بووم دووبارە قیت بێتەوە و دەست پێ بکاتەوە،

بەڵام بەم شێوەیە کۆتایی هات.

ئەرێ بە ڕاست گۆرانی هەڵکردبوو یان من لە خەیاڵی خۆمدا ئەوەم دروست کرد؟ ئێستە کە بیری لێ دەکەمەوە دڵنیا نیم، ئەرێ حەسەن زیرەک لە مێشکی مندا گۆرانی دەگوت؟ نزیکەی سەد مەترێک لە یەکتر دوور بووین، ئەی ئەو دەنگە چۆن گەیشتە من؟ ئەی ئەگەر دەنگی گۆرانییەکە گەیشتبێتە من، چۆن بوو هاوسەرەکەم بە ئاگا نەهات؟

کە لەسەر تەختەخەوەکەم درێژ بووم لە تەنیشت هاوسەرەکەم، مینای کچەبێگانەکە دەستەکانم بەرز کردەوە و یاریم پێیان دەکردن. لە خەیاڵم لا نەدەچوو، هەستم دەکرد سەمای لەگەڵ دەکەم. پەنجەی شایدوومان و باڵا بەرزەم دەکردە شێوەی مەقەست و لە ناوەڕاستی پرچی هاوسەرکەمم گیر دەکرد وەک ئەوەی بمەوێت بیبڕم. لە خەیاڵی خۆمدا پرچی ژنەکەمم بڕی! چ شتێک وا سەرنجی منی ڕاکێشا بوو، لەکاتێکدا دەیان جار بە هاوسەرەکەمم گوتووە پرچت نەبڕی، ئافرەت یانی پرچی درێژ؟ دەیان شەو تا خەو بمباتەوە پرچی درێژیم خستووەتە سەر چاوم.

چەند شەوێکی تر چاودێریم کرد، بەڵکوو دەربکەوێت، دەرنەکەوتەوە! وام هەست دەکرد کە تەنیا لە خەیاڵی خۆمدا ئەمەم بینیووە و هیچ شتێکی وا ڕووی نەداوە. بە خۆمم دەگوت: ڕوویدا بێت، دەبێت دووبارە ڕوو بداتەوە، بە لایەنی کەمەوە جارێکی دیکە. هەندێک کردار ئاراستەی بازنەییان هەیە، جارێک ڕوو دەدەن و دەخولێنەوە و دەخولێنەوە تا جارێکی دیکە ڕوو بدەنەوە یان چەند جارێکی دیکە ڕوودەدەن.

بوو بە خەیاڵێک لە مێشکمدا، تا وای لێهات خەریک بوو وردە وردە بیرم دەچوو. تا ئەو دەمەی لەگەڵ هاوسەرەکەم لەبەردەمی ئەپارتمانەکەمان لە تاکسییەک دابەزین. جارێکی دیکە بینیمەوە لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلێک بوو، چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاو بوو، ڕوو لە من، بەیاراستەی چاویلکەکەی بێت ڕەنگە ڕێک سەیری منی کردبێت. نەم دەتوانی بە ڕوونی ڕوخساری ببینم، داخوا لە نزیکرا چلۆنە؟ سەرنجم کەوتبووە لای، کاتێک هاوسەرەکەم توند

دەستی گووشیم بێدار بوومەوە. هەموو دەم وایە، بێ ئەوەی بزانێت بەڵام وەک ئەوەی هەستی پێ بکات کە سەیری ئافرەتێک دەکەم، توند دەستم دەگوشێت تا پێم بڵێت: منت هەیە، غیرەت لێ دەکەم سەیری کەسێکی دیکە بکەیت. سەیرێکی هاوسەرەکەمم کرد وەک ئەوەی هیچ نەبوو بێت و هەر خەیاڵم لای ئەو بێت، بزەیەکم کرد و ئاماژەم دا بڕۆین. خەیاڵیشم لەلای ئەو بێگانەیە بوو.

شۆفێری ترومبێلەکە پیرەپیاوێک بوو، وام دانا باوکییەتی. خۆشی هەر بیست یان کەمێک زیاتر یانیش کەمێک کەمتر دەبوو.

ئەگەر دووبارە ئەم بیبنبایەوە ڕەنگ بوو لە بیرم کردبا، دیتنی زیاتر سەرنجمی ڕاکێشا و شتێک لەناخمدا جوڵا. خۆشەویستی یەکەم نیگا بوو یان نا؟ دڵنیا نیم، بەڵام ئەگەر ئەوەش بێت، ڕێی تێدەچێت، وەک چۆن بە یەکەم نیگا عاشقی هاوسەرەکەم بووم، ئەو دەمەی لە ئاهەنگی ژن گواستنەوەی هاوڕێکەم بینینم. هەموو هەوڵێکم دا، تا لێی نزیک بوومەوە، زۆری پێچوو تاکوو ڕازیم کرد و هاوسەرگیریم لەگەڵی کرد. دەستم هەڵنەگرت تا ئامانجەکەمم پێکا، دەیگوت: ئەو ئینکارییەی تۆم خۆش دەوێت، بڕیاری هەرچییەک بدەی تا کۆتایی بەردەوام دەبیت و دەست هەڵناگریت.

ئێستەش ئەو بێگانەیە شەیدای کردووم یان شتێکی دیکە لە ناخمدا دەمجووڵێنێت؟ دووبارە چاودێریم کردووە، دەمویست بزانم کێیە، چۆنە؟ چۆن چۆنی دەتوانم تێکەڵیان بم؟ یان دەمویست لێی نزیک ببمەوە، تا بگەمە لەش و لاری؟ پێویستم بە خۆشەویستییەکەی بوو؟ خۆ من هاوسەرەکەمم خۆش دەویست، تەنانەت بە بیرکردنەوە لەوەی لێی دوور دەکەومەوە ئازارم دەچێشت. ئەی ئەو خۆشەویستییەی لەو کێژە دەمویست چی بوو؟ خۆشەویستی یان مرازێکی دیکە؟

ڕۆژێک کە سەیری کتێبەکانم دەکرد، بیرۆکەیەکم بە مێشکی داهات. کۆمەڵێک کتێبم هەڵبژارد، لەو کتێبانەی خەڵکی بە گشتی دەیانخوێنێتەوە. یەکراست بەرێ کەوتم بەرەو ئەپارتمانی بەرانبەرمان، زەنگی دەرگەکەم

هەژاند. پیرەپیاو دەرگەی کردەوە. ڕێکپۆش و لەسەرخۆ دیار بوو، لەو پیاوە دەوڵەمەندانە دەچوو کە جلی نووستنیشیان دەقی نەگرتووە. ئیستێکم کرد، کە لە نزیکەوە بینیم هەستم کرد ئاشنا دیارە! وەک ئەوەی ساڵانێک بێت بیناسم، هەر لە خۆمەوە حەزم دەکرد کەسێکی ئاشنام بێت و ناوەکەیم بیر بێتەوە، بڵێم: کاک فلان چۆنی؟ بەڵام ناوی کەس بە مێشکم دانەهات و کەسم بیر نەکەوتەوە. سڵاوم لێی کرد و پێم گوت: من فرۆشیاری کتێبم، دەگەڕێم بەناو ماڵاندا بزانم کتێبیان ناوێت؟ ئەرێ هیچ کتێبێکت پێویست نییە؟

فرۆشیاری کتێب نەبووم، بەڵام هەر بە ڕاستی دەمویست کتێبەکانم بفرۆشم، جێگام نەبوو لێیان دابنێم و جگە لەمە پێویستشم بە پارە بوو. سەرەڕای ئەمانەش، لە چنگ بۆڵەبۆڵی ژنەکەم نەجاتم دەبوو و بەڵێنەکەمم بەجێ دەگەیاند کە پێیم دابوو، کە دەبوو هەموو کتێبەکان بفرۆشم جگە لە چەند دانەیەکی بەرگ ئەستوور نەبێت، کە ژنەکەم بۆ جوانکاری ناو ماڵ لە ڕەفەکە دایان دەنێت.

ترسی ئەوەشم هەبوو ڕۆژێک پەڕپەڕیان بکات و دوور فڕێیان بدات، پێشتریش چەند کتێبێکی لێ دڕاندبووم.

هێشتا پیرەپیاو وەڵامی نەدابوومەوە، دەنگی کیژێک بەر گوێم کەوت.

بێ ویستی خۆم سەیری ئەو ناوەم کرد، هیچ کەس دیار نەبوو.

- کێیە پیاوەکە؟

وام بیر کردەوە هاوسەری پیرەپیاوە و پیرەژنێکە لەبەر ئەوەیە دەنگی ئاوا سەیرە. بەڵام پرسیارەکەی بە شێوەیەک بوو وەک ئەوەی لە مێژە چاوەڕوانی گەیشتنی میوانێک بێت و هێشتا نەگەیشتبێت.

- فرۆشیارە.

پیاوەکە بە دەنگێکی بەرز ئەوەی گوت و ڕووی لەمن کرد؛

- نەخێر کتێبمان ناوێت، ناخوێنینەوە.

لە دڵی خۆمدا گوتم: جا پیرەی قۆتر ئەتۆ کەوڵەکۆنی نا خوێنییەوە، کێ ناڵێت کیژەکەت نایەوێت بخوێنێتەوە.

بە نا دڵی ماڵئاواییم لێ کرد و بەجێم هێشت، یەکەم هەوڵدانم، شکستی هێنا.

شەوانە بەر لەوەی بخەوم، خووم بەوە گرت پەردەکان دابدەمەوە و بە دزییەوە سەیری ئەپارتمانی بەرانبەرم بکەم. بەڵام هەرگیز ئەوەم نەبینی کە چاوەڕێی بووم، ڕەنگە تەنێ خەیاڵی خۆم بوو بێت!

چەند ڕۆژێک دواتر، ژانەسەر تەنگی پێ هەڵچنیم، لەوەتەی بیرمە ژانەسەرم لەگەڵدایە، زۆر جار حەزم کردووە گوللەیەک بنێم بە تەختی نیو چاوانم و نەجاتم بێت لە سەر ئێشە.

ژانەسەر هێرشی هێنابوو و منیش چەندی دەگەڕام دنکێک پاراستیمۆڵم نەدەدۆزییەوە، ئەو ژنەی من هەموو ڕۆژ شوێنی کەرەستەکانی ناو ماڵ دەگۆڕێت، وەک بڵێی یاری لەگەڵ شمەکەکان دەکات، ئەگەر ڕۆژێک هەموو ناوماڵکە بەسەر یەکدانەدا و ڕێکی نەخاتەوە، ئەوا ئەو ڕۆژە من تێکدەدا و شەو چاکم دەکاتەوە. تا دەهات ژانی سەرم زیاتر تێنی بۆ دەهێنام. لە ئەپارتمانەکەم چوومە خوارەوە و بەرەو دەرمانخانەیەکی نزیک، زۆربەی کات لای ئەو پەرستارە کە خاوەنی دەرمانخانەکەشە، چارەسەری پەتا وەرزییەکان وەردەگرم.

لە دەرمانخانەکە پارچەیەک حەبم وەرگرت و شۆڕم کردەوە لای کتێب فرۆشێکی هاوڕێم، تا بزانم هیچ لە کتێبەکانم فرۆشتووە کە لایم دانابوو و پارەکەی لێ وەربگرم.

کە چوومە ناو کتێبفرۆشییەکە، بەسەر گفتوگۆی پیرەپیاوەکە و کتێب فرۆشەکە داچووم، لە دڵی خۆمدا گوتم: ئێییی خۆ گوتی کتێب ناخوێنمەوە!

گوێم لێ بوو بە کتێبفرۆشەکەی دەگوت: کۆمەڵێک چیرۆکم هەیە، دەمەوێت چیرۆکەکانم بنێرمە دەزگایەک بەڵام چاپیان نەکات تا ئەو کاتەی دەمرم. نابێت ئەو چیرۆکانە بڵاو ببنەوە.

کتێب فرۆشەکەش پێی دەگوت: نازانم کام دەزگا دەتوانن ئەو کارە بکەن.

پیرەپیاو کە منی بینی، وەک ئەوەی تووشی شەرمەزاری بوو بێت، سەری

هەواڵنامەی کتێب

نەوی کرد و ڕۆیشت. بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ ئەوە نووسەر بێت من نەی ناسم، خۆ من زۆربەی نووسەرەکان دەناسم، ئەی ئەمە کێیە؟

بەدوای داچووم و ئەوە دەرفەتێکی باش بوو تا لە کچەکەی نزیک ببمەوە، هێشتا خەیاڵی سەمای کچەکەی کە لە سەرم دەرنەچوو بوو. لەسەر شەقام پێشم لێی گرت؛

– ببوورە ببوورە.

لە شوێنی خۆی وەستا و سەیری کردم، نەمهێشت بێتە گۆ؛

– دەتوانی متمانە بەمن بکەیت، چیرۆکەکانت بدەیت بەمن دەیان پارێزم. من خۆشم نووسەرم.

نووسەر بووم تا پێش ئەو کاتەیی لە پەنجەرەوە کچە بێگانەکەم بینی، بەڵام لەوە و بە دوا نیازم نەبوو هیچ بنووسم.

مۆرەیەکی لێ کردم و بە تووڕەییەوە سەیری کردم، هیچی نەگوت.

– ببوورە ڕەنگە بەهەڵە لە من گەیشتبیت، بەڵام ئەوە شتێکی ئاساییە منیش بەشێک لە چیرۆکەکانم نیشانی کەس نادەم و نا هێڵم کەس بیانخوێنێتەوە. پێم وایە جارێک کاتیان نەهاتووە.

درۆم کرد، تا ئەو کات هەر چیرۆکێکم نووسیبوو بەتاڵوکە بووبووم تا دەزگایەیەک یان ڕۆژنامەیەک بڵاوی بکاتەوە. هیچ قسەیەکی نەکرد و ڕۆیشت. ئیتر دووەم دەرفەتیشم لەدەست دا. ئەستەم بوو بتوانم بە ئاسانی لەو خێزانە نامۆیە نزیک ببمەوە.

وردە وردە دەستم هەڵدەگرت و بێ هیوا دەبووم، بیرم لەوە دەکردەوە کە چەندین جار بە خۆمم گوتووە: ئەوەی بەدوای کەوتی لێت ڕا دەکات، ئەوەی لێی ڕات کرد بە دوات دەکەوێت.

لێم ڕانەکرد بوو، بەڵام ئیتر بڕیارمدا گرنگیم پێ نەدەم.

بەیانی هەینی بوو، تازە لە گەرماو دەهاتمە دەرەوە، پرچمم وشک دەکردەوە، هاوسەرەکەم بانگی کردم، کەمێک پێشتر لە دەرگە درابوو، ئەو چوو بوو دەرگە بکاتەوە.

بە دەنگی ژنەکەم چووم، تاسام! دەبینم وا پیرەپیاو لە بەر دەرگە وەستاوە.
بە پەشۆکاوی فەرمووم لێ کرد دابنیشیت، بەڵام داوای لێ کردم لەگەڵی بچم پیاسەیەک بکەم.
کەمێک ترسام لەوەی زانیبێتی بە نهێنی چاودێری دەکەم، دواتر بیرم هاتەوە چەند شەوێکە دەستم هەڵگرتووە لە چاودێری کردنیان.
داوام لێ کرد کەمێک چاوەڕێ بکات، تا جلەکانم لەبەر دەکەم، بەخێرایی خۆم گۆڕی و پاکەت و چەرخەکەمم خستە ناو گیرفانم و بەدوای کەوتم.
پیاوێکی کەم دوو بوو، دەبوو بە مووکێش وشە لە دەمییەوە دەربهێنم. سەرەتای گفتوگۆکانمان بە شێوەیەکی ئاسایی بوو، ئەو باسی ئەم ڕۆژانەی کۆتایی دەکرد و من باسی کتێبەکانم. پێم گوت نووسەرم، هیچ هێمایەکی سەرسوورمانم لە ڕوخساری نەبینی، لە دڵی خۆمدا گوتم: باشتر بوو بڵێم ڕۆژنامەنووسم تا بە گرنگییەوە سەیرم بکات.
ساڵێک بوو خانەنشین ببوو، چەند مانگێکە هاتووتە ئێرە. دەیگوت دەمێکە چیرۆک دەنووسم، بەڵام ناوی خۆی نەدرکاند، دەیویست لێم بشارێتەوە. باسی کۆمەڵە چیرۆکەکەی کرد، گوتم: گەر ناوت نەزانم دواتر بەناوی کێ بڵاویان بکەمەوە؟ پێی گوتم: هیچ گرنگییەکی نییە، دوای مردم بە ناوی کێ بڵاو دەکردێنەوە.
لە گفتوگۆکانمان بەردەوام بووین، هەوڵمدا وا بکەم متمانەم پێ بکات. ڕێک کەوتین سەردانی بکەم و لە ماڵەوە لێی وەرگرم.
دوای کەمێک گەڕان و کەمێک قسە، من گەرامەوە ئەپارتمانی خۆم و ئەویش ڕۆیشت.
ئەو ژنەی من حەز بە زانینی هەموو شتێک دەکات، تەنانەت ئەوانەی شتانەی پەیوەندیشیان بەو نییە.
- ئەوە کێ بوو؟
- چی لێت دەویست؟
- دەتناسی؟

خۆم لە پرسیارەکانی دەدزییەوە، گوتم: زانیاری دەویست دەربارەی هەندێک کتێبی باش، نەمگوت چیرۆکی هەیە و لێی وەردەگرم تا بی پارێزم.

- چۆن دەزانێت ئەتو حەزت بە خوێندنەوەیە؟ دەزانێت نووسەری؟

- ئێ ژنەکە هەموو ڕۆژ یەک دنیا کتێبم لەبن باخەڵە، کێ هەیە ئەوە نەزانێت، ئای ئای.

ڕۆژی دواتر دوای نانی شێوان چوومەماڵیان، زەنگی دەرگەکەم لێدا و چاوەڕێم کرد، پیرەپیاو هات دەرگەی لێ کردمەوە. چاوەڕوانی ئەوە بووم فەرمووم لێ بکات، نەیکرد.

- بوەستە ئێستە بۆت دەهێنم.

دەستنووسەکانی پێدام، سوپاسی کردم و هیچ قسەیەکمان نەکرد، زانینم فەرمووم لێ ناکات، ئیتر پێویستە ماڵئاوایی بکەم. نەهاتبووم تەنها دەستنووسەکانی لێوەرگرم، دەمویست کچەکەشی ببینم، هەر ئەو کچە وای کردبوو هێندە نزیک ببمەوە و کەچی گەیشت بەوەی چیرۆک لە باوکی وەرگرم و بە دوای کاری ئەوەوە بم.

ئەو پیلانەش شکستی هێنا، نازانم چی هانی دەدام هێندە حەز بە شتانێک بکەم کە پەیوەندی بە منەوە نییە. هەر ئەوەی خەیاڵم کردبوو یان هەر ئەوەی بینیبووم. پێشتر دەمویست بگەمە کچەکەی وەلێ دواتر ئامانجی ترم هەبوو. لەو ماوەیەی چاودێریم دەکردن، کەسم نەبینی بچێتە ماڵیان، هیچ یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانەکەیم نەبینی بێنە دەرەوە، دەمویست بزانم چەند کەسن، چەند کوڕ و چەند کچی هەیە؟ ئەرێ گرنگ بوو ئەوانە بزانم؟

بەیانی ڕۆژی دواتر کە چاوەڕێی پاسم دەکرد، پیرەپیاو ترومبێلە مارسیدسەکەی کە مۆدێل ٩٠ لە جۆری بێنز ٣٠٠ ئێس ئی بوو، لەبەردەمم ڕاگرت، ئاماژەی پێدام سەر بکەوم لەگەڵی.

دڵخۆش دیار بوو، وەک ئەوەی ئەرکێکی قورسی لەسەر شان بوو بێت و لە کۆڵیم کردبێتەوە. سوپاسی کردم، ئەم جارەییان قسەی زیاتری لەگەڵ کردم. سەری گفتوگۆکانمان درێژەی کێشا، بە دەرفەتم زانی بچمە ناو بابەتە

کەسییەکان،

- لە مێژە خێزانت مردووە؟
- ساڵێکە مردووە
- دیارە لەگەڵ کچەکەت بەتەنیا دەژین.
- نا نا ئەوە کچم نییە، خۆشەویستمە چەند مانگێکە لەلامە.

بەو قسەیە ڕێک حەپەسام، وەک ئەوەی جامێک ئاوی ساردم بەسەردا بکەن، هەناسەم بۆ نەدەدرا. ئەوەی بینی بووم خێزانیەتی و کچی نییە. ئەو پیرەپیاوە و ئەو کچە گەنجە یان بڵێم ئەو ژنە گەنجە!

نەمویست چیتر لەگەڵی بمێنمەوە، وەک شتێکی نابووتم دەهاتە بەر چاوی، بە خۆمم دەگوت چۆن شتی ئاوا دەگونجێت؟ بەر لەوەی بگەمە شوێنی کارەکەم داوای دابەزینم کرد. پێداگری کرد کە بمگەیەنێت، گوتم: کارێکی ترم بۆ دروست بوو تازە بیرم دەکەوێتەوە.

هیچ کاری ترم نەبوو، ویستم لێی ڕاکەم، بەڵام بەرەو کوێ؟ نەمدەزانی. ئەو هیوایەی دروستم کرد بوو، خانوویەکی لمین بوو شەپۆلی دەریا ڕماندی. هیوای گەیشتن بە کچەکەی، کەچی دەرچوو خۆشەویستیەتی.

لەبەر خۆم دەمگوت: زانین هەندێک جار دەبێتە کێشە، خۆشترە کە هەندێک شت بە نەزانراوی بمێننەوە، ئەو گەوهەرە جەوهەری خۆی لەدەست دەدات کاتێک دەزانی ئەوەی خەیاڵت بۆی کردووە وا نییە.

زانینی ئەو ڕاستیانە خەوی لە چاوانم زڕاند، هاوسەرەکەم دەیپرسی کە بۆ چی نانووم؟ دەمگوت: بیر لە خەرجیەکانی ئەم مانگە دەکەمەوە. بیرم لەوە نەدەکردەوە، دەمویست ئەو چیرۆکەی هەیە دووبارە دابڕێژمەوە. بەوەی من دەمەوێت نەک بەوەی کە هەیە. چیرۆکێک کە کچی پیرەپیاو عاشقی منی گەنج بووە یان هەر گەنجێکی دیکە، نەک ئەوەی دۆستی پیرەپیاو بێت و من نووسەری بەختەوەرییەکانیان بم.

لە خۆمم دەپرسی ئەو پیرەپیاوە چیی هەیە تا کچێکی وا خۆشەویستی بێت؟ نا نا دڵنیام ئەو بێگانەیە لەبەر پارە لەگەڵی دایە، بەڵام خۆ زۆر

دەوڵەمەندیش نییە؟ ئەی چی گەر پیرەپیاوی خۆشویست بێت؟

بەڵێنم پێی دابوو، چیرۆکەکانی نەخوێنمەوە تا ئەو کاتەی دەمرێت، بەڵام وەک ئەوەی بمەوێت تۆڵەی شتێکی لێ بکەمەوە، دەستنووسەکانم هەڵدایەوە و دەستم کرد، بە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی. هەر چیرۆکێکیم دەخوێندەوە زیاتر تۆڕەی دەکردم، ئەو چیرۆکانە پێشتر بروسک ئاسا بە مێشکمدا گوزەریان کردووە و نەمنووسیون، کەچی ئەوە هەموویانی کردووتە چیرۆکی تەواو. بە خۆمم دەگوت: پیرەپیاو چیرۆکەکانی ناو خەیاڵی منی بردووە باشترین چیرۆکی لێ ئافراندووە، دەبێت ئەو کچەش هی من نەبێت بردبێتی؟ خەیاڵ دەیهێنام و دەیبردم، بڕیاری کۆتایم دا، کە بەیانی زوو بچمە ماڵیان، هەموو شتێک لە خۆی بپرسم و دەربارەی خۆشەویستەکەی بزانم. ئەوەی لە دڵم دایە لە زمانم بخزێن و بڕژێنە دەر، ئیتر وەک دومەڵێک ئازارم نەدەن.

بەیانی ڕۆژی دواتر خۆم ئامادە کرد و چوومە پێش ماڵیان، دردۆنگ بووم کە زەنگی دەرگە لێ بدەم یان لەو بیرۆکەیە پەشیوان ببمەوە و بگەڕێمەوە. نەگەڕامەوە و زەنگم لێدا. پیرەپیاو دەرگەی لێ کردمەوە، بیرم لەوە کردەوە کە هۆکاری ئەوەی هەموو جار خۆی دەرگە دەکاتەوە ئەوەیە دڵی پیسە لە خۆشەویستەکەی و نایەوێت کەس بیبینێت. ڕەنگە ناحەق نەبێت، کەس گەوهەری دەخاتە بازاڕی هەرزان فرۆشان؟

بێ ئەوەی فەرمووم لێ بکات، سڵاوم لێکرد و چوومە ژوورەوە، لەسەر مۆبیلێک دانیشتم، دەتگوت ماڵی خۆمە و خاوەن ماڵم. بە ساردی بەخێرهاتنی کردم. بەرانبەرم بە بێدەنگی مایەوە، منیش چاوم دەگێڕا بەدوای خۆشەویستەکەی بەڵام دیار نەبوو.

هەندێک بابەتی گشتیم لەگەڵی کردەوە و وردە وردە بە قسەم هێنا، هەوڵمدا وای لێ بکەم لە بیری بچێت کە بەم شێوازە چوومەتە ماڵەکەی. لە بیری چوو و گفتوگۆمان گەرم کرد، باسی کەش و هەوا و گرانی بازاڕ و باسی هەندیک شتی لاوەکی دیکەشمان کرد، نیو کاتژمێر بەم شێوەیە بەردەوام بووین، لەو ماوەیە تەنیا یەکجار پەرداخێک ئاوی بۆ هێنام. ماڵەکەی تەواو

بێ خوست بوو، دەبێت خۆشەویستەکەی لە خەوێکی قووڵ دابێت. بە گوێرەی ئەوەی پیاوەکە بە دەنگێکی نزم دەی دواندم. بەم شێوەیە بەردەوام بووین تا دەرفەتم هێنا و پرسیاری ئەوەم لێ کرد لە کوێ خۆشەویستەکەی ناسیوە؟ سەیرێکی کردم وەک ئەوەی ناخی خوێندبمەوە، یانیش حەز نەکات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، چونکە ڕوخساری پڕ چرچ و لۆچەکەی بەسەر یەکتردا تێ هەڵچنرا.

- چەند ڕۆژێک بەر لەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەم بە شەڕ بێین؟
- ماوەیەکی زۆرە؟
- بەڵێ
- ئەی کەس و کارتان؟ بەمە ڕازین؟

هەستم کرد پرسیارێکی هەڵەم کردووە هەر زوو هەوڵمدا ڕاستی بکەمەوە،

- مەبەستم ئەوەیە کەس نابینم سەردانتان بکات.
- ...(بێدەنگ بوو)

لە دڵی خۆمدا دەمگوت ڕەنگە بەوە ڕازی نەبووبن کە ئێوە بەیەکەوە بن، لەبەر ئەوە حاشایان لێکردوون. ویستم پێی بڵێم: خۆشەویستەکەت تەمەنێکی کەمی هەیە و تۆش تەمەنت زیاترە چۆنە پێت ڕازی بووە؟ نەمگوت چونکە دەترسام بڵێت لەبەر چی وا بەوردی دیقەتت داوە؟ خۆ پێی ناڵێم سێبەرە ڕووتەکەیم بینیوە؟

بیرم کەوتەوە گوتم؛

- جارێک بینیم لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەت وا دیار بوو گەنجە.
- گەنجە، جوانیشە، خۆم زۆر گرنگی پێ دەدەم. فێری زۆر شتم کردووە.

ویستم بڵێم سەماش؟ قسەکەم لە دەممدا هێشتەوە.

هیچ وشەیەکی ترم نەگوت، ئەگەرچی دەمویست بڵێم: چۆن بە تۆ ڕازی بووە، بەڵام ئەوەشم نەگوت. وەک ئەوەی دڵمی خوێندبێتەوە، گوتی؛

- لەگەڵ خۆشەویستەکەم هاوتەمەنین.

پێکەنیم گوتم،

- خۆ کوێر نیم؟ هەر بە ڕوخسارت دیارە.

هیچ قسەیەکی نەکرد، بەڵام وەک ئەوەی هەر سەرەتای هاتنم زانیبێتی من هاتووم هەموو شتێک بزانم و ئامادەکاری کرد بێت، هەستایە سەر پێ و چووە ژوورێکی دیکە، ڕێک ئەو ژوورەی کە پەنجەرەکەی بەرانبەر ئەپارتمانەکەی ئێمەیە.

کەمێکی پێچوو، خەریک بوو هەستم بڕۆم، بەڵام گەڕایەوە و دەستی خۆشەویستەکەی گرتبوو.

خۆشەویستەکەی جلێکی سەرتاپا ڕەشی لەبەردا بوو، ڕوخسار و لاشەیەکی سپی سپی هەبوو، دەمارەکانی لەسەر سینگی شین دەچوونەوە. لووتێکی قنج و دوو لێوی تەنک. ئەوە لەوێ چی دەکرد؟ دەمناسییەوە، باش ئەو کچەم دەناسییەوە، ئەوە کچی ناو چیرۆکەکەم بوو، ئەو چیرۆکەی تا ئێستەش کە ئەمشەو لێرە دانیشتووم نەمتوانیووە تەواوی بکەم. ئەگەر هاوسەرەکەم ئەو ناچیرۆکەی نەیخوێندبایەوە، ڕەنگ بوو ئێستە وەک چیرۆکێکی من بڵاو کرابایەوە.

ئاخر خودا لێت خۆش بێت هاوسەرە جوانەکەم ، ئەتۆ کەینێ چیرۆکی منت خوێندووەتەوە؟ ئەو هەموو وتارە، ئەو هەموو کۆڵینەوە و چیرۆکە، هیچیانت نەخوێندبووەوە لە بەر چی ئەمەیانت خوێندەوە؟

درەنگی شەو بوو، چیرۆکە تەواو نەکراوەکەم لەسەر مێزی نووسینەکان بەجێ هێشت بەلەکۆنەکە جگەرەیەک بکیشم. لە چیرۆکەکەمدا، کچێک کە قژی تا سەر شانی درێژە، جکراسێکی بێ قۆڵی ڕەشی لەبەردایە، گوێ لە حەسەن زیرەک دەگرێت و بەدەم سەماوە جلەکانی دادەکەنێت.

هاوسەرەکەم لە کاتی کۆکردنەوە و پاککردنەوەی مێزی نووسین، وەسوەسەی ئەوە کردبوو داخۆ دەبێت چیم نووسی بێت. ناچیرۆکەکەی خوێندبووەوە، هەر کە هاتمە ژوورەوە، فیشکەی دەکرد، خوێنی دەکوڵا و ئەوەی دەیگوت نەی دەگێڕایەوە تا بە شەڕمان.

- ئەو کچە کێیە؟

- تەنیا کچی ناو چیرۆکە و لەپێناو چیرۆکەکەم وام دروست کردووە.

- نا درۆ دەکەیت، ئەوە ئەگەر بەڕاستی خۆشەویستت نەبێت چۆن دەتوانی وا باسی بکەیت، چاوەکانی، خاڵی لا ڕانی، گەندەمووەکانی ملی. تا ئێستە دەزانی چەند خاڵ لەسەر لەشی من هەیە؟

- نازانم؟

- ئەی چۆن هی ئەو بەرەڵایە وا بەوردی باس دەکەی؟

- بڕوا بکە ئەوە بەس چیرۆکە

- ئا ئا چیرۆکە، بەڵێ بەس چیرۆکێکی ڕاستییە، ئەوە تۆی سەرت بە سینگ و مەمکی ئەو کچە کردووە هەتا نەتناسنەوە، دەڵێیت چیرۆکە.

- ئەوە تەنیا خەیاڵە و لەپێناو سووژەی چیرۆکەکەم وام ڕێکخستووە.

تا درەنگی شەو لەمن ڕوونکردنەوە و لەویش پرسیار و گومان، تەنانەت نانی ئێوارەشمان نەخوارد، هاوسەرەکەم چووە ناو جێگەی لە گریانی بە کوڵی بەردەوام بوو.

لەگەڵ خۆمدا کەوتمە قسە، بڕیارم دا چیتر نەنووسم، تەنانەت ئەو چیرۆکەشم تەواو نەکەم. ئەگەر نووسیشم بڵاویان نەکەمەوە.

چووم پەردەکە دابدەمەوە و بچم بخەوم، خەیاڵی ناچیرۆکەکەم لەسەرمدا بێزاری دەکردم، لە پەنجەرەکەوە سەرنجم کەوتە سەر ئەپارتمانی بەرانبەرم و چیرۆکەکەم بە بیر هاتەوە کە لەوێوە دەستی پێ دەکرد، ئەگەر چی ئەم ئەپارتمانە لە باڵەخانەیەکی تەواو نەکراودایەوە و ڕەنگە دەیان ساڵی بوێت تا تەواو دەکرێت. بەڵام لە خەیاڵی چیرۆکنووسێکدا ئەو باڵەخانەیە تەواو ئامادەیە و لە ئاپارتمانی بەرانبەرم کیژێکی جل ڕەشی قژ کوورت نیشتە جێیە.

لە کاتێکدا ئەم بیرەوەرییە وەک کورتە فیلمێک دەهاتەوە بەرچاوم، تەقەی داخستنی دەرگەی دۆڵاب لەو ژوورەی من و پیرەپیاوی لێ بووین هێنامییەوە هۆش خۆم، لەناو دۆڵابەکە دەستنووسێکی هێنا و دایە دەستم، من هێشتا لە خەیاڵی خۆشەویستەکەی پیرەپیاو دابووم و لە لێکچوونی ئەو کچە لەگەڵ

کارەکتەری سەرەکی ناچیرۆکەکەم.

دەستنووسەکەم کردەوە و سەیرم کرد، خۆ ئەوە چیرۆکە تەواو نەکراوەکەی منە، ئەی چی دەکات لەلای ئەو پیرە پیاوە؟ بڵێیت هاوسەرەکەم پێی دابێت؟ ئێ خۆم باش شاردمەوە. ئەو لاپەڕانە لەبەر چی وا زەرد و کۆن بوونە؟ خۆ هەر چەند ڕۆژێکە نووسیومە؟ پێم گوت: ئەوە هی منە.

وەک ئەوەی کزە بایەک بە نەرمی پیرەپیاو و کیژەکەی لە گەڵ خۆیدا بردبێت، لەبەر چاوم ون بوون. خۆشم نازانم چۆن گەیشتمە ژوورەکەم و بەردەم مێزەکەم.

هەڵدەستم و بەرەو پەنجەرەی ژوورەکەم دەچم و سەیر ئەپارتمانی بەرانبەرم دەکەم، گڵۆپی تەواوی ژوورەکان خامۆشە. لەسەر شوشەی پەنجەرکە خۆم دەبینمەوە، دەست بە ڕوخساری پیرمدا دەهێنم، ئەو پیرەپیاوە چوومەتە ناو لەشی پیرەپیاوەکە و بووم بە ئەو. مینگەمینگێک دێت، پێدەچێت کچێک گۆرانی بڵێت و بەرەو لای من بێت. بەر لەوەی خۆی بگات، سێبەرەکەی دەکەوێتە سەر لادیوارەکە. ئێستە دڵنیا بوومەوە کیژەی بێگانەیە لە دوام وەستاوە. کارەکتەری سەرەکی ناو ناچیرۆکەکەم و خۆشەویستی پیرەپیاوەکە لێرەیە. ڕووی تێ دەکەم و بەرەو ڕووم پێ دەکەنێت و دەستی درێژ دەکات بۆ دەستەکانم. چاویلکە ڕەشەکەی کە لە جۆری کەت – ئاییە، لە چاوی دەکاتەوە فڕێی دەداتە سەر مێزی نووسینەکانم. هێزێک دەدەمە بەر خۆم و خۆم قیت دەکەمەوە، بە تەنگە نەفەسی و ڕێ کردنی کیسەڵ ئاسایی دەچمە لای، دەستی دەگرم و بەدوایدا دەڕۆم. دەمباتە ژووری نووستن و لەسەر جێ خەوەکەم پاڵم دەخات، دەچێتە بەردەم ئاوێنە پشت لە پەنجەرە، جلەکانی خۆی دادەکەنێت. پێم دەڵێت گۆرانی خۆش بڵێ، گۆرانییەکی حەسەن زیرەک دەڵێمەوە: هەی بەلار و بەلارت بم.

٢٠٢٣/٥/٥

# کەوشی نەقیمدار



مریەم ئاباریان (تەنیا)

هەواڵنامەی کتێب

وەکو هەموو مرۆڤێک کە شتێک لە ژیانی زۆر بە قەدر و قیمەتە و دەیپارێزێ بۆ منیش وایلێهاتبوو هیچ شتێک بارتەقای ئەو جووتە کەوشەی دەگەڵ بابم چووین و ئەو بۆی هەڵبژاردم لام بە قەدر نەبوو، بۆ هەر شوێنێکم لە پێ کردبا و لێیانپرسیبام ئەوە لە کوێت کڕیون؟! هەر بابم گوێی لێبا فەورەن وەڵامی دەداوە: توخودا جوان نین، وەڵا دەڵێی کەوشی ئاغاوەتانن، لێیگەڕابام جووتێکی سوور و سپی منداڵۆکانەی هەڵدەگرت و هەر دوو ڕۆژان لە بەر چاوی شیرین دەبوو و دوایە لێیان جاڕز دەبوو و لێرە و لەوێ دەکەوتن، هەر دیتم پێم جوان بوون! بۆیە تا بە قسەی گەورەی خۆت بکەی زەرەرێ ناکەی!

ئیدی وایلێهات لە سەر کەوشەکانیشم غیرەتێکی تایبەت دەیگرت و هەر دیتبای لە بەر دەرگان، بانگی دەکردم بچم هەڵیانگرم، نەکا بای بێ تۆزاوی بن، باران ببارێ تەڕ بن، یا هیچ نەبێ با وەبەر پێیان نەکەون...

منیش بە پەرۆیەک خاوێنم دەکردنەوە و لە پەرۆیەکی دیکەشم وەردەپێچان و هەڵمدەگرتن، یەک بە یەکێ بڵێ؛ سەت مێشم لە خەڵەفێک دا گرتبوو!

ڕۆژێک کارتی شاییمان بۆهات، ماڵە ئامۆزایەکی دایکم کە لە دێهاتێکی پیرانشار بوو ژنی بۆ کوڕەکەی دێنا، دایکم کارتەکەی وەرگرتبوو، ئێمە کە چوار خوشک بووین، سێمان لە خۆشی کارتی گۆرین و چوونە شایی وەک شڵغە مێش ئاڵۆز ببووین و لە چوار دیوارانەی ماڵێ جێمان نەدەبۆوە، دایکم گوتی: لە خۆڕا خۆتان حازر مەکەن زۆر زەحمەتە بابو بێڵێ بێن، ڕازیش بێ ناهێڵێ داوەت و شت بکەن!

قسەکانی دایکم بە جورێک ناڕەحەتی کردبووین دەم و لووتمان داژەنیبوو و مەیموون لە پێشمان سەمای کردبا بزەیەکیشمان نەدەهاتێ!

نیوەڕۆیە کە بابم هاتەوە دوای نان و چا خواردنێ داکم باسی شاییەکەی کرد و بە ئیدی کەیفی خۆتە، کارتەکەی دا بە بابم!

بابیشم بێ ئەوەی لێو لە سەر لێوی دانێ، نێوچاوانی پڕ لە گنج بوون و هەر گنجەی سەت تووڕەیی و غەزەبی لێدەباری، ئێمەش نەماندەوێرا هیچ بڵێین هەر چاومان لە یەکتر دەکرد، تا من زمانم کردەوە و گوتم: ئەرێ بابە بۆ شایی کێهە کراسەم لە بەر کەم؟ کەوشە تازەکانم بێنم؟! دوا بە دوای من خوشکیشم وە زمان هات و گوتی: ئەدی ئەمن؟ ئەدی ئەمن ئەدی ئەمن، دەست بە دەست بوو

زۆر سەیر بوو بابم، بابی چەند دەققە پێش نەبوو خۆ، قەت وا هێدی و هێمن وەڵامی نەدابووینەوە دیار بوو پێیخۆش بوو پرسی پێدەکەین، بە تایبەت ئەمن!!

سەری هەڵێنا وەڵامی هەموومانی داوە و بە منی گوت: کراسە زەردەکەت و کەوشە ڕەشە نەقیمدارە تازەکانت.

بزانە ئەو دوو شتەت بە دڵی من هەڵگرتوون سەت ساڵی دیکەش نەفەرێک

ناڵێ، جوان نین، ڕێک و پێک نین!

حەک لەو خۆشییەی لە دڵی هەمووماندا گەڕا، هەر یەکەی بە لایەک دا وەدووی خۆ حازر کردن و شت حازر کردن کەوتین.

سبەی ڕۆژی شایی بوو کە چی ئێمە هەر لە جێوە شاییمان بوو، بابم تازە قسەی خۆی کردبوو و پەشیمان نەدەبۆوە، بەڵام خودا شاهیدە هەر پێنج دەققە و جارێک کارێکی پێڕادەسپاردم، وەرە ئەو گۆرێیانەم بۆ بشۆ، ها ئەو دەسرۆکەیەشم بۆ بشۆ، کەوشەکانیشم خاوێن بن، دا وەرە برێکیشم بشێلە، سەعات سێ و پێنجی بەیانیش هەڵیستاندم، جارێک ئاوی بۆ ببەم و جارێکیش نوێژەکەم بکەم و سەماوەرەکەش هەڵکەم!!! نازانم بۆ عاقڵم پێ نەشکا بڵێم داکم لە پەنات چکارەیە؟ عاقڵیشم پێ شکابا، نەمدەوێرا!

ڕۆژ بۆوە و دوای نانی بەیانی و وڵات خاوێنکردنەوە، هەر کەس بە جورێک خۆی ڕازاندبۆوە، مانگی گوڵان بێ و هەر یەک لە ئێمەش گوڵێکی زەرد و سوور و کەسک و سپی و...

بابم ماشێنێکی دەربەست گرتبوو و هێنابوویە بەر دەرگا و وەرێکەوتین، لە ڕێگایە بابم دەستی کرد بە نەسیحەت و هەڵبەت خودا هەڵناگرێ زیاتر هەڕەشە بوون تا نەسیحەت! (کاکی شۆفیریش هەر برای خۆمانە، ئەوە پێو دەڵێم وەک نەدیو بدییان نەبن، نەچن دەم و دەست بچنە داوەتێ، لە دەست هەتیو و مەتیوان نەتانبینم، ناشڵێم مەچوون، بچوون، بەڵام هێندە گران و سەنگین بن مەگیم خودا بزانێ، بە حیلکە حیلک و پێکەنین خۆتان سووک مەکەن! جا ئاوا ئێمە سەهلە کاکی شۆفیریش دوو قرانێکەی کەوتبوو و نەیدەوێرا لە ئاوێنەکانیشی سیلەیەکمان بداتێ، دەنگی گۆرانی هەی بە ناز، بە ناز بە ناز، بە دەنگی ماموستا حەسەن زیرەک لە پەخشی ماشێنەکەی تەواو کز و بێ ناز کەوت و هەر بۆخۆی دەیبیست.

دوور و نیزیکی ئاوایی ببووین و دەنگی تیپی مۆسیقا هەموو وڵاتی تەنیبوو و ئاوازەی دەداوە، گەییشتینە بەر دەرگا و هەر دابەزین لە خزم و کەس و دۆست و ئاشنایان وەدیار کەوتین بەرە و پیرمان هاتن، پوورێکی قەیرەم هەبوو، دەتکوت لەپەیە، لە نێو هەموو چێشتێک بۆ نێو بێ بۆ بۆن بێ،

هەبوو و هەمیشە یەکەم کەس بوو چاوت پێیدەکەوت، هەر گەیشتە لامان بە بابمی گوت: کچەکانت ماشەڵڵا جحێڵ بوونە تەماشا ئەوە بە خۆی و کراسی زەردی، چاو ئەو دەسماڵ و بەر و پشتێندەی، جا ئەوە بابیشم دەرفەتی بە هێند وەرگرتبوو و وادەکا کچێ جا تۆ کەوشەکانی ببینە، بزانە لەو شاییە کەس شتی وای لە پێیە؟؟

پوورم دامێنی هەڵدامەوە و چاوی لە کەوشەکانم کرد، پێش ئەوەی وەڵامی بابم بداتەوە هاتە بن گوێم و گوتی: ئەوە دیسان هەر ئەو دەرپێیەت لە بەرە؟ لە بیرت چۆتەوە پار نەورۆزێ لە ماڵە خۆمان لە نێو ئەو هەموو میوانەی دە عوزر کەوتی، من نەبام هەر ئابڕووشت دەچوو، من قاقایەکم کێشا و گوتم :ئەرێ پورێ دەرپێی شومارە ٢٠ بوو یا ٢٥ بۆت دەرهێنام؟؟ پوورم بە ناقایلی گوتی: بڵێین چی خانم، خودا نەیداوە!!

بابم بانگی کرد و دیسان لێی پرسیەوە پێت چۆن بوون؟ تو خودا جوان نەبوون؟ قەتت کەوشی وا خانمانە و جوان دیتوون؟ پوورم وەڵامی داوە نا خودا هەڵناگرێ قەتم لە هیچ کوێ شتی وا جوان و ڕێک و پێک نەدیتووە، (لاو لاو نییە نا بەرگ لاوە)ئەیرۆ ئەوە لە کوێت بۆ کڕیوە؟ بابم و پوورم لە باسی کەوشان و ئادرەسەکەی نەدەبوونەوە.

چووینە ژوورێک و زۆریان بە خێرهاتن کردین پوورم لێمهاتە پێشێ و گوتی: ئەرێ کەوشەکانت بڵێی بۆ لاقی من نەبن؟ گەڕێکیان پێ دەچمە داوەتێ و دەتدەمەوە، پێکەنیم و گوتم :کچێ ناوەڵڵا بۆ لاقی تۆ نابن لاقی تۆ درێژ و باریکن و ئی من چووکن و پانن، هەر چۆنێک بوو تاقی کردنەوە و لاقی نیوەی بەدەرەوە مابوو، داکم هاتە بن گوێم و گوتی: زۆر جوابی خوشکم مەدەوە، کەرە ژنە، عاشقە قاشوولە و ماشوولەیە بۆیە کەس تێیناترێت و بە ئەوکێمدا ناچێ، ناوەڵڵا لە سەر مەرج و گرێو بزانە دەمێکی دیکە ئەگە بە کراسێکی زەرد نەتدیتەوە، ئەمن نێوی خۆم دەگۆڕم!

نانی نیوەڕوانێ خورا و ئیستێکی پێچوو گەڕی شایی گیرا و داوەتێکی دوور و درێژ سازبوو، خاڵەکانم لە پشت پەنجەرە بانگیان کردین کە بچینە داوەتێ و ئێمەش لە خودا ویستوو زوو چووین و بابیشم کە لە قەراغێک ڕاوەستابوو

هەمـوو هـۆش و گۆشـی لـە سـەر ئێمـە بـوو، پێـی خـۆش نەبـوو بـەڵام خـۆی نەدەشـکاندەوە

گەڕێـک و دوو گـەڕ هەڵپەڕیـن، لـە پـڕ ڕا هـەور گرمانـدی و بـاران سـەبر سـەبر دەسـتی پێکـرد، دوایـە هـەر هـات و توونـدتـری کـرد، دەتگـوت خـوداش لـە گـەڵ بابـم ڕێککەوتـووە تـا نەهێڵـێ ئێمـە هیـچ خوشـییەکمان بـەردەوام بـێ!

ئەوانـەی دەسـتی یەکیـان گرتبـوو جورێـک هەڵدەپەڕیـن وەک ئـەوەی بـە هیـچ شـێوەیەک نەبـەزن، بـاران بـە ڕقـەوە توونـدتـر و توونـدتـری دەکـرد ئێمـەش زیاتـر پێداگـری بـڵاوە نەکـردن، ئاخیـری وایلێهـات بـەر پێمـان بـوو بـە قـووڕ و چڵپـاو، سـەر و گیـان و جلـک و بەرگمـان خووسـا و ڕەنـگ و ڕوویـان پێـوە نەمـا، بڵاوەمـان کـرد و هەرکەسـە بـە هەڵاتـن شـوێنێکی هەڵنابـوو تـا خـۆی دەربـاز کات، منیـش وێـڕای پـوورم و چەنـد کەسـی دیکـە خۆمـان خزانـدە مدبـەق و جـارێ سـەیری پلوسـکی سـەربانانمان دەکـرد پـڕ پـڕ لـە ئـاو حەسـاریان وەبـەر هرووژمێـک وەکـوو سـێڵاو دابـوو.

یـەک دەیگـوت بـووک سـەر بـە ڕزقـە، یـەک دەیگـوت تـازە لـە زەرەرێ زیاتـر بـۆ زەوی و زەراعەتـێ هیچـی دیکـەی پـێ نییـە، یـەک ملـی بووکێـی دەشـکاند بـۆ پـێ و قـەدەم و قـوڕ و چڵپـاوی، یـەک دەرک و دیوانـی هەمـوو دێهاتێکـی بـە قـوڕێ دەگـرت و دەیگـوت: خـوداش ناوێـرێ لـە بـەر ڕێـخ و قـوڕ وەبـەر ڕەحمـەت و بەرەکاتانـی بـدات...

سـەیری وەڵات و بـاران و قـوڕ و چڵپـاو و پلوسـکی ئـاو و قسـە و باسـان گوێیـان کـپ کـردم ئەوجـار ئـاوڕم لـە خـۆم دەداوە، کەوشـەکانم یـەک نەقیمەشـیان بـە دیار نەمابـوو هەمـوو قـوڕ بـوون و جڵقـە جڵقیـان دەهـات، کراسـە زەردەکەشـم دامێنـی خـڕ دەبـەر قـوڕێ دابـوو بێجگـە لـە تـەڕ بوونـی، پشتێندەکەشـم کـە پەشـمینەی ئەسـڵ بـوو، هەمـوو گوڵەکانـی شـیرەیان دابـۆوە و لێکهاڵابوون، پوورم کە هەمیشـە بـۆ شـاییان چەنـد کراسـێکی پێبـوو هـەر بـە غـار سـاکی لیباسـەکانی هێنـا و کراسـێکی دەرکێشـا مـن بـە زۆری بـە سـەر خۆمـم هەڵکێشـا، کراسـەکەی خـۆی و منیشـی شووشـت و کەچـە عەلادینێکـی پەیـدا کـرد بـە نـۆرە پێـی ڕادەداشـت، کراسـە زەرد لـە پـڕ ڕا بـۆن چرووکێکـی قوورسـی لـە مدبـەق خسـت و دوایـەش

عەلادین دەستی کرد بە دووکەڵ، چاوم لێکرد لایەکی دامێنم بە عەلادینەوە نووساوە و کراسی زەردم سووتاوە، بە گریان و دڵئێشاوی کراسە زەردم هەر بە خاوی دەبەر کردەوە و سۆراغی کەوشە ڕەشە نەقیمدارەکانم کرد، پوورم گوتی لە شوێنێکی باش داینـاون تا دەچینەوە کەمێک ئیشک بنەوە، جووتێک کەوشی سەرەگا کە دەتگوت ئەتککراون دەم و لووتیان و پانێیان بڕابوو لە مدبەق کەوتبوون، بە ناعیلاجی بە سەر پێمەوە کردن، نازانم چەندەی گرت تا بابم بە شوێنیدا ناردین و گوتی دەڕۆینەوە، بەڵام بۆ من کات ڕاوەستابوو، لە تاو کراسەکەم ژانم گرتبوو، بەڵام خودا خودام بوو بڕۆینەوە.

کاتی ڕۆیشتنەوە داوام لە پوورم کرد کەوشەکانم بۆ بێنێ، ئەولا کەوش لای دی کەوش، کەوش نەمابوو، پوورم هەر خۆی بۆ کوێر دەکردم، حەک پوورەکەت مرێ وەڵڵا ئەلێرەم دانابوو، حەک چاوی وەی کوێر بێ بە خەڵکی هەڵنایە، بە خودای لە چاویان بردی...

دۆڕابووم وەک پاشایەکی بێ هەموو شت بە ناڕەحەتی و دڵشکاوی گەڕامەوە، لە ڕێگایە بابم چەقۆت لێدابا خوێنی لێنەدەهات، هیچ بۆی گرینگ نەبوو خۆم چەندە ناڕەحەتم، دەیگوت: تۆ بۆ هیچ کوێ نابی، کراست سووتاند کەوشت ونکرد، جارێکی دیکە بە خاترجەمی خۆشت وندەکەی و...

ئێستاش کە باسی کەوشەکانم و کراسە زەردەکەتان بۆ دەکەم کەلەکەی چەپم دەبرژێتەوە، کراسە زەردم قیلاوقاچ دورمانێک پێداهێنا، بەڵام شەش مانگ دوای شایی ڕۆژێک بە سەردان چووینە ماڵە باپیرم ئەوی لە بیرم نەمابوو کەوشە ڕەشەکانم بوو، لە مەڕ و ماڵات نەدەترسام و پێمخۆش بوو بزانم شوێنی نووستن و حەوانەوەیان چۆنە؟ دەگەڵ خوشکەکانم چووینە شوێنێک پێیاندەگووت ئاغەڵ و شوێنێکیش تەویلە، سەیری مانگا و گوێلک و مەڕ و بەرخ و بەران هەستێکی زۆر خۆشی پێ بەخشیبووم کاتێک هاتینە دەرێ لە زارکی دەرگای ، بێڵێک و کەسکە کۆڵێک و جووتەی کەوشە ڕەش کە فەقەت بە سەر پێوە کرابوون و شکابوونەوە، لە نێوان ڕیخی پێوە ڕەق هەڵاتوویان، نەقیمەکەیان دەدرەوشاوە!!!

# پەرلەمانی زێڕ و پەتاتە



د. کەمال سەعدی مستەفا

هەواڵنامەی کتێب

لـە کافێـی «ڕێکەوتـی جـوان» کورسـییە کانزاییەکانـی هەرکاتێـک بجوڵێنیـت مۆسـیقا بـێ بەرامبـەر دەژەنـن، ئەمجـەد دلێمـی- پیاوێکـی تەمـەن شەسـتەکان و قەمیسـێکی ئاوریشـمی و پێڵاوێکـی بریقەدارتـری لـە ویژدانـی خـۆی لەبـەردا بـوو- قـاوە تورکییـە قورسـەکەی وەک ئـەوەی بـە چەنـد قومێـک چیرۆکـی ژیانـی خـۆی بخواتـەوە، قـووت دەدا.

هـاوڕێ دێرینەکـەی، سـەلمان، کـە مامۆسـتایەکی خانەنشـینکراوی هەمـان گـەڕەک بـوو، لـە بەرامبەریدا دانیشـتبوو، ڕووخسـارێکی چرچ و لۆچـی هەبـوو، لـە ئەتڵەسـێکی کۆنـی پـڕ لـە سـنوورە ناکۆکـەکان دەچـوو.

سەلمان:

«ئەمجەد، ئێستا تۆ ملیاردێریت... تۆ خاوەنی باڵەخانە و کۆمپانیا و زەویت، تەنانەت دەوترێت تۆ خاوەنی نیوەی بەنزینخانەکەی گەڕەکی ئێمەیت! بۆچی بۆ جاری دووەم خۆت بۆ پەرلەمان کاندید دەکەیتەوە؟ ئایا ئەو سامانەی کەڵەکەت کردووە بەشت ناکات؟!

ئەمجەد (بە پێکەنینەوە وەک ئەوەی گوێی لە گاڵتەیەک بووبێت کە پێشتر کۆتاییەکەی بزانێت):

«تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام سیاسەت خولیا نییە، بەڵکو وەبەرهێنانی تەمەنە.»

سەلمان:

«چ وەبەرهێنانێک؟ پێم وابوو سەرەتا بۆ خزمەتکردنی هەژاران چوویتە پەرلەمان!» ئەمجەد قومێکی تر قاوەی خواردەوە ویادەوەریی گەڕایەوە سالانی زوو...

دە ساڵ لەمەوبەر،

ئەمجەد لە بارەگای حیزب لە پشت مێزێکەوە وەستابوو، هاواری دەکرد:

«من یەکێکم لە ئێوە! کوڕی گەڕەکی هەژارنشینم، بەرەنگاریی گەندەڵی دەبمەوە، ڕێگری لە فرۆشتنی نیشتمان دەکەم!»

خەڵک چەپڵەیان بۆی لێدا، تەنانەت هەندێک پێیان وابوو بەیانی کارەبا و ئاویان بۆ دەهێنێ. پاشان بۆ یەکەمجار، کە لە دانیشتنی پەرلەمان ئامادەبوو، بە کورسییە گرانبەهاکان و هەوا فێنک و ساردەکەی سەرسام بوو.

لە دانیشتنی یەکەمدا هاوپەرلەمانتارەکەی حەسەن دەباغ هاتە لای و بە چرپە گوتی:

«سەیرکە، ئەمە ڕەشنووسی یاسای وەبەرهێنانی بەندەرەکانە. ئەگەر دەستت بەرز بکەیتەوە بۆ پشتگیری، «دیارییێکی بچووک» هەیە...»

«دیاری؟»

«بەڵێ... زەرفێکی تایبەت، پێش ئەوەی لە هۆڵەکە دەربچیت، بۆت دێتە

ئۆفیسەکەت.»

کە ئەمجەد ئەوەی گوێ لێبوو، دەستی لە مێشکی زووتر ڕێگەی خۆی پێ دەزانی.

گەڕانەوە بۆ ئێستا

سەلمان:

"کەواتە، هەر جارێک لە پەرلەمان دەستت بەرز بکەیتەوە... پارەت پێ دەدەن؟"

ئەمجەد:

«ڕێک وایە. هەر یاسایەکی نوێ، بڕیارێکی دەرەکی، تەندەرێک... هەریەکەیان نرخی خۆی هەیە. هەندێکجار پشتگیری لە پرۆژەیەکی ناوخۆیی دەکەین، هەندێکجاریش دەرەکی. گرنگ ئەوەیە حسابی بانکیم زیاد بکات.»

سەلمان (بە گاڵتەجاڕییەوە):

— پێشتر دەتگوت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەچمە ناو پەرلەمانەوە. کەچی ئێستا تۆ بوویتە یەکێک لە گەندەڵەکان!

ئەمجەد (بە پێکەنین و بەدەم ڕێکخستنی بۆینباخەکەی):

— سیاسەت وەک پەتاتە وایە... ئەگەر لە ڕۆنی بەرژەوەندی خۆتدا سوری نەکەیتەوە، وەکو نیەتهێنان دەمێنێتەوەو ناتوانی سوودی لێ وەربگریت!

ئەمەی گوت و هەستا، فاتوورەی قاوەکەی لەسەر مێزەکە بەجێهێشت، - وەک نەریتی هەمیشەی- ڕۆیشت بێ ئەوەی پارەکە بدات.

بەڵام سەبارەت بە سەلمان، بەردەوام بوو لە بیرکردنەوە و لەبەرخۆیدا گوتی:

— خۆزگا تەنها لە نوێژدا دەستت بۆ ئاسمان بەرز بکردایەتەوە...



هەولێرنامەی کتێب

تەوەر: ئەدەبی منداڵان

# ئەدەبیاتی منداڵ لە بەستێنی دیجیتاڵدا: گۆڕانکاری، هەڕەشە و دەرفەتەکان



**نووشین مەحموودی**
(کارناسی باڵای ئەدەبیاتی منداڵ و مێرمنداڵ)

**پێشەکی:**

ئەدەبیاتی منداڵان تەنیا کۆمەڵێک چیرۆک و شیعری ئاسایی ناگرێتەوە کە بۆ ڕابواردن بن؛ بەڵکو ئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ گەشەی فیکری، هەستیارانە و کۆمەڵایەتیی نەوەی داهاتوو. ئەگەرچی بۆ چەندین سەدە گێڕانەوە و کتێبە چاپکراوەکان ئەم دەورەیان گێڕاوە،بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، سەرهەڵدانی تەکنۆلۆجیا دیجیتاڵەکان ئاقارێکی نوێی بۆ ئەدەبیاتی منداڵان خولقاندووە ئێستاکە زۆرێک لە منداڵان یەکەمین ئەزموونەکانی خوێندن یان بیستنی چیرۆک نەک لەڕێگای کتێبە قاقەزییەکانەوە بەڵکو لە ڕێگای تەبلێت،

مۆبایل و یان کتێبە دیجیتاڵەکانەوە تاقیدەکەنەوە.

توێژەرانی پەروەردە لەسەر ئەو بڕوایەن، کە منداڵی «نەوەی دیجیتاڵ»، خاوەنی شێوازی جیاوازی فێربوون و وەرگرتنی ناوەڕۆکە. ئەم نەوەیە بەهۆی گەشەکردن و پێگەیشتن لە ئاقارێکی لێوانڕێژ لە تەکنۆلۆجیا، زیاتر لە ڕابردوو لەگەڵ ئەنیمەیشێن، دەنگ و گێڕانەوە مۆڵتی میدیاکان خووی گرتووە. هەربۆیە ئەدەبیاتی منداڵان ناچارە خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریگەلە ڕێک بخات تا بتوانێ وەک ڕابردوو دەورێکی کاریگەری لە پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوودا هەبێت.

دەرکەوتنی ئەدەبیاتی منداڵ لە ئاقاری دیجیتاڵدا بەواتای تەنیا زیادکردنی ئەنیمەیشێن یان تایبەتمەندییە دەنگییەکان بە دەقی چیرۆک نییە؛ بەڵکوو جەوهەری ئەزموونی خوێندنەوە، پێوەندیی منداڵ لەگەڵ دەق، و تەنانەت دەوری باوک و دایک و ڕاهێنەرانیش گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. لەتەنیشت هەل و دەرفەتە نوێکان کە تەکنۆلۆجیا بۆ ڕاکێشەرتربوون و بەردەستتربوونی چیرۆکەکان، دەیرەخسێنێ، هەڕەشە و کۆمەڵێک کێشەیش لەئارادان؛ بۆ نموونە مەترسیی دابەزینی هێزی تەرکیز، کاڵ و بەرتەسکبوونی خەیاڵی ئازادانەی منداڵ.

ئەم توێژینەوەیە لەژێر سەردێڕی «ئەدەبیاتی منداڵ لە بەستێنی دیجیتاڵدا: گۆڕانکاری، هەڕەشە و دەرفەتەکان» بەدووی ئەوەدایە،کە ئەم گۆڕانکارییانە تاوتوێ بکات. سەرەتا دەپەرژێتە سەر گۆڕینی شێواز و چوارچێوەی ئەدەبیاتی منداڵ لە ئاقاری دیجیتاڵدا، پاشان دەچێتە سەر هەل و دەرفەتە نوێکان، کێشە و گرفت و هەڕەشەکان و دواجار، دەوری بنەماڵەکان، ڕاهێنەران و مامۆستایان و سیاسەتدانەرانی کەلتووری لەم ڕەوتەدا شیدەکاتەوە.

**سەرهەڵدان و پێکهاتنی گێڕانەوەیەکی نوێ: لە کتێبی قاقەزییەوە بۆ شاشەی ئامرازە دیجیتاڵەکان**

دەرکەوتنی تەکنۆلۆجیا نوێکان لە بواری کەلتوور و فێرکاری، شێواز و چوارچێوەی ئەدەبیاتی منداڵانی تووشی گۆڕانکاری کردووە. ئەگەر

تا چەند دەیە پێش ئێستا کتێبە قاقەزییەکان تەنیا ڕێگای سەرەکیی دەست پێڕاگەیشتن بە چیرۆکەکان بوون، ئەوڕۆ شێوازگەلێکی نوێ لە گێڕانەوە سەریان هەڵداوە،کە ئەزموونێکی جیاوازیان بۆ منداڵ هێناوەتە کایەوە.

یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە، کتێبە دیجیتاڵەکانن (١). ئەم کتێبانە،کە لەسەر تەبلێت و مۆبایل بەردەستن، ڕێگای گواستنەوەی ئاسان و بەردەستبوونی بەربڵاویان بۆ بەرهەمە جۆراوجۆرەکان خۆش کردووە و بەتایبەت لەو وڵاتانەیدا، کە تۆڕی کتێبخانەی گشتیی بەربڵاو بوونی نییە، توانیویانە کەلێنی بەردەستبوون تا ڕادەیەک پڕ بکەنەوە.

گۆڕانکاریی دیکە، «کتێبە کارلێکەکانن (٢)». ئەم جۆرە کتێبانە تەنیا وەشانی دیجیتاڵی دەقێکی چاپکراو نین، بەڵکوو منداڵ بە دەستهێنان بە شاشەدا دەتوانێ وێنەکان بجووڵێنێ، دەنگی جۆراوجۆری گوێ لێ بێ و یان تەنانەت ئاراستەی چیرۆکەکە بگۆڕێ. وەها ئەزموونێک، جۆرێک بەشداریی چالاکانە لە پرۆسەی خوێندندا دێنێتە ئاراوە و منداڵ لە خوێنەرێکی ڕەها و سست، دەگۆڕێ بۆ هاوڕێیەتی و بەشداریی داهێنەرانە لە سازکردنی گێڕانەوەدا.

لە تەنیشت ئەمانەشدا، کتێبە دەنگییەکان (٣) جێگەوپێگەی تایبەتیان بەدەست هێناوە. بیستنی چیرۆک بە دەنگی بێژەری پرۆفێشناڵ و لێزان یان تەنانەت تێکەڵ لەگەڵ مۆسیقا و تایبەتمەندییە دەنگییەکان، بۆ ئەو منداڵانەی، کە هێشتا توانای خوێندنەوەی تەواویان نییە، ڕێگایەکی ڕاکێشەرە بۆ چوونەژوورەوە بۆ جیهانی ئەدەبیات. هەروەها لە سەفەرەکان یان کاتە بەتاڵەکاندا، کتێبە دەنگییەکان ڕێگای بەردەوامبوونی ئەزموونی ئەدەبی ئاسانتر دەکەنەوە.

سەرەڕای ئەم چوارچێوەگەلە، دەبینین ئەدەبیاتی منداڵ لەگەڵ کایە دیجیتاڵەکان تێکەڵ بووە؛ ئەو شوێنەی، کە چیرۆکەکان لەنێو کایەدا دەگێڕدرێنەوە و منداڵ لەگەڵ بەرەوپێشچوون لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی کایەکەدا، هەم بەکەیف و سەرقاڵ دەبێ و

هەمیش گێڕانەوە ئەزموون دەکات.
ئەم ڕوانگەیە کە بە دەستەواژەی «Gamification» دەناسرێ، نموونەیەکی دیکەیە لە تێکەڵاوبوونی ئەدەبیات و تەکنۆلۆجیا. هەربۆیە، ئەدەبیاتی منداڵ لە سەردەمی دیجیتاڵدا لە چوارچێوەی سوونەتیی خۆی دەرباز بووە و لە شێوازەکانی مۆڵتی میدیا، کارلێک و شلکبووندا دەرکەوتووە.

لێرەدا پرسیارێک بۆ ئێمە دێتە ئاراوە، کە لەبەر چی ئەدەبیاتی دیجیتاڵ بۆ منداڵان باشە؟ جیهانی دیجیتاڵ تەنیا هەڕەشەیەک بۆ خوێندنەوەی کتێب نییە؛ بەڵکوو ئەگەر بە دروستی چاوەدێری و بەڕێوەبەرێتیی لەسەر بکرێ، دەتوانێ هەل و دەرفەتی بەنرخ بۆ پەروەردەی هزر و ڕۆحی منداڵ دابین بکات.
هەندێک لە گرنگترین دەرفەتەکانی ئەدەبیاتی دیجیتاڵ بریتین لە:

* ڕاکێشەربوون و هاندرانی زیاتر بۆ خوێندنەوە: منداڵانی ئەمڕۆ لە ئاقارێکی پڕاوپڕ لە وێنەکان، دەنگەکان و ئەنیمەیشێنەکاندا گەشە دەکەن. ئەدەبیاتی دیجیتاڵ بە کەڵک وەرگرتن لەم تایبەتمەندییانە دەتوانێ خوێندنەوە بۆ منداڵان ڕاکێشەرتر بکات. تێکەڵکردنی ئەنیمەیشێن و مۆسیقا و تایبەتمەندییە دەنگییەکان، منداڵ بە شەوقێکی زیاترەوە بەرەو کتێب دەبات و ئەزموونی خوێندنەوە چێدی وەڕەزی ناکات.

هەڵبەت مەترسییەکانی دابەزینی هێزی تەرکیز، کاڵبوونەوە و بەرتەسکبوونی خەیاڵی ئازادانە، پێبەندبوون و دڵگراویی لەڕادەبەدەر بە شاشەکان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرهەمە بێکوالێتی و بازاڕییەکان؛ ئەو خاڵانەن کە نابێ پشتگوێ بخرێن. هەروەها کەلێنی دیجیتالی نێوان منداڵانی ناوچە جۆراوجۆرەکان، کێشەی دیکەیە،کە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر دادپەروەریی کەلتووری و فێرکاری دابنێت.

ڕێگەچارەسەری سەرەکیی بۆ کەڵک وەرگرتنی دروست لە ئەدەبیاتی دیجیتاڵ، بەڕێوەبەرایەتیی ژیرانەیە لەگەڵ هوشیاریی گەورەساڵان. بنەماڵەکان، مامۆستا و ڕاهێنەران، نووسەران و بنکە کەلتوورییەکان هەریەکەیان بە دەوری خۆیانەوە

هەواڵنامەی کتێب

دەتوانن ئەزموونێکی تەندروست، فێرکەر و چێژبەخش بۆ مندالآن دابین بکەن.

لەئەنجامدا، ئەدەبیاتی مندالآن لە جیهانی دیجیتاڵدا هەلێکە بۆ داهێنان و گەشەپێدانی کەلتووری خوێندنەوە، بەلآم پێویستی بە هاوسەنگیی نێوان نەریت و تەکنۆلۆجیایە. تێکەڵکردنی بیرمەندانەی کتێبە چاپکراو و دیجیتاڵەکان، لەگەڵ هەڵبژاردنی ناوەرۆکی بەکوالێتی و ڕێنوێنیی گەورەسالآن، دەتوانێ مندالآنی نەوەی داهاتوو بکاتە خوێنەرانی چالاک، داهێنەر و هوشیار.

* بەرزکردنەوەی ئاستی دەستپێڕاگەیشتن و دادپەروەریی کەلتووری: کتێبە دیجیتاڵ و دەنگییەکان ڕێگای دەستخستنی بەربڵاوی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانیان خۆشکردووە. منداڵێک کە لە شار یان گوندێکی دوورەدەست دەژیت، دەتوانێ بە کرتەیەک هەمان کتێب بخوێنێ یان ببیسێ کە منداڵێک لە پایتەختدا بەردەستیە. ئەم تایبەتمەندییە یارمەتیدەرە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی کەلتووری و کەلێنی نێوان گروپە کۆمەلآیەتییەکان پڕ دەکاتەوە.

* بەهێزبوونی خوێندەواریی چەندلایەنە: لە جیهانی ئەمڕۆدا، خوێندەواری تەنیا واتای خوێندن و نووسین نییە؛ بەڵکوو بریتییە لە «خوێندەواریی دیداری، خوێندەواریی میدیایی و خوێندەواریی زانیارییەکان». ئەدەبیاتی دیجیتاڵ لەڕێگای تێکەڵکردنی دەق، وێنە، دەنگ و کارلێک، یارمەتیی منداڵ دەدەن جۆرە جیاوازەکانی خوێندەواری بەشێوەی هاوکات تاقی بکاتەوە و بۆ ژیان لە کۆمەڵگایەکی ئاڵۆز و میدیا-تەوەر ئامادەتر بکات.

* فێربوونی ئاسانتر و چەمکە زانستییەکان: چیرۆکە دیجیتاڵەکان زیاتر هاوڕێ چالاکییە کارلێکییەکانن؛ بۆ نموونە منداڵ دەتوانێ لەسەر وشەیەک کرتە بکات و واتاکەی ببیسێ یان وێنەیەکی پێوەندیداری ئەو وشەیە ببینێ. وەها ڕوانگەیەک فێربوونی زمانی زگماکی و تەنانەت زمانە دووەمەکانیش ئاسانتر دەکات. هەروەها کتێبە دیجیتاڵەکانی بواری زانست دەتوانن چەمکە ئەستەمەکان

لەڕێگای ئەنیمەیشێن و وێنەسازییەوە بۆ منداڵ ڕاگوێز بکەن.

* پێوەندیدانی خوێندنەوە و ڕابواردن: یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی ئەدەبیاتی دیجیتاڵ، لەناوبردنی سنووری نێوان ڕابواردن (کایە) و فێربوونە. منداڵان دەتوانن هاوکات کە کایە دەکەن، چیرۆکیش ببیسن یان بخوێننەوە. ئەم پێوەندییە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەیکە خوێندنەوە ببێتە ئەزموونێکی دڵخواز و ئەگەری بەردەوامبوون لەسەری لە داهاتوودا زیاد دەکات.

ئالنگاری و هەڕەشەکان: ئەو مەترسیگەلەی پێویستە بە هەند وەرگیرێن

ئەگەرچی جیهانی دیجیتاڵ دەرفەتی زۆری بۆ گەشەپێدانی ئەدەبیاتی منداڵ ڕەخساندووە، بەڵام نابێ ئالنگاری و هەڕەشەکانی پشتگوێ بخرێن. کەڵکوەرگرتنی نابەجێ و لەڕادەبەدەر یان بەبێ چاوەدێری لەم ئامرازانە دەتوانێ خەسارێی جیددی لەسەر پرۆسەی گەشەی هزری و هەستیارانەی منداڵ دابنێت.

* دابەزینی تەرکیز و خوێندنەوەی قووڵ: منداڵان لە ئاقاری دیجیتاڵدا، زیاتر خوو بە ئەزموونە کورت، خێرا و بەرتەسکەکانەوە دەگرن. سەیرکردنی لاپەڕەی وێنە جووڵاوەکان یان کرتەکردن لەسەر ئەکتەرەکانی نێو چیرۆک ئەگەرچی سەیر و ڕاکێشەرە بەڵام ئەگەری ئەوەش لەئارادایە ئاستی تەرکیز لەسەر دەق و چێژی خوێندنەوەی درێژخایەن دابەزێنێت.

* کاڵبوونەوەی هێزی خەیاڵی ئازادانە: ئەدەبیاتی چاپکراو ئاقارێکی کراوە و ئاوەڵا بۆ خەیاڵی منداڵ دەخولقێنێ؛ بەڵام لە زۆرێک لە وەشانە دیجیتاڵەکاندا، هەموو شت پێشتر وێنەی بۆ ساز کراوە و دەنگی لەسەر دانراوە. هەربۆیە، شوێن بۆ خەیاڵی تاکەکەسیی منداڵ کەم دەبێتەوە و ڕەنگە هێزی داهێنانی سنووردار بێت.

* خووگرتن بە شاشە و کێشە جەستەییەکان: خوێندنەوەی دیجیتاڵ زیاتر لەڕێگای مۆبایل، تەبلێت یان کۆمپیوتەرەوە ئەنجام دەبێت. کەڵکوەرگرتنی درێژخایەن لەم ئامرازگەلە دەتوانێ کێشەی وەک ماندووبوونی چاو، نەجووڵان

یـان کەمجـوولان و یـان خووگرتنـی لەڕادەبـەدەر بە شاشـەی لێ بکەوێتەوە.

* کەلێنـی دیجیتـاڵ و نایەکسـانیی بەردەسـتبوون: لەحاڵێکـدا کـە هەنـدێ لـە منـداڵان نوێتریـن ئامـرازە دیجیتاڵـەکان و ئینتەرنێتـی خێرایـان بەردەسـتە، کۆمەڵێکی دیکـە تەنانـەت لـە پێداویسـتییە سـەرەتاییەکانیش بێبەشـن. ئـەم کەلێنـە دەتوانـێ نایەکسـانیی کەلتـووری و فێـرکاری تونـد بکاتـەوە.

**دەوری بنەماڵـە، ڕاهێنـەر و نووسـەران بـۆ ڕێکخسـتن و دیاریکردنی ئاراسـتەی ئەدەبیاتی دیجیتاڵیی منداڵ**

گۆڕانکارییـە دیجیتاڵـەکان لـە ئەدەبیاتـی منداڵانـدا بەشـێوەی ئەوتـۆی خۆیـان نـە چاکـن و نـە خـراپ؛ ئـەو شـتەی گرینگـە شـێوازی کەڵکوەرگرتـن و ڕێبازەکەیەتـی. بنەماڵـە، ڕاهێنـەران و نووسـەران هەریەکـە دەورێکـی سـەرەکییان بـۆ کەڵکوەرگرتنـی دروسـت لـەم دەرفەتانـە و دابەزاندنـی خەسـارەکانی هەیـە.

* دەوری بنەماڵـەکان: دایـک و بـاوک بـە ئامادەبـوون و وتووێـژ لـە کاتـی کەڵکوەرگرتنـی منـداڵ لـە کتێبـە دیجیتاڵـەکان دەتوانـن لـە کەڵکوەرگرتنـی سسـت بەرگـری بکـەن و خەیاڵـی منـداڵ بەهێـز بکـەن.

* دەوری ڕاهێنـەران و سیسـتەمی پـەروەردە: قوتابخانـەکان و ڕاهێنـەران دەتوانـن تێکەڵێـک لـە کتێبـە چاپکـراو و دیجیتاڵـەکان فێـری منـداڵان بکـەن و خوێندەواریـی میدیایـی و ڕوانگـەی ڕەخنەگرانـە بەهێـز بکـەن.

* دەوری نووسـەران و دیزاینـەران: خولقێنـەران دەبـێ بـە داهێنانـەوە، دەفرایەتییـە مۆڵتـی میدیـاکان دەکار بێنـن و بەهـا کەلتوورییـەکان لـە بەرهەمـە دیجیتاڵەکانـدا بپارێـزن.

* دەوری سیاسـەتدانەران و بنکـە کەلتوورییـەکان: پاڵپشـتی لـە وەبەرهێنانـی بەرهەمـەکان بـە کوالێتـی بـەرزەوە و دانانـی پلاتفۆڕمـی باوەڕپێکـراو، هەنگاوێکـی گرنگـە بـۆ ئـەوەی ئەدەبیاتـی دیجیتاڵـی منـداڵ بکەوێتـە سـەر ڕێڕەوێکـی دروسـت.

**دەرەنجام:**

ئەدەبیاتی منداڵ لە سەردەمی دیجیتاڵدا هاتووەتە قۆناغێکی تازەوە؛ قۆناغێک، کە تیایدا کتێبە قاقەزییەکان تەنیا یەکێک لە ڕێگاکانی دەستخستنی چیرۆکن و ئەزموونە کارلێکی، دەنگی و مۆڵتی میدیاکان ئاسۆی نوێیان کردووەتەوە. ئەم گۆڕانکاریگە لەلایەکەوە ڕێگای ڕاکێشەربوونی زیاتر، بەردەستبوونی بەربڵاوتر و بەهێزبوونی جۆرەکانی خوێندەواریی بۆ منداڵان خۆش دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە مەترسیی وەک دابەزینی تەرکیز، سنووردرابوونی بازنەی خەیاڵ و دڵگراویی لەڕادەبەدەر بە شاشەی ئامرازەکانی هێناوەتە گۆڕێ. لەم نێوەدا دەوری بنەماڵەکان، ڕاهێنەر و مامۆستایان، نووسەران و سیاسەتدانەرانی کەلتووری، دەورێکی یەکلاکەرەوەیە. ئەگەر ئەم ڕەوتە بە هوشیارییەوە ڕێڕەوی بۆ هەڵبژێردرێ دەتوانێ تەواوکەرێکی بەنرخ بۆ کتێبە چاپکراوەکان بێت و خوێندنەوە بکاتە ئەزموونێکی چێژبەخش و بەردەوام بۆ منداڵان. داهاتووی ئەدەبیاتی منداڵ گرێ دراوە بە دیاریکردنی هاوسەنگییەکی ژیرانە لەنێوان نەریت و تەکنۆلۆجیادا؛ هاوسەنگییەک، کە بتوانێ هەم خەیاڵ و قووڵبوونی خوێندنەوە بپارێزێ و هەمیش لە دەفرایەتییەکانی جیهانی دیجیتاڵ بۆ فێرکاری و داهێنان کەڵک وەرگرێ.

**پەراوێزەکان:**


E-books (1)

Interactive books (2)

Audiobooks (3)


هەوراماندی کتێب

# هۆنراوەکانی ناو پڕۆگرامی خوێندن و (کاکەی فەلاح) وەک نموونە



عەلی حەمەڕەشید

**پوختە:**

پەروەردە و ئەدەبی منداڵان دووانەیەکی پێکەوە لکاون و لەهەر شوێنێکدا هۆنراوەیەک، چیرۆکێک، ئۆپەرێتێک، شانۆییەک.ڕۆمانێکی تایبەت بە منداڵان هەبێت ئەوا ڕاستەوخۆ پەروەردە و بەها پەروەردەییەکان ئامادەییەکی باشیان تێیدا هەیە و دەبنە تەواوکەری ئەو ژانرە و وایلێدەکەن کە منداڵ چێژی خۆشیی لێوەربگرێت و زانیاریشی لێوە فێرببێت و کۆمەڵێک بەهای جوان و باشیشی لێوەفێرببێت ، مرۆڤدۆستی، ژینگەدۆستی، کۆمەڵایەتی، ڕەوشت.

**پێشەکی:**

ئـەوەی لـەم باسـەدا دەخرێتـە ڕوو خوێندنـەوە و باسـکردنی ئـەو هۆنراوانەیـە کە کتێبەکانی خوێندنەوەی کوردیـدا دانـراون بەگشـتی و هۆنـراوەی (لەسـەرەتای ساڵەوە)ی کاکەی فەلاح. لـەو ڕووەوە سـەربجی خـۆم خستۆتە ڕوو .مـن هۆنـراوەو شیعریشـم بـەکار هێنـاوە لـەم باسـەدا.

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە:**

لێـرەدا ئـەوە دەخەینـەڕوو کـە تـا چەنـد ئـەو هۆنراوانـەی لـە پرۆگرامـی خوێندنـدا دادەنرێـن ئامانجیـان پێـکاوە و دەبێـت چـۆن بـن و چـی بکرێـت باشـە.

**بایەخی لێکۆڵینەوەکە:**

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بایەخـی ئەوەیـە کـە پێویسـتە لـە کتێبەکانی خوێندنـدا هۆنـراوەی تایبـەت بـە منـداڵان هەبـن و گرنگـی زۆری پێبدرێـت چونکـە هۆنـراوە ڕۆڵێکـی تـەواوی هەیـە ،لەبـەر ئـەوەش کـە ئـاوازی بـۆ دادەنرێـت و بەشـێوەی گۆرانییـش دەدرێـت بەگوێـی منداڵانـدا و کۆمەڵێـک بەهـای جـوان لەخۆدەگرێـت بەگشـتی و بەتایبەتییـش بەهـا پەروەردەییـەکان .

کەرەسـەی لێکۆڵینەوەکە:کتێبەکانـی بازنەیـە یـەک و بازنـەی دوو ئەوانـەی گۆڕانکارییـان بەسـەردا نەهاتـووە لەگەڵ دیوانـی پەپوولەکانـی کاکـەی فـەلاح .

**پەیکەری لێکۆڵینەوەکە:**

بـەدوو بـەش باسـمکردووە .یەکەمیان بەگشـتی ئـەو هۆنراوانـەی کەلـە کتێبەکانـی خوێندنـەوەی کوردیـدا دانـراون و ئەوانـەش کـە کتێبەکانیانـم دەسـتنەکەوت بـەڵام هۆنـراوەکان لـە یادەوەریمانـدا ماوەتەوە .بەشـی دووەمیـان چاوخشـاندنێکی خێـرا بـە سـەرجەم هۆنراوەکانـی کاکـەی فـەلاح دا و حسـتنەڕووی ئەوانـەی کـە وەک گۆرانـی بەسـەر زاری منداڵانـەوەن.

**بەشـی یەکـەم: پرۆگرامـی خوێنـدن و هۆنـراوەی منـداڵان.**

شـیعر ئـەو ژانرەیـە کەلـە دنیـای ئەدەبـدا پانتاییەکی فراوانـی داگیرکردوە بەگشـتی و بەتایبەتیـش لـە ئەدەبـی منداڵانـدا .چونکـە شـیعر لەبـەر ئـەوەی کەبـە هونەرێکـی جـوان داڕێـژراوە ئـاواز ومۆزیکـی تایبەتـی هەیـە ، چێژ بەخشـە و زانیـاری بـاش و ووردیـش بـە منـداڵان دەبەخشـێت دەشـکرێت بـە گۆرانـی

منداڵان دەتوانن بێجگەلە خوێندنەوەی گوێشی لێبگرن بۆیە کاریگەری خۆی لەسەر منداڵان جێدەهێڵێ. هەروەها کێش و سەروای هەیە و زوو دەچێتە دڵەوە .مامۆستا ڕەزا شوان دەربارەی شیعر دەڵێت: ( شیعر گرنگترین لقە لە لقەکانی ئەدەب، فۆرمێکی نایاب و سەرنجڕاکێشە. هەست و چێژ و خۆشییەکی تایبەتی بە دڵ و دەروونمان دەبەخشێت. لە کۆنەوە شیعر تێکەڵاوی خوێنمان بووە و بووە بە بەشێک لە ژیانمان، هەستمان دەبزوێنێ و بووە بە وێردی سەر زمانمان و بە خۆراکی دەروونمان. بووە بە چەکی بەرگریمان. کاریگەرییەکی زۆری لە ڕۆحی ڕەوانماندا هەیە. بە شیعریش گوزارشتمان لە خۆشییەکان و ناخۆشییەکانی ژیانمان کردووە.

........ماڵپەڕی چراتیڤی)

ئەگەر هەر یەکە لەئێمە بگەڕێینەوە بۆ منداڵی خۆمان شیعرێک یان چەند دێڕێک لەو شیعرانەمان دێتەوە یاد کە بە منداڵی گوێمان لێبووە یان خوێندومانەتەوە کێ هەیە لەئێوە. ئەگەر سەرنج بدەین ئەو هۆنراوانەی کەلە پرۆگرامی خوێندندا دانروان زۆریان لە یادەوەریماندا ماون و هەرچەندە ساڵانێکی زۆریشیان بەسەردا تێپەڕیووە.

کەباس لە هۆنراوە بۆ منداڵان دەکەین بەگشتی و بەتایبەتی بۆ پرۆگرامی خوێندن چەند شاعیرێک لەو بوارەدا ناویان وەک ئەستێرە دەدرەوشێتەوە و ناوەکەی و هۆنراوەکەیشی لەسەر زارمانن، کێ هەیە لە ئێوە ئەم هۆنراوەیەی لە قوتابخانەدا نەخوێندبێت و لەبەری نەکردبێت و یادەوەری خۆش یان ناخۆشی لەگەڵدا نەبێت کە تا ئەمساڵیش ئەو هۆنراوەیە لە کتێبی پۆلی سێیەمی بنەڕەتیدا هەیە و هەرتازە و جوانەو و بۆ پرۆگرامیش زۆر گونجاوە.

کێ هەیە لە ئێوە کە زیاتر مەبەستم پێش نەوەدەکانەو دوای نەوەدەکانیش ئەمانەی لە یاد نەبێت.

**پەپوولەی جوان پەپوولەی جوان**
**پەپولەی جوانی کوردستان**
**زۆر دەلال وئێسک سووکی**
**دۆستی منداڵی بچوکی**

کە بەڕاستی هۆنراوەیەکی ناسک

و جوان و گونجاو و پەروەردەییە بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ،چونکە منداڵ پەپولەی خۆشدەوێت و پەرۆشی بینینیەتی کاتێک بەسەر گوڵەکانی ناو باخچەکاندا دێت و دەچێت.

یان

**ئەی تۆپەکە ! فتبۆڵەکە**
**من دێم لە دەستم ڕامەکە**
**تۆ،تۆپی یاریکردنی**
**وەک کوولەکەی ڕۆحی منی**

(خوێندنەوەی کوردی پۆلی دووەم لاپەڕە ٧٦)

ئەم هۆنراوەیە زۆر دەمێکە نووسراوە و تائێستاش بەهۆی ئەو فەنتازیا جوانەوە کە لەناویدا هەیە و خاوەنی موزیکێکی ناوەوەیە و منداڵ بەرەو دنیای خەیاڵ دەبات کاتێک بەتۆپەکەی یاریدەکات.تائێساش ئەم هۆنراوەیە لەگەڵ ئەوەی کە زیاتر لە پەنجا ساڵە نووسراوە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو هۆنراوانەی کەلەئێستادا لەهەندێک گۆڤاردا بڵاودەبنەوە ئەم جوانترە.

یان

**منداڵیکی ساوا بووم**
**کەی وەک ئێستاکە وابووم**
**دایکم بەخێوی کردم**
**ئەو نەبوایە دەمردم**

یان

**ئای لەو بەفرە بارییوە**
**زەوی یەک پارچە زیوە**

یان

**خۆشەویستەکەی ژینم**
**باخەوان وپەرژینم**
**سڵاوی زۆر بەتینم**
**بۆتۆ باوکی شیرینم** (وێندنەوەی کوردی پۆلی دووەم لاپەڕە ٧٠)

ئەم هۆنراوەیەش کە باسی باوک دەکات هۆنراوەیەکی جوانە ،خۆزگە هۆنراوەکە بەشێوەیەک بووایە کە باسی دایکیشی تێدا بووایە یان هۆنراوەیەکی وا دابنرایە کە هەردووکیانی تێدا بووایە چونکە هندێک منداڵ لەو پۆلەدا لەوانەیە باوکیان نەبێت کە دوور نییە کاریگەری دەرونی لەسەر منداڵ دروست نەکات،بۆیە من وایبەباش دەزانم ئەو هۆنراوانەی کە لەکتێبی خوێندنەوەی کوردیدا دادەنرێن با هۆنراوەیەک بن باسی دایک و باوکیشی تێدا بێت تا ئەو کاریگەرییە نەرێنییە دروست نەبێت. بەهەمان شێوە ئەم هۆنراوەیەش کە

هەواڵنامەی کتێب

ساڵانێکی زۆر پێشتر دانرابوو:

**دایکی شیرینم چەند خۆشەویستی**
**بۆ ژیانی من چەندە پێویستی**

یەکێکە لە هۆنراوە جوانانەی کە تایبەتنەندییەکی جوانی تێدایە بۆ منداڵان و زوو لەبەری دەکات و بەباشیش لێیتێدەگات،من دوای هەوڵێکی زۆر بەخۆشحاڵییەوە ناوی خاوەنەکەیم دۆزییەوە کە ئەویش مامۆستا (ڕەشیدی مەلا عەلی یە... گۆڤاریکاروان ژمارە ٢٥٥ لاپەڕە ٣٤ ساڵی ٢٠٢٤)

یان

**من کەوێکی زۆر جوانم**
**هەمیشە لە کوێستانم**

ئەم هۆنراوەیەش هەر لەگەڵ هۆنراوەکەی تردا بۆمان دەرکەوت کە خاوەنەکەی هەمان شاعیرە، جوانە ،گونجاوە، موزیکێکی ناسکی هەیە، خۆشەویستی باڵدارو سروشت بۆ منداڵان دەردەخات.

یان

**بەرخەکەم نەرمو نۆڵە**
**پەروەردەی هەرد و چۆڵە**

هۆنراوەیەکی جوان و شیاوە ،بەڵام بەداخەوە ناوی خاوەنەکەی لەسەر نەنووسراوە.

یاخود

**ئەی بەرخۆلەکە**
**نەرم و نۆڵەکە**
**سپی خرپنی**
**وەک کولوی لۆکە** (خوێندنەوەی کوردی پۆلی دووەم لاپەڕە ٦٣)

منداڵ بەسروشتی خۆی گیاندارانی خۆشدەوێت و حەز بەهاوڕێیەتییان دەکات بەگشتی و بەتایبەتی تریش بێچووەکانیان.لێرەدا کە باسی بەرخێکی سپی جوان دەکات ،دنیایەکی جوان بۆ منداڵ دروست دەکات و خۆشەویستی بۆ وانە و قوتابخانەکەش زیاتر دەبێت.

یان

**قوتابخانە زۆر خۆشە**
**مەڵبەندی بیر و هۆشە** (خوێندنەوەی کوردی پۆلی دووەم لاپەڕە ٢٦)

بەڕاستی کاتێک قوتابخانە خۆش دەبێت کە ژینگەیەکی پەروەردەیی گونجاوی هەبێت و ئارامی و ئاسودەیی باڵی بەسەردا کێشا بێت و ماۆستایان بەخۆشەویستییەوە وانەکانیان بڵێنەوە .ئەم هۆنراوەیەش ناسکی و جوانییەکی

وای تێدایە کە منداڵان لەڕێگەویەوە ڕابکێشێت و پێکەوە هەست بەو خۆشییە بکەن کە لەچوون بۆ قوتابخانەدا بەرجەستەی دەکەن.

یان

**بڵێن : مامۆستا بژی**
**بژی ، بژی ،هەر بژی**
**هەر بژی ئەو چرایە**
**وەک دایک باوک وایە** (خوێندنەوەی کوردی پۆلی دووەم لاپەڕە ٥٥)

مامۆستا ئەو مرۆڤە ماندووە خۆشەویست و دڵسۆز و خەمخۆرەیە کە هەمیشە هەوڵدەدات تا گوڵاڵەی ژینی جوانی منداڵان لە دۆزەخی نەزانیندا نەژاکێت و بەگەشاوەو جوانی و بۆنخۆشییەوە بمێنێتەوە.مامۆستا خەوری قوتابخانەیە،لەدایک و باوکی قوتابی زیاتر حەز بە دەرچوون و سەرکەوتن و دەرکەوتنی قوتابییەکانی دەکات و لە هەوڵی بێوچاندایە ،بۆیە مامۆستا شایانی ئەوەیە کە لە هەر پۆلەدا و بە پێی ئاستی تەمەن و قۆناخی منداڵەکە هۆنراوەی تایبەتی بۆ بنووسرێت تا منداڵان زیاتر هەست بە ماندووبوونی بکەن و زیاتر خۆشیان بوێت.بۆیە ئەم هۆنراوە ناسکەیان داناوە کە بەداخەوە ناوی خاوەنەکەی نەنووسراوە.

یان

**ئەم کوردستانە جوانە**
**خوێن و دڵ و چاومانە** (خوێندنەوەی کوردی پۆلی سێیەم لاپەڕە ٤٢)

کوردستان جوانە و نیشتمانی ئێمەی کوردە و خۆشماندەوێت و لەپێناویدا ئەوەی پێویست بێت دەیکەین.بۆیە پێویستە منداڵانیش بەجۆرێک پەروەردە بکەین کە ئەویش کوردستانی خۆشبوێت و شانازیی پێوە بکات.بەڵام واباشە ئاگاداری ئەو وشانە بین کە لەهۆنراوەکاندا بەکاران دەهێنین ،ئێمە دەمانەوێت تۆوی خۆشەویستی کوردستانی لە ناخدا بچێنین ناگونجێت هەندێک وشە بەکاربهێنین کە ببێە لەباربردنی ئەو خۆشەویستییە.

یان

**ژینی لادێ سەیرانە**
**گەرچی تۆزێ گرانە** (خوێندنەوەی کوردی پۆلی سێیەم لاپەڕە ٦١)

شاعیر بە وشە دیمەنێکی جوان و دڵگیری بۆ منداڵان کێشاوە ،هاتووە بە وردی باسی ژیانی لادێ دەکات

و لەگـەڵ ژیانـی شـاردا بـەراوردی دەکات،ئـەم هۆنراوەیـە وەک چیرۆکـە شـیعرێک وایـە و زۆر درێـژە .

یان

**کوڕێک بوو ناوی دارا بوو**

**وریا و زیرەک و دانابوو** (خوێندنەوەی کوردی پۆلی سێیەم لاپەڕە ٨٠)

ئـەم هۆنراوەیـەش وەک چیرۆکـە شیعرێک وایە و درێژە باسی منداڵێـک دەکات کـە زۆر وریـا و زیرەکە،هانـی منداڵانیـش دەدات کـە بـەو شـێوەیە ئەوانیـش زیـرەک و چـالاک بـن.

بەشـی دووەمیـان چاوخشـاندنێکی خێـرا بـە سـەرجەم هۆنراوەکانـی کاکـەی فـەلاح دا و خسـتنەڕووی ئەوانـەی کـە وەک گۆرانـی بەسـەر زاری منداڵانـەوەن.

**لە سەرەتای ساڵەوە**

**براکانم! خوشکەکانم!**

**هاوڕێ خۆشەویستەکانم!**

**دەرگای مەکتەب کرایەوە**

**پشووی هاوین بڕایەوە**

**جا نۆرەی قوتابخانەیە**

**کە بۆ زانین هێلانەیە**

**بەیەکتر شاد ئەبینەوە**

**ڕێگای خوێندن ئەگرینەوە**

(خوێندنەوەی کوردی پۆلی سێیەم لاپەڕە ٣)

**دەرچووی ساڵی پار بێ پەروا**

**بەرەو پۆلی تازە دەڕوا**

**دەرنەچووی لە کاروان جێماو**

**دڵی پڕ خەفەتە و زوخاو**

**سەد بەڵێنی بەخۆی داوە**

**ئیتر نەکەوێتە دواوە**

**هەموو پۆل پۆل دێین و دەچین**

**وەک پورە هەنگ کۆمەڵ ئەبین**

**بە ئاواتی دەرچوونی نوێ**

**گیانمان ئەکەین بە چاو و گوێ**

**تاکو وانەکان فێر ئەبین**

**لە تێگەیشتن تێر ئەبین**

**ماندوو بین لەسەرەتاوە**

**کاری دەرچوونمان تەواوە**

**ئەوی ئێستا حەسایەوە**

**پەشیمانی بۆ مایەوە**

**با هەوڵ بەین هەتا زووە**

**تا هەل لەدەست دەرنەچووە**

(پەپوولەکان لاپەڕە ٥٧)

**کاکەی فەلاح کێیە؟**

کاکـەی فـەلاح نـاوی (حەمـە کـوڕی حەمـە ئەمیـن کـوڕی قـادر) کـە پاشـان نازنـاوی کاکـەی فەلاحـی بـۆ خـۆی هەڵبـژارد. لـە سـاڵی ١٩٢٨ لـە چوارتـا

(شـاربازێڕ)ی سـەر بـە پارێـزگای سـلێمانی چـاوی بـە ژیـان هەڵهێنـاوە و لەخێزانێکـی دەسـت کـورت و هەژار و نەخوێنـدەواردا پـەروەردە بـووە، لـە سـاڵانی ١٩٣٩ – ١٩٤١ لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی چوارتـا خوێندوویەتـی لـەو کاتـەی عەبدولواحید نـووری بەڕێوەبـەر بـووە. لـە پاشـاندا چـووە بـۆ سـلێمانی بـۆ خوێنـدنـی قۆناغـی قوتابخانـەی ناوەنـدی. هەندێکـی دەخوێنێ و بـۆی تـەواو ناکـرێ و دەکەوێتـە نـاو خەباتـی سیاسـی نهێنییەوە .کاکـەی فـەلاح لـە ڕۆژی ١٩٩٠/١٠/٩ دا لـە تەمەنـی ٦٢ سـاڵیدا لـە شـاری سـلێمانی کۆچـی دوایـی کرد. (ماڵپـەڕی کوردپیدیـا)

کـە لێـرەوە دەچمـە باسـەکەمەوە و بـەم هۆنراوەیـەی کاکـەی فـەلاح دەست پێدەکـەم. بـەڵام دەبێت ئـەوەش بزانیـن کـە هەندێـک لـەو هۆنراوانـەی کـە وەک نمونـە هێنامنـەوە و باسـمکردن زۆر گونجـاون بـۆ ئـەو پۆلـە کـە دانـراون بـۆی هەندێکیشـیان وشـەیەکی تێدایـە ناگونجـێ هەندێکیـان دێڕێـک هەندێـک هەمـووی ناگونجـێ.

کە من ئەمەیانم لێرە داناوە لـە ڕاسـتیدا کاکـەی فـەلاح



کاکەی فەلاح

خـۆی مامۆسـتا نەبووە،بـەڵام وەک پەروەردەکارێکـی لێـزان و مرۆڤێکـی هەسـت ناسـک و شـارەزا لـە بـواری ئەدەبـی منداڵانـدا پێگەیەکـی دیـاری بۆخـۆی دیاریکـردووە و دیارە.هـەر هۆنـراوەو ئۆپەرێتێکـی بـۆ منـداڵان نوسـیبێت هێنـدە بەسـەلیقەیەکی وردەوە نوسـیویەتی یەکسـەر منـداڵان بـە پەرۆشـەوە وەری دەگـرن و پێـی دڵخـۆش ئەبـن کـە هۆکارێکـی ئـەم سـەرکەوتنەش ئـەوە بـووە کـە خوێندنەوەیەکـی باشـی هەبـووە لـە بـواری ئـەدەب وپـەروەردەدا . ئـاگاداری بەشـێکی زۆر لەو بەرهەمانە بووە کە بۆ

هەواڵنامەی کتێب

منداڵان نووسراون.ناسکی و جوانییەک لە بەشێکی زۆرلە هۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێت کە دەبنە هۆی ئەوەی هەم ئاوازدانەران بەرەوپیری بچن و بیکەن بە گۆرانی،هەم منداڵانیش بەپەرۆشەوە دەیخوێننەوە و حەزی پێدەکەن.

ئەگەر گەشتێکی خێرا بکەین بە دیوانی پەپوولەکاندا کە کۆی ئەو شیعرانەیە کە بۆ منداڵانی نوسیووە بەڕێز( ڕوناک کاکەی فەلاح) ئامادە و کۆی کردونەتەوە و لە ساڵی ٢٠٠٩ دا لە سلێمانی لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپکراوە.

ئەوا بەشێکی زۆری ئەو هۆنراوانە بەر گوێمان کەوتوون بە گۆرانی و ئاوازێکی خۆش دوور نییە ئێستا وەکو کەسێکی بەتەمەن لە یادەوەریماندا ماون ولەیادمانن .ئەوەتا کاکەی فەلاح لەم هۆنراوەیەدا دەڵێت:

**خاڵخاڵۆکە**
**ماڵی خاڵم لەکوێیە**
**تۆ ئەیزانی**
**لە شارە یان لەدێیە**
**بەشوێن تۆدا**
**من فڕینم حەز لێیە**
**خۆزگە وەک تۆ**
**باڵم ئەگرت لەم ڕێیە**
**تا بزانم**
**ماڵی خاڵم لە کوێیە** (پەپوولەکان لاپەڕە ١٥)

تەکنیکی داڕشتنی ئەم هۆنراوەیە لەگەڵ هۆنراوەکانی تریدا جیاوازە و نوێیە بۆ ئەو کاتە و ئێستاش (٤+٧) کە ئەوەش بۆ کاکەی فەلاح داهێنانە و شتێکی تازەیە و ئەمەش جوانییەکی زیاتری بە هۆنراوەکە بەخشیوە و سەلیقەی کاکەی فەلاح زیاتر دەردەخات.بەڵام لە بەشی کۆتاییدا بێ هیواییەک بە منداڵان دەدات و باسی نەمانی خاڵە و شێواوی شوێنی سەیران و شکانی شمشاڵی شوان و زەردهەڵهەڕانی دارەکان وبوونی دوکەڵ و شێوانی هێلانەی مەلەکان ،کە دەبوو هەروەکو ناسکییەکەی سەرەتای هۆنراوەکەی تەواو بکردایە.

یان لە هۆنراوەیەکی تردا کراوە بە گۆرانی و بە دەنگی منداڵ کەوتۆتە بەر گوێمان.

**چۆلەکەی سەر گوێسوانە**
**چەن بچکۆلەو چەن جوانە**
**چەن دڵگیرو ئێسکسووک**
**پوش هەڵدەگرێت بە دەنووک**

**بۆ بێچووی خنجیلانە**

**هەڵئەبەستێ هێلانە** (پەپوولەکان لاپەڕە ١٧)

کە ئەم هۆنراوەیە دەخوێنیتەوە یان گوێت لێدەبێت وێنەیەکی جوانت دێتە بەرچاو،لەهەمان کاتیشدا چیرۆکێکە بۆ خۆی و لە نێو وشەکانیشیدا ئاوازێکی خۆش هەیە کە ئەمانەش وا لە منداڵان دەکەن زیاتر پەرۆشی ببن و بیخوێننەوە یان گوێی لێبگرن لەگەڵ ئەمانەشدا زانیاری دەربارەی چۆلەکە تێدایە و چۆن و لە کوێ هێلانە دروست دەکات و سەرەتاش بە بێچووەکانی دەوترێت چی و چۆن خواردنیان بۆ دەبات و چۆن فێری فڕینیان دەکات.وشەی (چەند) نووسراوە (چەن) نازانم هەڵەی تایپە یان خۆی بەوشێوەیە نووسیویەتی.

لە هۆنراوەیەکی تریشدا بەناوی پشە سوورە وە دەڵێت

**پشیلە سوورە خت خت**

**بۆخۆت لێکردوم بەشت** (پەپوولەکان لاپەڕە ١٩)

لەم هۆنراوەیەدا شێوە نا پەروەردەییەک دەردەکەوێت کە واباشبوو بەو شێوەیە پشیلە سوورەی ناشیرین نەکردایە لەبەر چاوی منداڵان.

**لاچۆ برۆ لەبەر چاو**

**ئەی کەتنکەری گڵاو**(پەپوولەکان لاپەڕە ١٩)

کە وشەیەکانی (کەتنکەر، گڵاو ) دوورن لە فەرهەنگی منداڵەوە.

یان

**گدی گدی کارەکەم**

**کارژۆڵەنازدارەکەم** (پەپوولەکان لاپەڕە ٢١)

هۆنراوەیەکی ناسک و جوان و نزیک لە منداڵەوە وەک پێشتر وتمان منداڵ حەزی بە هاوڕێیەتی گیانلەبەرانە بەتایبەتی بێچووەکانیەن.

یان

**ئەی پەپوولەی ناو باخان**

**ئەی وێڵی دەشت و شاخان** (پەپوولەکان لاپەڕە٢٣)

یان

**ئەی هەنگی ویزە خۆشم**

**وەکو تۆ تێئەکۆشم**

**چاوم لە تۆیە وردی**

**ئای چەند بەدەست و بردی** (پەپوولەکان لاپەڕە ٢٥)

ناسک و جوان و لە هەنگەوە باسی

تێکۆشـان و گەیشـتن بە ئامانـج دەکات.

یان

**مریشکە ڕەشە میوانم**

**خاڵــی جوجەڵەکانــم** (پەپوولــەکان لاپــەڕە ٢٨)

لەســەرەتاوە جـوان و بـاش هاتـووە، بـەڵام لـە کۆتاییـدا دەڵێـت:

**بێم بە دەنووکی تیژم**

**خوێنی چاوت ئەڕێژم**

کـە دەبووایـە وشـەو دەسـتەواژەی تـری بـەکار بهێنایـە نـەک خوێن ڕشـتن.

یان

**من وەک ئەم گوڵە باخەم**

**پەروەردەی ناو ئەم شاخەم**

**چۆلەکەم ئەجریوێنم**

**یـاری ئەکـەم ئەخوێنـم** (پەپوولــەکان لاپــەڕە ٢٩)

هۆنراوەیەکــی ناســک و جــوان و پەروەردەییــە و گۆرانییەکــی خۆشــە.

یان

**باخچەکەمان دڵگیرە**

**جێــگای منداڵــی ژیرە** (پەپوولــەکان لاپـــەڕە٣١)

بـۆ منداڵــی باخچــەی منــداڵان نووســراوە،کەدەیخوێنیتەوە دەڵێــی کاکــەی فــەلاح مامۆســتای باخچــەی منــداڵان بــووە هێنــدە بەجوانــی نووســیویەتی.بەڵام لەهەندێــک دێــڕدا بــە ڕاســتەوخۆ ئامــۆژگاری منــداڵان دەکات کــە دەبووایــە بــە ناڕاســتەوخۆ ئامۆژگارییەکانــی بنووســیایە.وەک:

**دەم و دەست و دڵ پاک بن**

**هەر لە ئێستاوە چاک بن**

**بەدڵی مامۆستا بن**

**بۆ یەک خوشک و برا بن**

(پەپوولەکان لاپەڕە٣١)

یان

**گوڵی باخچەی منداڵان**

**بۆنیان دەگاتە ماڵان**

**پەروەردەی ئەم چیمەنەن**

**گەشـاوەی زەردەخەنـەن** (پەپوولەکان لاپــەڕە ٣٣)

بەڕاســتی بۆنــی گــوڵان ئاســودەیی و خۆشــی دەخاتــە دڵانەوە،هێنــدە بــە شــێوەیەکی ناســک و جــوان هۆنیویەتییــەوە لێوانلێــوە لــە جوانیــی. کراویشـە بـە گۆرانـی کـە ئاوازدانەرانیش لای خۆیانەوە بەو جوانیی و ناسکییەیان زانیــوەو ئاوازیــان بــۆ دانــاوە.

یان

**دایە دایە بەم چەشنە**

**هەموو ساڵێ هەرجەژنە**

**منداڵەو خۆی گۆڕیوە**
**ئـاڵاو واڵای پۆشـیوە** (پەپوولـەکان لاپـەڕە ٥٣)

وێنەیەکـی جوانـی بـە وشـەی ڕەنگاڵەیـی ناسـک و پـڕ لـە هیـوا بـۆ منـداڵان کێشـاوە کـە دنیـای منداڵییـان لا دڵگیرتـر دەکات.

**شەممە / هەرچەند بخوێنم کەمە**
**یەکشەممە/ خوێندن نادەم بە گەمە**
**دوو شەممە/مەکتەب گوێ وچاوو دەمە**
**سێشەممە/ خوێندەواری ڕێگەمە**
**چوارشەممە/ ڕەوشتی جوان پیشەمە**
**پێنج شەممە/ نەزانین هەورو تەمە**
**هەینـی/ تەمـەڵ زۆر کوێـرە زەینـی** (پەپوولـەکان لاپـەڕە ٥٦)

لـەم هۆنراوەیەشـدا وەک مامۆسـتایەی خـاوەن ئەزمـوون هاتـووە ڕۆژەکانـی هەفتـەی هـەر لـە شـەممەوە تـا هەینـی بـە هۆنراوەیەکـی پـەروەردەی ئامانجـدار باسـکردووە کـە پێشـتر و بـە ئێستاشـەوە لـە قوتابخانەکانـدا مامۆسـتاینی ئازیـز بـۆ قوتابییەکانیانـی دەنووسـن و ئەوانیـش لەگـەڵ ئـەوەی کـە دەیڵێـن کاریـش بـە ناوەڕۆکـە جوانەکەشـی دەکـەن.

یان

**ئەی پۆلیسی هاتووچۆ**
**سوپاسی ئێمە بۆتۆ**
**بەوەی دەمانپارێزیت**
**ڕەنجت گرتۆتـە ئەستۆ** (پەپوولـەکان لاپـەڕە ٦٥)

کاکـەی فـەلاح هۆنراوەیەکـی زۆر تایبەتـی بـۆ پۆلیسـی هاتوچـۆ نووسـیوە کـە تـەواو کارە گرنـگ و بەرپرسـیارێتییەکەی بـە وردی خسـتۆتەڕوو و دەڵێـت سوپاسـی ئێمـە بۆتـۆ کـە بەڕاسـتی ئـەوان مانـدوون و شـایانی ئـەوەن کـە سـوپاس بکرێـن هەرچەنـدە ئەرکـی خۆشـیان جێبەجـێ دەکەن.ئـەم هۆنراوەیـەش کـراوە بەگۆرانـی و منـداڵان چێـژی لێوەدەگرن و لێـوەی فێردەبـن.

یان لەم هۆنراوەیەدا کە دەڵێت:

**مناڵینە بەهارە**
**نەورۆزو یادگارە**
**نەورۆز جەژنی دێرینە**
**بۆیە لامان شیرینە**
**ڕۆژی سەیران و گەشتە**
**کوردستانمان بەهەشتە** (پەپوولەکان لاپـەڕە ٨٢)

زۆر لـە شـاعیران هۆنراوەیـان بـۆ نـەورۆز نووسـیوە و بەردەوامیـش هـەر

هەواڵنامەی کتێب

بـۆی دەنووسـرێت،بەڵام هەریەکەیـان تایبەتمەندیـی و جوانیـی و سـەلیقەی خاوەنەکـەی پێوەدیارە،کاکـەی ەلاح لێرەدا بـە زمانێکی سادە و داڕشتنێکی جوانـی مۆزیـک ئامێـز باسـی نـەورۆز دەکات کارێـزی وەسـتا شـەیف و مامەیـارە و قەشـقۆڵی و سـەرچنار و دەشـت و دەرە جوانـە دڵگیـرە سەرنجڕاکێشـە خۆشـەکەی کوردسـتان بـە منـداڵان دەناسێنێت.بەشـێوەیەک منـداڵ حـەزی لێدەکات.کراویشـە بـە گۆرانـی بـۆ منـداڵان.

یان

**کتێب و کتێبخانە**

**ئەم هەنگوینە و ئەو شانە**

**بۆیە لە هەموو ماڵی**

**پێویستە گشت منالێ**

**مژدە بدا بە باوە**

**کتێبخانەم داناوە**

**مژدە بدا بە دایە**

**نرخـی گۆڤـارم لایە** (پەپوولـەکان لاپـەڕە ١٠٩)

گرنگیـدان بـە کتێـب و خوێندنـەوە و دانانی کتێبخانـە هـەر لـە منداڵییـەوە و زانینـی نرخی کتێب و گۆڤاری منـداڵان کارێکی لـە پێشـینەی هەمـوو مامۆستا و پەروەردەکارێـک بـۆ ئـەوەی هـەر لـە منداڵییـەوە خوێندنـەوە بکـەن بەکلتور و لەگەڵیـدا خۆیـان ڕابهێنن.کاکـەی فـەلاح زۆر بـە شـێوەیەکی جـوان و شـیواو لـەم هۆنراوەیـەدا ئـەوەی خسـتۆتەڕوو و باسیکردووە.باسـی دانانـی کتێبخانـەی کـردووە بـۆ منـداڵان وبـەو بۆنەیەشـەوە دەبێـت لـە هەمـوو ماڵێکـدا هەبێـت و وەک مژدەیەکیـش بـۆ بابـە و دایـە بـۆ ئـەم هەواڵـە خۆشـە.

یان

**خۆشـم ئەوێ خۆشم ئەوێ**

**ئەم نیشتمانەم خۆش ئەوێ**

**تا لێدانی دڵ ئەسرەوێ**

**قەت لەبەر چاوم ناکەوێ** (پەپوولەکان لاپەڕە ١٣٨)

ئـەم هۆنراوەیـەش وەکـو سـرودێک بەگوێـی هەمـووان ئاشـنایە و پێمـان دەڵێـت خۆشەویسـتی ئـەم نیشـتمانە لەگـەڵ لێدانـی دڵماندایە،کـە وەک ناسـنامەیەکیش وایـە بـۆ کاکـەی فـەلاح وەکـو چـۆن ئـەی ڕەقیـب بـۆ (داڵـدار) ی شـاعیر و نـەورۆز بـۆ ( پیرەمێـرد) و چەژنـە جەژنـی کوردسـتانە جەژنـی نەورۆزە،بەتیشـکی ئاگـر دەنووسـم جەژنـە پیـرۆزەی (ع.ع شـەونم) بـوون

بـه پێناسـه بۆیـان.

**له سەرەتای ساڵەوە**
**براکانم! خوشکەکانم!**
**هاوڕێ خۆشەویستەکانم!**
**دەرگای مەکتەب کرایەوە**
**پشووی هاوین برایەوە**
**جا نۆرەی قوتابخانەیە**
**کە بۆ زانین هێلانەیە**
**بەیەکتر شاد ئەبینەوە**
**ڕێگای خوێندن ئەگرینەوە**
(پەپوولەکان لاپەڕە ٥٧)

لەم هۆنراوەیەدا کە کورت و پوختە و هێندە گونجاوە کە هەموو مەرجەکانی هۆنراوە بۆ پرۆگرامی خوێندنی تێدایە،چونکە دەچێتە هەموو ماڵێکەوە ولە گشت شار و شارۆچکە و گوندێکدا دەخوێندرێت پێویستە تایبەتمەندی خۆی تێدابێت،وەکو ئەوە نییە کە لە گۆڤارێکی منداڵاندا یان کتێبێکی تایبەت بۆ منداڵاندا بڵاوبکرێتەوە چونکە کتێب و گۆڤارەکە لەوە دەچێت هەم تیراژیان کەم بێت و هەم نەگەنە گشت شوێنێک،بۆیە ئەم هۆنراوەیەی کاکەی فەلاح ئەگەر بە وردی و دێڕ بەدێڕ لێی ورد ببینەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت.(براکانم، خوشکەکانم...هاوڕێ خۆشەویستەکانم) لێرەدا پێمان دەڵێت لە پۆلی قوتابخانەدا کچ و کوڕ کە ئەو وەک خوشک برا باسی کردووە و هاوڕێی یەکن پێکەوە دانیشتوون وبە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی مامۆستادان بۆ ئەوەی وانەیان پێ بڵێت.( دەرگای مەکتەب کرایەوە....پشووی هاوین برایەوە) چەند بەشێوەیەکی جوان بە منداڵان دەڵێت لەگەڵ تەواو بوونی پشووی هاوین ئیتر دەرگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە و دەزانێت هەمووان لە چاوەڕوانیدان بۆ کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە تازە دەچنە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی. کاکەی فەلاح لێرەدا وشەی مەکتەبی بەکار هێناوە،چونکە لەو کاتەدا زیاتر بەکار هاتووە و قوتابخانە تارادەیەک وشەیەکی نوێ بووە.لەهەمان هۆنراوەشدا وشەی قوتابخانەی بەکارهێناوە تا منداڵان بزانن هەردووکیان یەک واتایان هەیە و دووەم ماڵە بۆ منداڵان ومەڵبەندی پەروەردەو زانست و زانیاری و فێربوونە. ( جا نۆرەی قوتابخانەیە ..... کە بۆ زانین هێلانەیە) چەند بەجوانی و

هەواڵنامەی کتێب

لەزاری منداڵەوە دەڵێت ئیتر لەئێستا بەدواوە نۆرەی قوتابخانەیە کە لەوێ وەک هێلانەی زانست و زانیاری فێری زۆر شت دەبین تا لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان بهێنین.( بەیەکتر شاد ئەبینەوە.......ڕێگای خوێندن ئەگرینەوە) بەدڵێکی خۆشەوە دەڵێت لەقوتابخانەدا بەیەک شاد دەبینەوە و ڕێگەی خوێندن دەگرینەوە کە ڕێگەیەکە هەموومان دەگەیەنێت بە ئامانجی خۆمان..کاکەی فەلاح لێرەدا بەم هۆنراوە کورت و پوختە وەک یەکێک لە پێشەنگە دیارەکانی ئەدەبی منداڵان دەردەکەوێت بەتایبەتی لەو شاعیرانەی کە هۆنراوەکانیان لە پڕۆگرامی خوێندندا دانراوە.ئەم هۆنراوەیە لە دیوانی پەپوولەکاندا کەکۆی ئەو شیعرو ئۆپەرێت و شانۆییانەیە کە بۆ منداڵانی نووسیوە درێژە ،بەڵام بەشێوەیەکیجوان هەر ئەوەندەیان لێگەڵبژاردووە کە بە تەواوی مەبەستی خۆی دەگەیەنێت. حەزدەکەم بیرەوەرییەکی خۆم لەگەڵ ئەو شیعرەدا باس بکەم کە دوورنییە لای ئێوەش یادگاری لەو شێوەیە نەبووبێت.

**کاکەی فەللاح دیوانی چرۆ!**

بیری منداڵی تیژە.. زۆرمان لەکاتی دانیشتنماندا لەناو کۆمەڵێک هاوڕێ دا یان لەکاتی بینینو بیستنی ئەوشتانەی کەدەبنەهۆی وەبیرهێنانەوەی یادەوەرییەکان، چەندان شتی منداڵی خۆمان دێتەوە یاد.. کەبێگومان لەهەمان کاتدا خۆشیو ناخۆشی دەبنە کاڵاو دەبرێن بەباڵای ئەو یادانەدا.. لەڕاستیدا منداڵ بوونەوەرێکی تابڵێی خاوەن توانایە.. کانی بەهرەو هیوایە، زۆر بەزوویی هەست بەشتەکان دەکات، ئەگەر بەوریایی و بەدروستی شتێکی بۆباس نەکرێت، دەروازەی پرسیارەکانی بەڕووتدا دەکاتەوەو زۆرجار سەرسامیشت دەکات بەپرسیارێک کەوەڵام دانەوەی سەلیقەو وریایی و شارەزایی دەوێت.. من ئەوەی مەبەستمە، ئەوشتانەن کەبەمنداڵی لەشریتی یادمدا تۆمارکراوە، جائەو شتانەش خۆشەکانو ناخۆشەکانی زیاترو زووتر زەنگی بیرهێنانەوە لێدەدەنو دێنەوە سەرشاشەی مێشکو بەرچاوان.

کەمنداڵ بووم لەپۆلی سێهەمی

سەرەتایی دا ((لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزەی کەوانەی کوردی پێ ئەوتین)).. ڕۆژێکیان ئەو هۆنراوەیەی ((کاکەی فەلاح))ی لێ دەپرسینەوە.

**لەسەرەتای ساڵەوە**

**براکانم! خوشکەکانم. هاوڕێ خۆشەویستەکانم**

**دەرگای مەکتەب کرایەوە. پشووی هاوین بڕایەوە**

دەبوایە هەموومان لەبەرمان بووایە بۆ مامۆستامان بوتایە لەکۆتایی هۆنراوەکەدا دێڕێک نوسرابوو ((کاکەی فەلاح – دیوانی چرۆ)).. ئەوەشمان وەک دێڕێکی هۆنراوەکە دەوت بێ ئەوەی بیزانینو لێی تێ بگەین.. مامۆستاش خۆی خەریکی کتێبێک بوو دەیخوێندەوە، نزیکەی ((١٥)) منداڵ هۆنراوەکەیان وت لەبەر، وەک ئاوو دۆ لەبەریان بوو، هەمووشیان لەکۆتایی دا دەیان وت ((کاکەی فەلاح دیوانی چرۆ)) زۆر چاک لەبیرمە منداڵێک ئەوەی لەبیرچوو بیڵێ، هەموو دەستمان بەرزکردەوە: ((مامۆستا .. مامۆستا .. مامۆستا دێڕێکی پەڕاند)).. ئەویش وتی چی؟ وتمان دێڕی خوارەوەی پەڕاند ((کاکەی فەلاح)) مامۆستاش لێ ی تووڕە بوو، لێ ی داو پێ ی وت: بۆچی بەجوانی لەبەرت نەکردووە؟

ئیتر دوایی ئەوانی تریش کەمابوون، هۆنراوەکەیان تووتی ئاسا وت، بێ ئەوەی کەبزانن ((کاکەی فەلاح دیوانی چرۆ))چی یە؟ وایان ئەزانی دێڕێکە لەهۆنراوەکە.. من خۆم تاپۆلی شەشەمی سەرەتایش نەمدەزانی تالەوێش بەپرسیارکردن فێربووم.. کەلەڕاستیدا دەبوایە مامۆستا ئەوەی بۆ ڕوون بکردینایەتەوە، کە ئەم هۆنراوەیە خاوەنەکەی ناوی ((کاکەی فەلاح))ە و لەکتێبێکدا دەرهاتووە، کەناوی ((دیوانی چرۆ)) یە، تا هەرهیچ نەبێ شاعیرەکە بناسنو ناوەکەی لایان نەبێتە دێڕێکی هۆنراوەکە.

**ئەنجام:**

١- هۆنراوەی منداڵان ڕۆڵێکی باشی پێدراوە و پێویستە زیاتر گرنگی پێبدرێت.

٢- منداڵان بەگشتی هۆنراوەیان



هەواڵنامەی کتێب

بەلاوە خۆشەو حەزی پێدەکەن .

٣- کاکەی فەلاح هەرچەندە مامۆستا نەبووە بەڵام بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی پەروەردەیین و منداڵان سودیان لێوەردەگرن.

٤- شاعیر شارەزاییەکی باشی لە تەکنیکی دارشتنی هۆنراوەدا هەیە بەگشتی و بەتایبەتیش بۆ هۆنراوەی منداڵان.

٥- لەگەڵ ئەمانەشدا لە بەشێک لە هۆنراوەکانیدا هەندێک وشەی ناپەروەردەیی هەیە کە دەبووایە شاعیر بەکاری نەهێنانایە.وەک کاتێک هۆنراوەیەکی منداڵان لە گۆڤارێکی منداڵاندا یان لە گۆڤار یان ڕۆژنامەیەکدا کە بۆ گەورانە بڵاودەبێتەوە،یاخود بەشێوەی کتێبی تایبەتی شاعیر بڵاودەبێتەوە وەکو پێویست ناگاتە دەست هەموو منداڵێک،بەڵام کاتێک هۆنراوەیەک لە کتێبی خوێندنەوەی کوردیدا دادەنرێت لە پرۆگرامی خوێندندا،ئەوا بەئاسانی لەرێگەی قوتابخانەوە دەگاتە بەردەستی هەموو منداڵێک لە گشت گوند و شارۆچکە و شارێکدا،بۆیە وا پێویست دەکات کە ئەو هۆنراوانەی لەوێدا دادەنرێت ڕەچاوی کۆمەڵێک خاڵ بکرێت کە کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵ و دەرونی منداڵ دروست نەکات.

**ئەو هۆنراوانەی کە واباشە لە پرۆگرامی خوێندندا دابنرێت:**

* گشت مەرجەکانی هۆنراوەی منداڵانیان هونەری و ئەدەبیی تێدابێت.

* بەپێی قۆناغی تەمەنی منداڵ و ئاستی منداڵ بێت و وشەکانیان سەر بەفەرهەنگی منداڵان بێت .

* کورت و پوخت بن و چیرۆک ئامێز بن.

* فەنتازیا ڕوبەرێکی باشی تێدا داگیرکردبێت بەتایبەتی لە بازنەی یەکەمدا.

* کۆتاییەکی هیوابەخشیان هەبێت.

* وشەی زۆری نامۆی تێدا نەبێت.

* دوور بێت لەزمانی ناوچەیی.

* هەوڵبدرێت کە هۆنراوەکان سەردەمی بن و فەنتازیا و تەکنەلۆژیا فەرامۆش نەکرێت.

* وشەی (کوشتن، خنکان ، مردن ، خوێن.....) یان هەر وشەیەکی نەگونجاوی تێدانەبێت.

* ڕەچاوی ژینگە و کلتور بکرێت.

* هەوڵبدرێت بەهاکان لەهۆنراوەکاندا باس بکرێت .

* مۆسیقایەکی ناوەوەی هەبێت کە بەئاسانی ئاوازی بۆ دابنرێت چونکە منداڵان بە زووی لەبەری دەکەن وبە باشی لێی تێدەگەن و چێژی لێوەردەگرن.

* هەر هۆنراوەیەک لە پرۆگرامدا دانرا واباشە لیژنەیەکی شارەزا ببینن راستە ئەو کەسانەی کە هۆنراوەکەیان هەڵبژاردووە وەک مامۆستا و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بە پێی ئەو بابەتانە دیاری ئەکەن کە پێیان سپێردراوە بەڵام مەبەستم لیژنەیەکە لە روی زمان وهونەری شیعرو گونجاندنی لەروی دەرونی وژینگەو کلتورو زانسییەوە.

* لەگەڵ نوسینی ناوی شاعیر کورتەیەک لە ژیاننامەکەی و وێنەکەشی دابنرێت لەگەڵ نووسینی ناوی چەند چاپکراوێکی دیاری بۆ منداڵان. کە ئەمەش نەک بۆ قوتابی ،سودیشی بۆ مامۆستایان دەبێت تا زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو شاعیرە پەیدا بکەن بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بۆ قوتابیانی باس بکەن.

**سەرچاوە:**

١- کۆ شیعری منداڵان و ئۆپەرێتەکانی کاکەی فەلاح...ئامادەکردن و کۆکردنەوەی:روناک کاکەی فەلاح..ساڵی ٢٠٠٩ .دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.. سلێمانی.

٢- کتێبی خوێندنەوەی کوردی بازنەی یەکەم و دووەم ..کۆنەکان.کەهەندێکیان هۆنراوەکانم لەبەر بوون.

٣- کتێبی خوێندنەوەی کوردی پۆلی دووەم چاپی هەشتەم..ساڵی ٢٠١٥.

٤- کتێبی خوێندنەوەی کوردی پۆلی سێیەم چاپی یەکەم..ساڵی ٢٠٠٨.

٥- کتێبی خوێندنەوەی کوردی پۆلی چوارەم چاپی نۆیەم..ساڵی٢٠١٦.

٦- کتێبی رێزمان و خوێندنەوەی کوردی پۆلی پێنجەم چاپی نۆیەم..ساڵی ٢٠١٦.

٧- کتێبی رێزمان وخوێندنەوەی کوردی پۆلی شەشەم چاپی دووەم..ساڵی ٢٠٠٩.

٨- ماڵپەری چرا تیڤی.

٩- ماڵپەری کوردپیدیا.

١٠- گۆڤاری کاروان ژمارە ٢٥٥ گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە ،وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکات.

هەواڵنامەی کتێب

# کاریگەری و گرینگی ئەدەبی مناڵان لەدروستکردنی کەسایەتی مناڵ



سەردار ئەکرەم

ئەدەبی منـاڵان، وەک لقێکـی گرنگـی ئـەدەب، ڕۆڵێکـی یەکلاکـەرەوە دەبینێـت لـە پێکهێنانـی کەسـایەتی منـاڵ و گەشـەپێدانی هـزری و سـۆزدارییاندا. ئـەم بـوارە، کـە زۆرجـار بـە کـەم سـەیر دەکرێت، لـە ڕاسـتیدا بناغەیەکـی پتـەوە بـۆ فێرکـردن و پەروەردەکـردن، چونکـە لـە ڕێگـەی چیـرۆک و شـیعر و شـانۆنامە و نووسـینەکانی تـرەوە، منـاڵان فێـری بەهـا مرۆییـەکان، لێبوردەیـی، هـاوکاری، و تێگەیشـتن لـە جیهانـی دەوروبەریـان دەبـن. ئەگـەر بێـت و بـە وردی بـاس لـە گرینگـی ئەدەبـی منـاڵان بکەیـن، بەتایبەتـی سـەرنج بخەینـە سـەر ڕۆڵـی شـانۆی منـاڵ و کاریگەرییەکانـی لەسـەر لایەنـی سـایکۆلۆژی و پەروەردەیـی منـاڵان.

هەروەها، بە بەڵگە و سەرچاوەی ئەکادیمی، نیشان بدەین کە چۆن ئەدەبی مناڵان دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ گەشەپێدانی تواناکانی مناڵ و ئامادەکردنیان بۆ ژیانێکی سەرکەوتوو و پڕ بەرهەم.

گرینگی ئەدەبی مناڵان لە پەروەردە و فێرکردندا تەنها سەرچاوەیەک نییە بۆ کات بەسەربردن، بەڵکو ئامرازێکی بەهێزە بۆ پەروەردە و فێرکردن. لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و چیرۆکەکانەوە، مناڵان توانای زمانەوانییان گەشە پێدەدەن، وشەی نوێ فێردەبن، و تێگەیشتنیان بۆ پێکهاتەی ڕستە و شێوازەکانی دەربڕین زیاد دەکات . ئەمەش بناغەیەکی پتەو بۆ خوێندەواری و سەرکەوتن لە قۆناغەکانی خوێندنی داهاتوودا دادەنێت. هەروەها، ئەدەبی مناڵان یارمەتی مناڵان دەدات لە گەشەپێدانی توانای خەیاڵکردن و داهێناندا. کاتێک مناڵێک چیرۆکێک دەخوێنێتەوە، لە ناخیدا وێنەی کارەکتەر و ڕووداوەکان دروست دەکات، ئەمەش مێشکی چالاک دەکات و توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانەی بەهێز دەکات .سەرەرای ئەمانە، ئەدەبی مناڵان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە فێرکردنی بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکاندا. زۆربەی چیرۆکەکانی مناڵان پەیامی پەروەردەیی و ئەخلاقییان تێدایە، وەک گرینگی ڕاستگۆیی، هاوکاری، ڕێزگرتن لە یەکتر، و لێبوردەیی. مناڵان لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە فێری ئەم بەهایانە دەبن و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پیادەیان دەکەن. بۆ نموونە، چیرۆکێک کە باس لە هاوکاری نێوان دوو هاوڕێ دەکات، دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت لەسەر تێگەیشتنی مناڵ بۆ گرینگی هاوکاری و پێکەوە کارکردن .

جگەلەوەش گرینگی ئەدەبی مناڵان لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، ئەدەبی مناڵان کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر گەشەپێدانی سۆزداری و کۆمەڵایەتی مناڵان هەیە. خوێندنەوەی چیرۆکەکان یارمەتی مناڵان دەدات لە تێگەیشتن لە هەستەکانی خۆیان و هەستەکانی کەسانی تر. کاتێک مناڵێک چیرۆکێک دەخوێنێتەوە کە کارەکتەرەکانی ناوچیرۆکە هەستە جیاوازەکان (وەک خۆشی، خەم، ترس، تووڕەیی) ئەزموون دەکەن، مناڵەکە فێردەبێت چۆن ئەم هەستانە بناسێتەوە و

مامەڵەیان لەگەڵدا بکات . ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەپێدانی زیرەکی سۆزداری لە منالّدا، کە بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا زۆر گرنگە.

هەروەها، ئەدەبی منالان دەتوانێت یارمەتی منالان بدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و ئالۆزییەکانی ژیاندا. زۆرجار چیرۆکەکان باس لەو کێشانە دەکەن کە منالان لە ژیانی ڕاستەقینەدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە، وەک جیابوونەوەی دایک و باوک، مردنی کەسێکی نزیک، یان کێشە لە قوتابخانەدا. لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانەوە، منالان هەست بەوە دەکەن کە تەنها نین و کەسانی تریش هەمان هەستیان هەیە. هەروەها، فێری ستراتیژییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشانە دەبن و هیوایان پێدەبەخشرێت . ئەمەش کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر تەندروستی دەروونی منالان هەیە و یارمەتیان دەدات لە دروستکردنی خۆڕاگری دەروون .

هەروەها ئەگەر تیشک بخینەسەرڕۆڵی شانۆی منالّ لە گەشەپێدانی منالّدا.

لێرداشانۆی منالّ، وەک بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی منالان، کاریگەرییەکی تایبەتی هەیە لەسەر گەشەپێدانی هەمەلایەنەی منالان. شانۆ تەنها سەرچاوەیەک نییە بۆ کات بەسەربردن، بەڵکو پلاتفۆرمێکە بۆ فێربوون، دەربڕینی سۆزداری، و گەشەپێدانی تواناکانی کۆمەڵایەتی. کاتێک منالان بەشداری لە شانۆدا دەکەن، یان سەیری شانۆ دەکەن وەک بینەر، چەندین سوودی پەروەردەیی و سایکۆلۆژی بەدەست دەهێنن .یەکێک لە گرنگترین سوودەکانی شانۆی منالّ، گەشەپێدانی توانای قسەکردن و دەربڕینە. منالان لە ڕێگەی ڕۆڵگێڕان و دیالۆگەوە فێری قسەکردن بە شێوەیەکی ڕوون و متمانەبەخۆبوون دەبن. ئەمەش یارمەتیان دەدات لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بە ئاسانی بیروڕاکانیان دەرببڕن و لەگەڵ کەسانی تردا پەیوەندی دروست بکەن. هەروەها، شانۆ توانای خەیاڵکردن و داهێنانی منالان بەهێز دەکات. کاتێک منالێک ڕۆڵێک دەگێڕێت، دەبێتە کەسایەتییەکی تر و لە جیهانێکی خەیاڵیدا دەژی، ئەمەش مێشکی چالاک دەکات و توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانەی بەرز دەکاتەوە .لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، شانۆی منالّ یارمەتی منالان دەدات

لە تێگەیشتن لە هەستەکانی خۆیان و کەسانی تر. کاتێک مناڵێک ڕۆڵی کارەکتەرێک دەگێڕێت کە هەستە جیاوازەکان ئەزموون دەکات، مناڵەکە فێردەبێت چۆن لەو هەستانە تێبگات و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەپێدانی زیرەکی سۆزداری و توانای هاوسۆزی لە مناڵدا.

هەروەها، شانۆ دەتوانێت ببێتە دەروازەیەک بۆ مناڵان بۆ دەربڕینی ئەو هەستانەی کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا ناتوانن دەریان ببڕن، وەک ترس، تووڕەیی، یان خەم. ئەمەش یارمەتیان دەدات لە ڕزگاربوون لە فشارە دەروونییەکان و پاراستنی تەندروستی دەروونییان .سەرەڕای ئەمانە، شانۆی مناڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەشەپێدانی تواناکانی کۆمەڵایەتی مناڵاندا. کاتێک مناڵان پێکەوە لە شانۆدا کار دەکەن، فێری هاوکاری، کارکردن بە تیم، و ڕێزگرتن لە بیروڕای یەکتر دەبن. ئەمەش یارمەتیان دەدات لە دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ هاوڕێکانیاندا و فێربوونی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گروپدا.

هەروەها، شانۆ متمانەبەخۆبوونی مناڵان زیاد دەکات و یارمەتیان دەدات لەسەر شانۆ و لە ژیانی ڕۆژانەدا بە متمانەوە دەربکەون . لە کۆتاییدا، ئەدەبی مناڵان و بەتایبەتی شانۆی مناڵ، تەنها سەرچاوەیەک نین بۆ کات بەسەربردن، بەڵکو ئامرازێکی زۆر گرنگن بۆ گەشەپێدانی هەمەلایەنەی مناڵان. لە ڕێگەی ئەم بوارانەوە، مناڵان توانای زمانەوانی، خەیاڵکردن، داهێنان، و زیرەکی سۆزدارییان گەشە پێدەدەن. هەروەها، فێری بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان دەبن و توانای مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشە و ئاڵۆزییەکانی ژیاندا بەهێز دەبێت. شانۆی مناڵ بە تایبەتی، وەک پلاتفۆرمێکی کارلێک کار، یارمەتی مناڵان دەدات لە دەربڕینی خۆیان، بەدەستهێنانی متمانەبەخۆبوون، و گەشەپێدانی تواناکانی کارکردن بە تیم. بۆیە، گرنگە کە بایەخێکی زۆر بە ئەدەبی مناڵان و شانۆی مناڵ بدرێت لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، چونکە ئەم بوارانە بناغەیەکی پتەو بۆ نەوەیەکی تەندروست و داهێنەر و بەرهەمدار دادەنێن.

# پاشخانە فەلسەفییەکانی هێرمەنیوتیک لە کتێبی «آشنایی با هرمنوتیک»دا



د. محەمەد عەبدولکەریم

**پێشەکی:**

ئەم بابەتە، خستنەڕووی کتێبی (آشنایی با هرمنوتیک) (١)ـە، لە بواری هێرمەنیوتیکدا. ئەم کتێبە وەرگێڕانێکی عەرەبییشی هەیە بەناوی (الهیرمینیوطیقا) (٢)، لەکاتی پێویست و بۆ یەکلاییکردنەوەی چەمکەکان، هەردوو کتێبەکەمان بەکارهێناوە.

لەم خوێندنەوەیەدا، دەستەواژەی هێرمەنیوتیک، وەک گۆکردنە ئینگلیزییەکەی وەرگیراوە، بەباشمان زانی کە لە گۆکردنە ئینگلیزیەکەی لانەدەین.

ئەم کتێبە، یەکێکە لە سەرچاوە تێروتەسەلەکانی ئەم بابەتە، کە هەم لەڕووی

مێــژووی چەمکەکــە و هــەم لــە ڕووی پاشخانە فەلسـەفییەکانییەوە، بـە وردی دواوە.

بەپێی تێگەیشتنی ئێمـە، ئـەم کتێبـە، هەوڵــی وەڵامدانــەوەی ئــەم پرســیارانە دەدات:

- ئایا ڕێگایـەک هەیە بۆ تێگەیشـتنی تـەواو و پەتـی؟

- چــۆن بزانیــن تێگەیشــتنمان بــە دۆخــی زەینیمانــەوە نەبەستراوەتەوە؟

- چۆن بزانین ئـەوەی ئێمە تێیدەگەین، ئەوەیە کە نووسـەر گوتوویەتی؟

- ئایا نووسـەر گەیەنـەری پەیامـە یان دەق؟

بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە، کتێبەکـە ئـەم بەشـانەی خـوارەوەی هێناوەتـەوە:

**بەشی یەکەم: پێناسەی هێرمەنیوتیک:**

یەکەم: تیۆری کتێبی پیرۆز:

جــان مارتــن کلادینیــۆس (١٧١٠-١٧٥٩) دەڵێـت: هێرمەنیوتیـک هونـەری تەفسـیرە. واتـا هونـەری گەیشـتنە بـە «تێگەیشــتن»ی تــەواو.

دووەم: تیۆری تێگەیشتن:

شــلایرماخەر (١٧٦٨-١٨٣٤) دەڵێـت: هێرمەنیوتیــک هونــەری تێگەیشــتنە.

ئـەو ڕێسـایانەیە کـە ڕێـگا بـە «هەڵـە تێگەیشـتن» نـادات.

سـێیەم: میتـۆدی گشـتیی زانسـتە مرۆییــەکان:

فیلهێلـم دەلتـای (١٨٣٣-١٩١١) پێـی وایـە: هێرمەنیوتیـک میتۆدێکی گشـتییە، هەمــوو زانســتە مرۆییــەکان لەســەری بنیـات دەنرێـن.

چــوارەم: بیــردۆزی ئەنتۆلۆجیــی تێگە یشــتن:

هایدیگـەر (١٨٨٩-١٩٧٦) پێـی وایـە: هێرمەنیوتیــک شــیکردنەوەی دیــاردەی «تێگەیشــتن»ە لای مــرۆڤ.

گادامیــر(١٩٠٠-٢٠٠٢) پێــی وایــە: هێرمەنیوتیـک تیۆرێکی ئەنتۆلۆجییـە بـۆ تێگەیشـتن، تێگەیشـتنیش زمانێکـە لـە زمانــەکان.


پێنجەم: سیستەمی تەئویل:

پــۆل ڕیکــۆر دەڵێـت: هێرمەنیوتیـک تیۆرێکـە بـۆ یاسـاکانی تەفسـیر. هەروەها دەڵێـت: تەئویلـی دەقـە، یـان تەئویلـی کۆمەڵـە نیشـانەیەکە کـە دەکرێـت وەک دەق سـەیربکرێن.

**بەشی دووەم: مێژووی هێرمەنیوتیک**

+ هێرمەنیوتیکـی کلاسـیک (سـەدەی

هەواڵنامەی کتێب




هەژدەیەم):

مارتن کلادینیۆس: هیرمینۆتیک بنچینەی زانستی تەئویلە.

ب- هێرمەنیوتیکی نوێ (سەدەی نۆزدەیەم):

- شلایرماخەر، دوو داهێنانی لەو بوارەدا هەیە:

یەکەمیان: هێرمەنیوتیک بیردۆزێکە بۆ تێگەیشتن.

دووەمییان: «هەڵە تێگەیشتن» شتێکی بنچینەییە.

- دەلتای: هێرمەنیوتیک دەبێت هەموو زانستە مرۆییەکان بگرێتەوە.

ت- هێرمەنیوتیکی فەلسەفی (سەدەی بیستەم):

- مارتن هایدیگەر: تێگەیشتن لە مرۆڤ لەرێی کۆچالاکییەکانییەوە «دازاین» دەبێت.

- گادامیر: تێگەیشتن لە « تێگە یشتن » .

ث- قۆناغی رەخنە لەبارەی هێرمەنیوتیکی فەلسەفی:

- هابەرماس پێی وایە شیکردنەوەکانی گادامێر لەبارەی «چییێتی تێگەیشتن»ەوە، بۆ بوارەکانی هونەر و مێژوو دەگونجێت، بەڵام لەبواری «تەفسیر» و کاری کۆمەڵایەتیدا گونجاونین.

- ئەمیلیۆ بیتتی(٣) و هێرش: رەخنەیان لەبارەی چەمکی «رێژەییبوون» بەو گشتگیرییە گرتووە و پێشنیاری «هێرمەنیوتیکی بابەتی»یان کردووە.

**بەشی سێیەم: هێرمەنیوتیکی کلاسیک:**

**ناودارانی هێرمەنیوتیکی کلاسیک:**

یەکەم: دان هاوار: ساڵی ١٦٥٤

کتێبێکی بە ناوی (هێرمەنیوتیکی پیرۆز یان ڕیبازی تەئویلی دەقە پیرۆزەکان) نووسی. لەو یاسایانە دەدوێت کە بۆ تەفسیری دەقە پیرۆزەکان پێویستن.

دووەم: یۆهانس ڕامباخ: ساڵی ١٧٢٣ کتێبی (دەزگاکانی هێرمەنیوتیکی پیرۆز) ی نووسی. باسی ئەو تەفسیرە دەکات کە وەک بنچینەی دەقەو واتاکانی لە دەقەکە لانادات.

سێیەم: جان مارتن کلادینیۆس: ساڵی ١٧٤٢ کتێبی (دەروازەیەک بۆ تەفسیری ڕاست بۆ سەرچاوەو دەقە پیرۆزەکان) ی نووسی. هێرمەنیوتیکی بە «هونەری تەفسیر» ناوزەد کردووە.

ڕەهەندەکانی هێرمەنیوتیک لای کلادینیۆس:

١- ئامانجی بنەرەتی نووسین و قسەکردن: ئامانجی گوتار و نووسین ئەوەیە کەسی بەرانبەر بەتەواوی لێی تێبگات. ئێمە دەبێ بزانین واتای «تێگەیشتنی تەواو» چییە.

٢- تێگەیشتن و تەفسیر: تێگەیشتن و تەفسیر، دوو شتی جیاوازن. کەسی شارەزا لەبواری زانستێک، زوو تێدەگات و کەمتر پێویستیی بە تەفسیر دەبێت.

٣- مەبەستی نووسەر: دەتوانین لەڕێی «تەئویل»ەوە بگەینە مەبەستی نووسەر. مەبەستی نووسەریش ئەو واتایەیە کە نووسەر مەبەستی بووە.

٤- گۆشەنیگا: گۆشەنیگا جیاوازی لە جۆری لێکدانەوە دروست دەکات، ئەمە سروشتی مرۆڤە، ئەگەر هەموو کەسەکان لەهەمان گۆشەنیگاوە سەیری دەق بکەن، ئەوا یەک جۆر لێکدانەوە دروستدەبێت.

٥- مەرج و نیشانەکانی تێگەیشتنی تەواو: تێگەیشتنی تەواو بۆ دەق، یان گەیشتن بە «تێگەیشتنی تەواو»، ئەم نیشانانەی هەیە:

أ- گەیشتن بە مەبەستی نووسەر: ئەگەر خوێنەر توانی مەبەستی نووسەر لە نووسینەکەی ڕوون بکاتەوە، ئەوا بە تێگەیشتنی تەواو گەیشتووە.

ب- بنیاتنانەوەی تێگەیشتن لەسەر ئەو هەستانەی لەخوێندنەوەی دەقەکەوە دروستدەبن: ئەگەر دەق و بیری ناو دەقەکە توانییان چێژ بەمرۆڤ ببەخشن و خەندە و دڵخۆشیی پێبدەن، یان بە پێچەوانەوە هەستی ناخۆشی لەلا دروست بکەن، ئەوا نیشانەی ئەوەیە خوێنەر گەیشتووەتە پلەی تێگەیشتنی تەواو.

ت- زانینی چەمکە پەیوەستەکان بەدەقەکەوە: خوێندنەوەی رووکەش، تێگەیشتنەکەی لە ئاستی رووکەشی دەقەکەیە. بەڵام خوێندنەوەی قووڵ، ئەو چەمکە گرنگانە لای مرۆڤ دەورووژێنێت کە لەناو دەقەکە بەکارنەهاتوون، بەڵام پەیوەندیی بەتینیان لەگەڵ بابەتەکەدا هەیە.

ث- نەبوونی روونکردنەوەی دژیەک: لە خستنەرووی بابەتەکەدا مەبەستی پێچەوانە دەرنەکەون.

**بەشی چوارەم: هێرمەنیوتیکی شلایرماخەر:**

١- هێرمەنیوتیکی شلایرماخەر، لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی کانت و فەلسەفەی رۆمانسیزم دایە.-کاریگەرە بە کانت، چونکە «گومان» دەکاتە بنچینەی هێرمەنیوتیک و لە «هەڵە تێگەیشتن»ەوە دەستپێدەکات. هەروەها لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی رۆمانسیزم دایە، چونکە پشت بە رەگەزی هەڵهێنان «حدس» و بۆدەرکەوتن «شهود» دەبەستێت. هۆی ئەمەش بۆئەوە دەگەرێتەوە کە پێی وایە زمان و هونەرە زمانییەکان بەس نین بۆ «تەفسیر» کردنی دەق، چونکە نووسەری دەق کۆمەڵێک واتای شاراوە دەخاتە پشت ناواخنە زمانییەکەی دەقەکەوە، خوێنەر پێویستیی بە «هەڵهێنان» و «بۆدەرکەوتن» هەیە، تا پێیان بگات.

٢- «واتای دەق» جیایە لەگەڵ «مەبەستی نووسەر»، هەردەقێک و هەر رستەیەک، دەتوانرێت کۆمەڵێک لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەڵام یەکێک لەو لێکدانەوانە مەبەستی نووسەر بووە. کاری هێرمۆنتیک ئەوەیە مەبەستی نووسەر بدۆزێتەوە.

٣- تێگەیشتن و تەفسیر جۆرێکن لە دارشتنەوەی دەقێکی نوێ. بەڵام ئەو دەقە نوێیە نابێت لەسنووری مەبەستی نووسەر دەربچێت. ئەمەش بە زانینی ئەو بارودۆخەی کە نووسەر دەقەکەی تێدا نووسیوە، هەروەها بە شارەزابوون لە جیهانی زەینیی نووسەر و چۆنییەتیی بیرکردنەوەی.

٤- بۆ تێگەیشتنی هەر دەقێک بەگشتی، دەبێت پێشتر لە بەشەکانی دەقەکە تێگەیشتبین. چونکە هەر دەقێک لەکۆمەڵێک بەش و یەکەی بچووکتری وەک رستەو وشە پێکدێت.

ڕەنگە یەکە بچووکترەکان لە مەبەستی نووسەر دوورمان بخەنەوە، بەڵام هەڵهێنان و بۆدەرکەوتن ڕێگا بەو دوورکەوتنەوەیە نادەن.

ه- بەشەکان واتایەک بە «گشت»ی دەق دەدەن، دەقیش واتایەکی تر بۆ «بەش»ەکان ڕوون دەکاتەوە، ئەم پەیوەندییە پێی دەگوترێت «سووڕی هێرمەنیوتیک». ئەم سووڕە وادەکات تەفسیرەکان بەردەوام بن، بەڵام ئەو بەردەوامییە بێ کۆتا نییە، چونکە لەهەر تەفسیرێکدا ڕەگەزەکانی «هەڵهێنان و بۆدەرکەوتن» کەمێکی تر لە مەبەستی نووسەر نزیکترمان دەکەنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەردەوامبوونی تەفسیر دەبێتە هۆی ئەوەی لە خاڵێکدا بگەینە واتای کۆتایی، بەڵام مەرج نییە ئەو «واتای کۆتایی»یە «مەبەستی نووسەر» بێت.

## بەشی پێنجەم: هێرمەنیوتیکی دەلتای:

١- بۆ تێگەیشتن لە شتێک، دەبێت لەڕێگەی ڕیشە مێژووییەکەیەوە هەوڵ بدەین. مرۆڤ لەناو مێژوو ناژیت، بەڵکو مرۆڤ دروستکەری مێژووە، دەتوانێت لە میانی پێداچوونەوەی مێژووەوە لە هەموو دیاردە و ڕووداوە مرۆییەکان تێبگات. بۆیە هەموو زانستە مرۆییەکان «ئەو زانستانەی لە دیاردە مرۆییەکان دەکۆڵنەوە نەک دیاردە سروشتییەکان» پێویستییان بە میتۆدی مێژوویی هەیە بۆ «تێگەیشتن».

٢- مەبەستەکانی مرۆڤ لەڕێگەی چالاکییەکانییەوە دەردەکەون، وەک قسەکردن و نووسین و ... تاد. هەر مرۆڤێک دەتوانێت لە قووڵایی مەبەستی بەرانبەرەکەی تێبگات لەڕیگەی بەراورد کردنی چالاکییەکانی بەرانبەرەکەی لەگەڵ چالاکییەکانی خۆی، چونکە بنچینەی هاوبەش لەنێوان مرۆڤەکان زۆرن کە ئەزموونی مرۆڤەکان کۆدەکەنەوە. دەلتای ئەم ئەزموونە هاوبەشانە ناودەنێت «کۆجیتۆی ژیان». هەندێک لەو کۆجیتۆیانە:

أ- پەیوەندی نێوان ناخ و دەرەوە: هەموو ڕەفتار و دەرکەوتنێکی مرۆڤ، ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکە لەناوەوەیدا.

ب- توانست: بوونی کاریگەری و کاریگەربوون، واتا ئێمە دەتوانین کاریگەری لەسەر ئەوانیتر دروست بکەین و بە وانیش کاریگەردەبین.

ت- بەها: کۆجیتۆی خەملاندنی ئێستا یە .

ث- ئامانج: کۆجیتۆی پێشبینیکردنی داهاتووە.

ج- واتا: کۆجیتۆی بیرکردنەوە لە رابردووە.

ح- بەش و گشت: چەمکی «واتا» لەناو ڕیژەدایە لەنێوان بەش و گشتدا.

دەلتای پێی وایە لەڕێی سێ مەرجەوە دەتوانین لە ژیانی ئەوانیتر تێبگەین:

- تێگەیشتن لەو کردارە زەینییەی کە دیاردەکە لەلایەن مرۆڤەوە بەرهەم دێنێت. وەک خۆشەویستی، توورەبوون، ... تاد.

- ناسینی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییەی کە ئەزموونەکە تێیدا جێبەجێکراوە.

- بوونی زانیاری لەبارەی سیستەمی ڕۆشنبیری پشت دیاردەکە.

١- سوڕی هێرمەنیوتیک: دەلتای بەمیتۆدە مێژووییەکەیەوە بۆ ئەو چەمکە دەڕوانێت. ئەو دان بە پەیوەندی نێوان بەش و گشتدا دەنێت، هەروەها پێی وایە واتای هەرشتێک لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ زەمینەی شتەکە ڕوون دەبێتەوە. دەقیش زەمینەو سەردەمی هەیە، ئێمە بەپێی هاوڕێژەیی دووریی دەقەکە لەسەردەمەکەیەوە، تێگەیشتنمان بۆی دەگۆڕێت. بەو هۆیەشەوەیە کە «واتا» جێگیر نییە. کەواتە لای دەلتای سووڕی هێرمەنیوتیک دوو هۆکاری هەیە، «بەش و گشت» لەگەڵ «زەمینە و سەردەم».

٢- واتای کۆتایی «مەبەستی نووسەر»: دەلتای پێی وایە هەموو دەربڕینێک گوزارشت لە واتایەک دەکات، ئێمە لەڕیگەی تێگەیشتنمان لە زەمینەی ئەم دەربڕینە، دەتوانین لە نووسەرەکە تێبگەین.

٣- هاوشێوەیی و گواستنەوە: ئەم دوو ڕەگەزە بەلای دەلتاوە دوو هۆکاری گرنگی تێگەیشتنن. مرۆڤەکان لە زۆر کارامەییدا هاوشێوەن و ئەزموونەکانیان لێکدەچێت، ئەمەش وادەکات هەر تاکێک بتوانێت لە تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەو ژیانی ئەوانیتر تێبگات. چەمکی گواستنەوەش مەبەستی ئەوەیە بتوانین خۆمان بخەینە دۆخی نووسەری دەق لەڕووی کات و سەردەمەوە.

**بەشی شەشەم: هێرمەنیوتیکی فەلسەفی: هایدیگەر:**

هێرمەنیوتیکی فەلسەفی لەوەوە دەستپێدەکات، کە لەجیاتی ئەوەی هێرمۆنتیکا بەدوای ڕیکخستنی یاساو ڕێسای تێگەیشتندا بگەڕێت، ئەمجارە بەدوای تێگەیشتن لە خودی چەمکی «تێگەیشتن» دا گەڕا.

هایدیگەر، بە سوودوەرگرتن لە هۆسرەل، هەروەها بە کاریگەریی کانت و نیچە، هێرمەنیوتیکی هێنایە ناو بواری «بوون». هێرمەنیوتیک لەلای هایدیگەر گۆڕانی تەواوی بەسەردا هاتووە. پێشتر، وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە واتا، سەیری دەکرا. بەڵام هایدیگەر خوی «تێگەیشتن» ی لە ئامانجەوە گۆڕی بۆ دیاردە و بەوردی لێی کۆڵییەوە.

هایدیگەر لە شتە هەبووەکان دەکۆڵێتەوە لە دووتوێی بووندا، مەبەستیشی لە «بوون» ئەو بوونە ڕەهایە کە هەموو هەبوونەکانی تێدایە، نەک ئەو بوونە سنووردارەی نێوان دوو جەمسەر، کە لەژێر کاریگەریی کات و سەردەم و دەرووندایە. لەو ڕوانگەیەوە، پێی وایە دەبێت ڕامان لە «بوون» لە بازنەی جیهانی و گەردوونی بێت نەک لە بازنەی «بوون لەگەڵ» ئەوانی تردا. ئەمەش واتا تێگەیشتن لە شتەکان لەڕێی دەرکەوتنی خۆیانەوە، نەک لەڕێی بینینیان لە گۆشەنیگای شتەکانی ترەوە. بەم بۆچوونە، هایدیگەر کۆتایی بە ڕەهەندی دەروونی هێنا لە بواری تێگەیشتندا.

«تێگەیشتن» بەلای هایدیگەرەوە هێزو دەسەڵاتێکی تایبەتیی مرۆڤ نییە کە بەهۆیەوە لەبارودۆخی دەوروبەر و دیاردەکانی ژیان تێبگات، بەڵکو «تێگەیشتن» ئەوەیە مرۆڤ چەندە دەتوانێت هەست بەدەسەڵاتی خۆی بکات لە دیاردەو ڕووداوەکانی ئەو ژینگەو جیهانەی تێیدا دەژیت. هەروەها «تێگەیشتن» ئامرازێک نییە لەدەرەوەی مرۆڤ، کە مرۆڤ لەکاتی پێویست بەکاری بهێنێت، بەڵکو «تێگەیشتن» پەیکەری بوونی مرۆڤە (٤). بۆیە «تێگەیشتن» لەمرۆڤ جیاناکرێتەوە و لەناو هەموو چالاکییەکی مرۆڤدایە.

«تێگەیشتن» لەپاڵ ئەوەی مەسەلەیەکی ئەنتۆلۆجییە، لەهەمان کاتدا بابەتێکی هێرمەنیوتیکیشە، چونکە تەفسیری دەرکەوتنی مرۆڤە

لەجیهاندا (٥).

زمان، جیهان و تێگەیشتن:

هەر مرۆڤێک، جیهانی خۆی هەیە. ئەو جیهانە، لە «تێگەیشتنی کەڵەکەبوو»ی و «پێشمەرجە مێژووییەکان»ی ژیانی پێکدێت. جیهانی مرۆڤ ئەو گشتەیە کە مرۆڤ لەناویدایە و پێوەی خەریکە. ئەم جیهانە، بۆمرۆڤ، وەک گۆشەنیگاو ڕوانگەی لێدێت. مرۆڤ لەوێوە بۆ هەموو شتێک دەڕوانێت و کارامەیی زەینیشی لەوێوە سەرچاوەدەگرێت. جیهانی مرۆڤ لەدەرەوەی مرۆڤەوە نییە، بەڵکو لەناخی مرۆڤەوەیەو پێش هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ دەکەوێت. هەرتێگەیشتنێکی ئێستایی، ڕیشەکەی بۆ ئەو جیهانە دەگەڕیتەوە، مرۆڤ ناتوانێت تێگەیشتنێکی ئێستایی، بەدوور لەکاریگەریی جیهانە تایبەتییەکەیەوە، بەرهەم بهێنێت.

زمانی مرۆڤ، بەشێکە لەبوونی مرۆڤ و لەگەڵ مرۆڤ گەشەدەکات، ناتوانین زمان لەمرۆڤ جیا بکەینەوە و بە بوونێکی سەربەخۆی دابنێین. زمانی هەر مرۆڤێک بەشێکە لە جیهانە تایبەتییەکەی. واتە زمان ئامرازێکی سەربەخۆ نییە بۆ تێگەیشتن، کە لەدەرەوەی مرۆڤ بوونی هەبێت. بەڵکو زمان ڕەنگدانەوەو نیشانەی بوونی شتەکانە لەناو جیهانی مرۆڤدا. هایدیگەر پێی وایە: واتا «شت»ێک نییە لەدەرەوەی مرۆڤەوە، تا مرۆڤ بیداتە شتەکان و واتاداریان بکات، بەڵکو «واتا» کرۆکی دەرکەوتنی مرۆڤ و شتەکانە لەناو ژینگەدا.

تێگەیشتن لەباوەشی زماندا گەشەدەکات و زمانیش لە جیهانە تایبەتییەکەی مرۆڤ پێدەگات، بۆیە زمان ئامرازی تێگەیشتنی جیهانی گشتی نییە. زمان ماڵی «بوون»ە، نەک ئامرازی بەیەکتربەستنەوەی مرۆڤەکان. بیرکردنەوەی لۆژیکی و گشتی، لە زمانەوە سەرچاوە ناگرێت، بە واتایەکیتر: زمان ڕەنگدانەوەی لۆژیکی گشتی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی واقیعی مرۆڤە.

**پاشخانەکانی تێگەیشتن:**

نیچە (١٨٤٤-١٩٠٠)، پێش هایدیگەر ئەو بابەتەی وروژاندووە. ئەو پێی وایە هەموو تێگەیشتنێک، لەسەر بنەمای پاشخانێکەوە بنیات دەنرێت. نیچە هەموو بیرۆکە ڕەهایەکانی فەلسەفەی

پێش خۆی ڕەتدەکاتەوە، وەک بیرۆکەی «تێگەیشتنی پاڵاوتە» و «گیانی ڕەها» و «زانست لەناو خۆی»ەوە. ئەو پێی وایە «بینین» گۆشەی خۆی هەیەو «زانست» لە گۆشەنیگایەکەوە زانستە. هەموو بڕیارێک، پاشخانێکی هەیە.

هایدیگەر بە کاریگەریی نیچە، پێی وایە هیچ تەفسیرێک نییە پشت بە پاشخانەکانی تێگەیشتنەوە نەبەستێت. سێ ڕەهەند لە تەفسیردا هەن، وادەکەن تەفسیرەکە بە پاشخانەوە ببەسترێتەوە، ئەوانیش: زانیاریی پێشوەختە، گۆشەنیگای پێشوەختە، جیهانبینیی پێشوەختە.

ڕەهەندی مێژوویی مرۆڤ:

«دازاین»، واتە بوونی مرۆڤ وەک ئەوەی هەیە، بەهەموو وردەکاری و فرەڕەهەندییەکانییەوە. ئەو بوونە، ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە. واتە دازاینی مرۆڤ خودی مرۆڤە، ئەویش بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ کەڵەکە بووە. ئەو دازاینە لەڕابردوودا مرۆڤی هێناوە، ئێستاو داهاتووشی دەستنیشاندەکات. دازاین، کلتوورو زمان و هەموو پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەخۆی.

**بەشی حەفتەم: هێرمەنیوتیکی فەلسەفی- گادامێر:**

هانس جۆرج گادامێر، قوتابیی هایدیگەربوو، درێژەی بە هێرمەنیوتیکی فەلسەفیی هایدیگەردا. لە دوو بابەتدا لەگەڵ هایدیگەر هاوبەشە:

یەکەم: ڕوانگەی فەلسەفیی بۆ هێرمەنیوتیک. پێی وایە هێرمەنیوتیک ئامرازێک نییە بۆ لێکدانەوە و گەیشتن بە «واتا». بەڵکو هەوڵێکی فەلسەفییە بۆ خستنەڕووی «تێگەیشتن» وەک بوونێک.

دووەم: ڕوانگەی ناخودی بۆ «تێگەیشتن». پێی وایە هەولەکانی زەینیی مرۆڤ، نابنە پێوەر بۆ واتای دەق. واتە تەفسیر ناتوانێت بگاتە «واتای دەق» یان «مەبەستی نووسەر».

گادامێر، لەوە لە هایدیگەر جیادەبێتەوە، کە هایدیگەر هەوڵی داوە لە «بوون» تێبگات، بەڵام گادامێر هەوڵدەدات لە «تێگەیشتن» تێبگات.

«تێگەیشتن» بەلای گادامێرەوە: تێگەیشتن بریتییە لە ئامادەیی تەواوی دازاین و دەرکەوتنی بەتەواوی لایەنەکانییەوە. بەواتایەکی تر: پانتایی

هەواڵنامەی کتێب

بوونی مرۆڤ فراوانە و دەکرێت «بوون»ەکانی تریش تێیدا دەربکەون، هێرمەنیوتیکی بوونی مرۆڤ ئەوەیە هەموو بوونەکانی تر بتوانن لە بوونی مرۆڤدا دەربکەون. ئەم ڕاستییەی «بوون»، پێش کارەکانی هزری مرۆڤ (ڕامان، بیرکردنەوە، بۆدەرکەوتن، لێکدانەوە) دەکەوێت.

«تێگەیشتن» بەلای گادامێرەوە یاریکردنێکە لەنێوان خاوەنی تێگەیشتن و بابەتی تێگەیشتندا. ئەویارییە ناچارییەو بژاردەی تێدا نییە. ئەگەر خاوەنی تێگەیشن بیەوێت براوە بێت، نابێ لەیارییەکەدا خۆی بەدەستەوەبدات، واتە نابێت هەوڵبدات لە بابەتەکە تێبگات، بەڵکو دەبێت هەوڵبدات لە خودی یارییەکە تێبگات.

تێگەیشتن؛ وتووێژی نێوان خاوەنی دەق و خوێنەری دەقە. خاوەنی دەق لەڕێی دەقەوە پرسیار دەکات و خوێنەر وەڵامیدەداتەوە. ئەم وەڵامە؛ تیگەیشتنە. خوێنەر لە هەر خوێندنەوەیەکدا، قسە لەگەڵ دەق دەکات. هەوڵدەدات قسەکانی دەق ڕوون و ماقووڵ بن. ئەم بڕیارەی خوێنەر لەبارەی ڕوونی و ماقووڵیی قسەکانی دەقەوە، بۆ پێوەری تێگەیشتنی پێشوەختەی خوێنەر دەگەڕێتەوە.

گادامێر پێی وایە لە تێگەیشتندا، ئاسۆی زەینیی نووسەر و خوێنەر تێکەڵ دەبن. بەمەش تێگەیشتن دەبێتە تێکەڵەیەکی نێوان بۆچوونی هەردووکیان. پوختەی بۆچوونی لەبارەی زمان و تێگەیشتنەوە، بەم جۆرەیە:

- تەفسیر و تێگەیشتن، پەیوەستی دۆخ و سەردەمی تێگەیشتنەکەن.
- زمان ئامراز نییە، بەڵکو زمان بەشێکە لەبوونی مرۆڤ.
- زمان شوێنی دەرکەوتنی بوونە، ئەو شتانەی لە زماندا دەردەکەون، ئەوانە خودی بوونن.
- زمان وەک ئاوێنەیە، کە لە بەرانبەریدا دەوەستیت، ئەو نابینیت، بەڵکو لێکدانەوەی خۆت دەبینیت. هەر لەڕێی زمانیشەوە واتاو چەمک و واقیعی «بوون» دەبینین.
- هەموو بیرێک و هەموو شتێک، لەمیانی زمانەوە بوون بەدەست دەهێنن، لەدەرەوەی زماندا هیچ شتێک سیمای لێتێگەیشتنی نامێنێت.

**بەشی هەشتەم: گفتوگۆ لەبارەی هێرمینۆتیکی فەلسەفی:**

ئەم بەشە، گفتوگۆیەکی فەلسەفیی شیکارییە. بەگشتی دووبارەکردنەوەی بابەتەکان و هەندێک سەرنجی نووسەرە. وەک دەروازەیەک بۆ «هێرمەنیوتیکی پۆل ریکۆر» هێناویەتییەوە.

**بەشی نۆیەم: هێرمەنیوتیکی پۆل ریکۆر (١٩١٣-٢٠٠٥):**

«میتۆدی واتای بەرجەستە»:

پۆل ریکۆر، ڕەخنە لە هێرمەنیوتیکی گادامێر دەگرێت چونکە پێی وایە ئەو هێرمەنیوتیکە پێوەرێکی نییە بۆ تەفسیرکردن. بواری کاری هێرمەنیوتیک بەلای ریکۆرەوە؛ بریتییە لە دەق، هێرمەنیوتیکیش تیۆری تێگەیشتنە لەدەق.

کرۆکی کاری ریکۆر لە بواری هێرمەنیوتیکدا، لە دوو مەسەلەدا کۆدەبێتەوە:

یەکەم: خستنەرووی چەند یاسایەکی گشتگیر بۆ تێگەیشتن، بەچەشنێک ئەو یاسایانە هەموو جۆرە دەقێک بگرنەوە، ئەدەبی و زانستی و ئاینی، ئەم یاسایانە وەک میتۆدی تەفسیرکردن مامەڵە بکەن، بۆئەوەی دەق لە فرەڕەنگیی ڕۆمانسی و بیری گومانگارانە، ڕزگاری بێت.

دووەم: ئەو «بوون»ەی لەئەنجامی تێگەیشتنەوە بەرهەم دێت، چۆن ڕەهەندەکانی بوونی دەستنیشان دەکرێت؟ یان ڕەهەندی «بوون»ی ئەو بوونەوەرە چییە، کە تەنیا لەکاتی تێگەیشتندا هەیە؟

بەبۆچوونی ریکۆر، هێرمەنیوتیک دوو ئامانجی هەیە: ئامانجێکی ئەبستمۆلۆجی و ئامانجێکی ئەنتۆلۆجی. یەکەمیان بەدوای ئەو زانیارییەوە دەگەڕێت کە لەدەقدا هەیە. دووەمیان بۆ ناساندنی ئەو «بوون»ە دەگەڕێت کە تێگەیشتن دروستی دەکات.

**فەلسەفەی ڕامان:**

چالاکییەکانی مرۆڤ (قسەکردن، نووسین، هونەر، ... تاد) لەڕاستیدا خەریکبوونی مرۆڤە بە بەرهەمهێنان و بنیاتنانی بوونێکی «دازاین» (بەپێی ناونانی هایدیگەر) تایبەت بەخۆی. کاتێک لە کردارەکانی مرۆڤەکان ڕادەمێنین بۆئەوەی لێیان تێبگەین، لەڕاستیدا ئەو ڕامانە، بەکارهێنانی کەرستە کۆن و نوێکانی تێگەیشتنە،

واتــە پشــت بــە تێگەیشــتنە کۆنەکانمـان دەبەسـتین بـۆ تێگەیشـتن لـە شـتێکی نـوێ، ئـەو تێگەیشـتنە نوێیـەش دەخرێتـە سـەر ئەمبـاری مێژوویـی تێگەیشـتنەکانمان و دەبێتە کەرستەیەکی کـۆن بـۆ تێگەیشـتنێکی نوێتـر. بـەو پێیـە، ئێمـە لەکاتـی خوێندنـەوە و رامانـدا، لـە کـۆی مێـژووی تێگەیشتنمان «دارایـن» تێدەگەینـەوە، واتــە ئێمـە لەخۆمـان تێدەگەیـن و زانیارییـەک دەخەینـە سـەر «بـوون» مـان. بۆیـە ریکـۆر پێـی وایـە: هەوڵدانـی تێگەیشـتن لــە بەرهەمــی ئەوانیتــر، لەراســتیدا هەولدانـی تێگەیشـتنە لەخۆمـان لەرێگـەی بەرهەمـی ئەوانیتـرەوە. ریکـۆر، ئـەم چەمکی رامانـە بـە «فەلسـەفەی رامـان» ناودەنێـت.

## زانستی زمان و بنیاتگەری لای ریکۆر:

لێکۆلینــەوە لــە دیــاردە مرۆییــەکان، زانســتێکە، وەک لێکۆڵینــەوە لەدیــاردە سروشـتییەکان وایـە. زمـان باڵاتریـن دیـاردەی مرۆییـە کـە بنیاتگـەراکان لێـی دەکۆڵنـەوە. ئـەوان پێیان وایـە، دانەکانی زمـان، لەخـودی خۆیانـدا بوونیـان نییـە، لەنـاو بنیاتێکـی گەورەتـردا، واتـا پەیـدا دەکـەن. بوونـی سیسـتماتیکیان، لەنـاو زمـان و لەپەیوەندییـان دایـە لەگـەڵ دانەکانـی تـر. دەنگـەکان و چەمکـەکان لـەدەرەوەی زمانـدا واتـا و بوونـی ئەنتۆلۆجییـان نییـە. بەبۆچوونـی بنیاتگـەراکان، زمـان سیسـتەمێکی داخـراوە لەدەنـگ و واتـا، تایبـەت نییـە بـە بەکارهێنانێکـی دیاریکـراو. ئـەم بۆچوونـە، زمـان لـە ئاخاوتنـی رۆژانـە دادەبرێـت، چونکـە ئاخاوتنـی رۆژانـە شـێوەیەکی تایبـەت و دۆخێکـی دیـاری بەکارهێنانـی زمانـە لەلایـەن کەسـێکی دیاریکـراو لـە شـوێنکاتێکی دیاریکـراودا.

ریکـۆر رەخنـە لـەم بۆچوونـە داماڵـراوە دەگرێـت، پێـی وایـە زمـان بۆئەوەیـە پەیوەنـدی لـە نێـوان مرۆڤەکانـدا دروسـتبێت و سـۆزو بۆچـوون ئاڵوگـۆڕ بکرێـت. لـەم بـوارەدا، ریکـۆر لەبازنـەی بنیاتگەریدا روانینـی فینۆمینۆلۆجییانـەی بـۆ دیـاردەی زمانـی ئاخاوتـن بەکارهێنـاوە. هـەر زووش زانسـتی نیشـانەکان «سـیمیۆلۆجیا» و زانسـتی واتاسـازی «سـیمیۆتیک (٦)» ی لەیەکتر جیاکـردەوە. چونکـە بەبۆچوونـی ئـەو، سـیمیۆلۆجیا مامەڵـە لەگـەڵ نیشـانەکان دەکات لەدۆخێکـی ئەبسـتراکتیدا، بـەڵام

سیمانتیک مامەڵە لەگەڵ واتای دۆخی بەکارهێنانی ڕۆژانەی زمان دەکات.

هەموو ئاخاوتنێکی ڕۆژانە، هەڵگری گوتار «دیسکۆرس»ێکە. ڕستەکان بچووکترین دانەی گوتارن. زمان ئامرازێکی سنووردارە، بەڵام گوتار؛ سوودوەرگرتنی بێکۆتایە لەو ئامرازە سنووردارە. گوتار هەڵگری هەموو سیما و تایبەتمەنییەکانی قسەکەرو سەردەمەکەیەتی، پەیامی قسەکەر بۆ گوێگرەکان دەگوازێتەوە. هەموو گوتارێک سێ ڕەگەزی هەیە: خاوەنی گوتار و جیهانی گوتار و گوتارئاراستەکراو.

**«دەق» لای ڕیکۆر:**

دەق دیسکۆرسێکی نوسراوە. واتا گوتارێکی ڕێکە و لەجیاتی ئەوەی بگوترێت، نوسراوە. دەق ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

١- دەق ڕەنگدانەوەی گوتارێکی پێشوەختەیە، وەک گوتارەکە، واتایەکی دیاریکراوی هەیە.

٢- گوتار بەپێی جۆرە ئەدەبییەکەی، دەبێتە بەرهەمی ئەدەبی.

٣- دەق بواری تێگەیشتن بە هەموو خوێنەرێک دەدات، چونکە دەق لە نووسەر و سەردەمی نووسینی خۆی دووردەکەوێتەوە و لەگەڵ خوێنەر دەڕوات. دەق هەمیشە واتایەکی بەرجەستەی هەیە کە بۆخوێنەر دەردەکەوێت. ئەم واتایە «مەبەستی نووسەر» نییە، بەڵکو پێویستییەکی خوێنەرە و لەگەڵ خوێندنەوەی دەقەکە لای خوێنەر دەردەکەوێت.

**جیاوازیی نێوان ئاخاوتن و نووسین:**

ئاخاوتن هەڵگری واتای تەواوی ڕاستەوخۆ و بەرجەستەیە، چونکە قسەکەر و گوێگر لەهەمان شوێنکاتدان. هەروەها هەموو قسەکان بە ڕاستێتی «مصداق» پشت ئەستوورن. بەڵام نووسین، لەگەڵ مەبەستی نووسەر دەقاودەق نین، چونکە دۆخێکی هاوبەش لەنێوان نووسەر و خوێنەردا نییە وەک ئەوەی لەنێوان قسەکەرو گوێگردا هەیە. بەم هۆیەوە دەق لە نووسەر دووردەکەوێتەوە و لەخوێنەر نزیکدەکەوێتەوە. ڕاستێتیی «مصداق» دەربڕینەکان لەناو دەقدا، هەر وەک ئەوەن کە لە قسەکردندا هەن، بەڵام لە دەقدا لەهزری نووسەر دوورن. لە قسەی ئاساییدا، ڕاستێتی

بەسەر دەربڕینەکاندا زاڵە، بۆیە تێگەیشتن خێرا ڕوودەدات، بەڵام لە نووسیندا، دەربڕینەکان بەسەر ڕاستێتیدا زاڵن، بۆیە پێویستە خوێنەر بەدوای ڕاستێتیدا بگەڕێت.

پۆل ڕیکۆر، بە کاریگەربوونی بە فەیلەسووفی شیکاریی ئەڵمانی (گۆتلۆب فریگە)، دەڵێت: وشەکانی زمان گوزارشت لە «واتا» دەکەن، بەڵام بوونی شتێک لە جیهانی واقیعدا ناگەیەنن. بۆیە لە زماندا، باسکراو بوونی نییە. تەنیا وشەو واتا بوونیان هەیە. بەڵام لە دیسکۆرسدا، خاوەنی گوتار دەیەوێت لەڕێی واتاکانەوە باسی جیهانێکی واقعی بکات. بۆیە لە دیسکۆرسدا «باسکراو» بوونی هەیە. لە قسەی ئاساییدا، بەهۆی بوونی شوێنکاتی هاوبەشەوە، باسکراو لەگەل واتا یەکیان گرتووە. بەڵام دەق، باسکراوێکی هەیە، هەوڵدەدات زەینی خوێنەر بۆلای ئەو باسکراوە ببات.

**پوختەی بۆچوونی ڕیکۆر لەبارەی دەقەوە:**

١- کاتێک گوێگر دیسکۆرسی ئاخاوتنی قسەکەرێک دەکاتە دەق، ئەوا واتای دیسکۆرسەکە دەکاتە دەق نەک خودی ئاخاوتنەکە.

٢- لە دیسکۆرسی ئاخاوتندا، ڕێککەوتنێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان زەینی قسەکەرو قسەکانیدا هەیە، بۆیە واتای دیسکۆرسەکە لەگەڵ مەبەستی قسەکەر یەکدەگرنەوە.

٣- لە دیسکۆرسی نووسیندا، واتاگەلێک پەیدادەبن، دۆخ و سەردەمیان جیاوازە لەگەڵ دۆخ و سەردەمی نووسینەکە. چونکە دەق لە نووسەرەکەی دوورکەوتووەتەوە. ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەی دەقدا هەستی پێدەکەین، ئەوە واتای جیهانی دەقەکەیە، نەک واتای جیهانی ئەو شوێنکاتەی دەقەکەی لێ نوسراوە. ئەمەش چونکە دیسکۆرس دیاردەیێکی تایبەتیی زمانە، تایبەتە بەکەسێک و شوێنکاتێکی دیاریکراو، کە لێرەدا کات و شوێنی خوێنەر و خوێندنەوەکەیە.

**تێگەیشتن لە دەق:**

هێرمەنیوتیکی ڕۆمانسی، تێگەیشتنی دەقی بەژیانی نووسەرەوە دەبەستەوە. بەڵام پۆل ڕیکۆر پێی وایە دەق بەهیچ جۆرێک ڕەنگدانەوەی ژیانی نووسەر نییە. چونکە مەودای دوورکەوتنەوە لەنێوان نووسەر و دەقدا هەیە. ئەو

دوورکەوتنەوەیە، بە سێ شێواز جێبەجێ دەبێت:

١- دوورکەوتنەوەی دەق لە مەبەستی نووسەر.

٢- دوورکەوتنەوەی دەق لە خوێنەرانی هاوزەمانی دەق.

٣- دوورکەوتنەوەی دەق لەو دۆخ و ژینگەیەی دەقەکەی تێدا نوسراوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی هۆی ئەو دوورکەوتنەوەیەش، ریکۆر پێی وایە کە:

١- زۆربەی وشەکانی دەق وەک ڕەمز بەکارهاتوون و هەڵگری واتای بارکراون.

٢- دیاردەی «بەهەڵەداچوونی بەمەبەست» لەلای نووسەرەوە، دەبێتە هۆی جیاوازیی نێوان واتای دەق و ئامانجی نووسەر.

پۆل ریکۆر، لێرەدا مەبەستی ئەوە نییە کە ئیتر نووسەر هیچ ڕۆڵێکی لەناو دەقەکەیدا نەماوە، بەڵکو ئەو پێی وایە نووسەر بە شێوازی نووسینی خۆی و شێوازە تایبەتییەکەی لەناو دەقەکەدا، ئامادەیە. ئەو ئامادەبوونەش ڕۆڵی زۆرە لە گەیشتن بە «واتای دەق»، بەڵام هەرگیز ئەو واتایە «مەبەستی نووسەر» نییە. چونکە بەهۆی بەکارهێنانی ڕەمزەوە زمان ناتوانێت لەناو دەقدا مەبەستی نووسەر وەک خۆی بخاتەڕوو.

**ڕەهەندەکانی دەق و قۆناغەکانی تەفسیر:**

دەق وەک ئەوەی لە نووسەرەکەی دووردەکەوێتەوە، بەهەمان شێوەیش لە خوێنەرەکەی دوورە. هەرچەندە پاشخانی زانیاریی خوێنەر کاریگەریی بەسەر تێگەیشتنی دەقەوە هەیە. بەڵام دەق جیهانی تایبەتیی خۆی هەیە، نە ئەوە دەڵێ کە نووسەر ویستوویەتی، نە ئەوەش دەداتەدەست، کە خوێنەر بۆی دەچێت.

**دیسکۆرس سێ ڕەهەندی هەیە:**

ڕەهەندی یەکەمی واتای دەق، «کردارەکانی خستنەڕوو»ە، کە بە بنیاتی زمانەوە بەستراونەتەوە. ریکۆر ئەم ڕەهەندەی ناوناوە «مەبەست» و یەکەم قۆناغی تەفسیریشی ناوناوە «خستنەڕوو». لەم قۆناغەدا دەق شیدەکرێتەوە بۆ پێکهێنە بچووکەکانی، هەروەها واتای وشەکانی و پەیوەندیی بەشەکان لەگەڵ یەکتری ڕووندەکرێنەوە. واتە ئەرکی بەشەکان لە «گشت» ی

هەواڵنامەی کتێب

دەقەکـەدا ڕوون دەکرێتــەوە.

ڕەهەنـدی دووەمــی واتــای دەق، «واتا»یـە، ئـەم قۆناغـەی تەفسـیریش؛ «تێگەیشـتن»ە. لـەم قۆناغـەدا خوێنـەر هەوڵدەدات بگاتە «مەبەستی نووسـەر». مەبەسـتی ڕیکـۆر لـە «نووسـەر» ئـەو کەسـە نییـە کـە دەقەکـەی نووسـیوە، چونکە لەوانەیە دەقەکە زۆر کۆن بێت و خاوەنـی دیارنەبێت، بەڵکـو مەبەسـتی جیهانـی گشـتیی دەقەکـەو ئـەو واتایەیـە کـە لەوانەیـە ئامانجـی دەقەکەبێـت. لەگـەڵ تێبینـی ئـەوەش کـە مـەرج نییـە نووسـەری یەکـەم یـان خاوەنـی دەق ئامانجـی ئـەو واتایـە بووبێـت.

ڕەهەنـدی سـێیەمی واتـای دەق پێیدەگوترێـت «گرنگێتـی»، ئـەم قۆناغـەی تەفسـیریش بـە «هاودەمـی» یـان «پسـپۆری» ناودەنرێت. خوێنـەری تایبەتـی لـەم قۆناغـەدا بـە «باسـکراو»ی دەقەکە دەگات. بەپێـی ناونانی هایدیگەر «ئـەو جیهانەیـە کـە بـەڕووی خوێنـەری تایبەتییـەوە دەکرێتـەوە و تواناکانـی لێکدانـەوەی زیـاد دەکات». بەوپێیـە، ڕەهەنـدی مەبەسـت و گرنگێتـی و واتـا لـە خوێندنـەوەی دەقـدا هـەن، خوێندنـەوەش بەقۆناغەکانـی خسـتنەڕوو، تێگەیشـتن و هاودەمــی دا تێدەپەڕێــت.

**بەشـی دەیـەم: هێرمەنیوتیکـی واتـای مەبەسـت:**

مەسـەلەی ڕێژەیـی و ڕەهایـی لـە هەمـوو بوارێکدا هەیە و جەدەلێکی لەبن نەهاتـووە. بـەڵام هـەردوو بۆچوونەکـە بەڵگـەو پاڵپشـتی خۆیـان هەیـە. بۆنموونـە بابەتێکی وەک «جوانـی» کە گشـتڕاییەک لەسـەر ڕێژەیـی بوونـی هەیە، لەگـەڵ ئـەوەش جوانـی لـە دیاردەیەکـی دیاریکـراودا بنچینەیەکـی نەگـۆڕی هەیـە کـە وا لـە هەمـووان دەکات پێیـان جـوان بێـت.

لـە مەسـەلەی «واتـا» دا، هەمـان دیالێکتیـک هەیـە. لـە بەشـەکانی پێشـوودا، واتـای ڕێژەیـی لـە بابەتەکانـی هێرمەنیوتیکـی فەلسـەفی خرایـەڕوو. لـەم بەشـەدا باسـی «واتـای مەبەسـت» یـان واتـای بنچینەیـی و نەگـۆڕ، قسـەی لەسـەر دەکرێـت.

**ئیمیلۆ بیتتی ١٨٩٠ – ١٩٨٦:**

ماهیەتـی «تێگەیشـتن»: ئیمیلیـۆ بیتتـی، چـوار سـات بـۆ دۆزینـەوەی مەبەسـتی نووسـەر دیـاردەکات، بـەم

جـۆرە:

١- سـاتی فیلۆلۆجـی: گرنگیـدان بـە زمانـی دەقەکـە لـە دوو ئاسـتدا:

أ- واتـای گشـتی و پێکهاتـەو بنیـادی زمانـی و ڕێزمانیـی دەقەکـە.

ب- دۆزینـەوەی واتـای مەبەسـتی نووسـەر بـە وردبوونـەوە لـە لایەنـی دەروونـی نـاو دەقەکـە.

٢- سـاتی ڕەخنەیـی: ئـەو کاتـە بەکاردێـت کـە دژیەکـی لـە واتـای نـاو دەقەکـەدا دروسـتببێت.

٣- سـاتی دەروونـی: خوێنـەر خـۆی دەخاتـە شـوێنی نووسـەر و هەوڵـدەدات زەینـی نووسـەر بخوێنێتـەوە.

٤- سـاتی تەکنیکـی: تێگەیشـتن لـە یاسـاکانی دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان.

هەروەهـا، چـوار یاسـا بـۆ تێگەیشـتن دەستنیشـان دەکات کـە ئەمانـەن:

١- بنچینەی سەربەخۆیی دەق.

٢- بنچینەی گونجانی واتا.

٣- بنچینەی کردارەکی تێگەیشتن.

٤- گونجانی واتا لەگەڵ تێگەیشتندا.

ئیریـک دۆناڵـد هێـرش: زانایەکـی ئەمریکییـە سـاڵی ١٩٢٨ لەدایکبـووە. جەخـت لەسـەر بوونـی واتـای مەبەسـت دەکاتـەوە بـۆ هـەر دەقێـک.

**ڕەهەندەکانی هێرمەنیوتیکی هێرش:**

١- گرنگیـی ڕۆڵـی نووسـەر: ناکرێـت دەقێـک هیـچ مەبەسـتێکی تێـدا نەبێـت. کـە مەبەسـتیش هەبـوو، ئـەوا مەبەسـتی نووسـەریش دەبێـت.

٢- جیاکردنـەوەی «واتـای واژەیـی» و«واتـای بارکـراو».

٣- بنچینـەی واتـا: دەبێـت ئـەو واتایـە، یـان ئـەو بابەتـە بنچینەییـە بدۆزینـەوە کـە دەقەکـە لەبـواری ئـەودا نوسـراوە. بەمـەش تەفسـیرەکانمان لـە بنچینەکـە دوورناکەونـەوە.

لێـک جیاکردنـەوەی بەشـەکانی مامەڵەکـردن لەگـەڵ دەق لای هێـرش: هێـرش پێـی وایـە کـە چوار بەشـی جیاواز لـە هێرمەنیوتیکـدا هەیـە و هەریەکەیـان چەشـنێک مامەڵـە لەگـەڵ دەقـدا دەکات و دەبێـت لەیەکتـری جیـا بکرێنـەوە:

١- تێگەیشـتن: زانینـی واتـای فەرهەنگیـی دەقەکـە.

٢- تەفسـیر: زانینـی واتـای بارکـراوی دەقەکـە.

٣- ڕەخنـە: پێوانـی دەق بـە پێوانەکانی هەڵسـەنگاندن لە بـواری دەقەکە.

٤- بـەراورد: ڕوونکردنـەوەی پەیوەندیـی دەقەکـە بـە پێـوەرە دەرەکییەکانـی واتـا

لەدەرەوەی دەقەکە.

بەشی یانزدەیەم تا بەشی چواردەم: باسی بابەتی تەئویلە لە هزری ئیسلامیدا. کە هاوواتای هێرمیونەتیکی ڕۆژئاواییە. خوێندنەوەی ئەم بەشانە پێویستیی بە ئەڵقەیەکی تایبەت هەیە.

**پەراوێزەکان:**

(١) صفدر الهی راد، آشنایی با هرمنوتیک، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، طهران، ١٣٩٥

(٢) الهيرمينيوطيقا، منشا المصطلح ومعناه واستعمالاته في الحضارات الانسانية المختلفة، صفدر الهي راد، ترجمة: حسنين الجمال، بيروت، ٢٠١٩

(٣) ئەمیلیۆ بیتتی، یاساناسە.

(٤) هایدیگەر پێی وایە: ئێستای هەرمرۆڤێک، ئەنجامی تێگەیشتنی ئەو مرۆڤەیە. بۆنموونە مرۆڤێکی تەمەن (٥٠) ساڵان لەمرۆدا کێیەو چییە و بەچی گەیشتووە و چۆن ژیان دەگوزەرێنێت و چی دەڵێت و چۆن ڕەفتار دەکات و چۆن پەرچەکرداردەکات و ...تاد، هەموو ئەمانە ئەنجامی تێگەیشتنی مرۆڤەکەن لەبارەی بوون و ژیان و خۆی و تواناکانی. واتا: خۆی، خۆی بە ئەمرۆ گەیاندووە. (توێژەر)

(٥) لێرەدا دەبێ ورد تەماشای ئەو چەمکە بکەین. دەرکەوتنی مرۆڤ لەڕوانگەی «بوون لەگەڵ» بواری توێژینەوەی هایدیگەر نیە. بەلکو دەرکەوتنی مرۆڤ لەڕوانگەی (بوون لەناو) جێی بایەخی هایدیگەرە. چونکە لەیەکەمیاندا مرۆڤ لەژێر کاریگەری ئەوانیترە و چۆنییەتیی دەرکەوتنەکەی دەبێتە تەفسیری چۆنییەتیی تێگەیشتنەکەی، ئەمەش بواری هێرمینۆتیکی نوێیە. بەڵام ڕوانگەی دووەم (هێرمینۆتیکی فەلسەفی هایدیگەر)، مرۆڤ لەژێر کاریگەریی «تێگەیشتن»ی خۆیەتی، بۆیە تێگەیشتنەکەی دەبێتە تەفسیری کردەوەکانی. ڕوونتر: ئەگەر لە ڕەفتارێکی کەسێک وردبینەوە، ئەوا لێکدانەوەی هێرمینۆتیکی هایدیگەر ئەوەیە (ئەو کەسە وا تێدەگات، بۆیە بەم چەشنە ڕەفتار دەکات) بەڵام وەڵامی هێرمینۆتیکی نوێ ئەوەیە (ئەو کەسە بەو چەشنە ڕەفتار دەکات، بۆیە «لەوانەیە» وا تێبگات). (توێژەر)

(٦) ڕاست ئەوەیە وشەی «سیمانتیک» بۆ زانستی واتا بەکاربێت. (توێژەر)

Kurd Writer's Union

General Center

یەکێتیی نووسەرانی کورد

مەڵبەندی گشتی

ژمارە: 26

ڕێکەوت: 30 / 9 /2025

**بەڕێــــز وەزیــــــری ڕۆشنبیری و لاوان**

**بابەت : ژمارەی سپاردنی نێودەوڵەتی ISBN**

ڕێز و سلاو..

نووســەر و ڕۆشــنفکرانی کورد لە باشــووری کوردســتان وەک نووســەر و ڕۆشــنبیری هەمــوو وڵاتــان پێویســتە بەرهەم و نووســین و کتێبەکانیان بە دونیــا بناســێندرێت، ئــێمەی کــوردیش چــونکە دەوڵەتمــان نــیە ومیللەتــێکی بەشــمەینەتین، بــۆیە لەم ڕووەشــەوە لە بەراوێــزی ڕۆشــنفکر و نووســەرانی دونیــاین، بەڵام دەکرێــت لە ڕێگــای حکــومەتی هەرێــمی کوردســتانەوە بەتــایبەتی وەزارەتی ڕۆشــنبیری و لاوان دەرگــایەک لە ئــێمە بکــرێتەوە ، لە ڕێگــای ناســاندنی بەرهەمی نووســەران بە دونیــای پێشــکەوتندا و بەتــایبەتی لە ڕێگــای کەناڵەکــانی ئینتــەرنێت، کە بــریتیە لە وەرگــرتنی ژمــارەی ســپاردنی نێــودەوڵەتی (ISBN ) لەڕێی ئەم دامەزراوەوە کتێبەکانمــان دەخــرێنە ســەر لاپەڕەکــانی ئینتــەرنێت و هەموو کەسێک دەتوانێت بە ئاسانی بیاندۆزێتەوەو سوودیان لێ ببینێت.

لە هەمــان کاتــدا بە خستنەســەر لاپەڕەکــانی ئینتەرنێت،ئەوەنــدەی دیــکە زمــان و زاراوە کوردییەکــان خێراتــر لە فەرهەنــگ و مینبــەر و ســەکۆی ســەردەمی زیــرەکی دەســتکرد و بە تــایبەتی سیســتمی چــات جی پی تی ChatGPT دەبنە سەرچاوەی گەشەسەندن و زۆرترکردنی وشەکانی زمانی کوردی و داتاکان.

بــۆیە ئــێمە لە جیــاتی نووســەر و ڕۆشــنبیران داواتــان لێدەکەین هەوڵ بــدەن ڕەزامەنــدی بفەرمــوون بە وەرگــرتنی ژمــارەی ســپاردنی نێــودەوڵەتی ( ISBN) بــۆ نووســەران و ڕۆشــنبیرانی کــورد لە باشــووری کوردســتان، بــەم هــەنگاوە وردە وردە لــە تــەکنۆلۆژیای ســەردەم نزیــک دەبینەوە،دواخستنیشی زۆرتر لەو سیستمە جیهانییە دوادەکەوین.

لەگەڵ ڕێزدا..

**د. هیمداد حوسێن**

سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

ناونیشان: هەولێر - جووت سایدی فولکەی زراعە.